رۆژنامە ٧
www.rozhnama.com
رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات
No.492 Wed 17/ 6/ 2009 نرخ 500 دینار چوارشەممە 17/ 6/ 2009 ژمارە 492

ئاگاداریەک لەکۆمپانیای بەرێزەوە بۆ سەرجەم شارەزایانی بواری بیناسازی

کۆمپانیای بەرێز بانگێشتی هەموو ئەو کەسانە دەکات کەستافی کارکردنیان هەیە لەبواری دانانی ئاوو ئاوەرۆو کارەباو کاشی و لەبغ و گەچکاری دەتوانن سەردانی کۆمپانیا بکەن بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بۆ خانووەکانی (گرین سیتی، بروا سیتی، چەرموو سیتی)
دووا بەروار بۆ وەرگرتنی تەندەر (٢٠/٦/٢٠٠٩) یە.
ناونیشانی وەرگرتنی تەندەر :
ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیای بەرێز/ سلێمانی.
کەمپی پرۆژەی چەرموو ستی/ چەمچەماڵ.
کەمپی پرۆژەی گۆران ستی/ هەڵەبجە.

# پەرلەمان بودجەی بۆ پارتیو یەکێتی تێپەڕاند

پەرلەمانتار، ئاریز عەبدوڵڵا:

## ویستمان رێگە لەو گەندەڵیانە بگرین، بەڵام رێگەی بۆ خۆشکراو دەنگی ئێمە نەیخوارد

پەرلەمانتار، ئەنوەر محەمەد:

## دوو حیزبەکە بودجەیان دابەشکردووە، ئینجا دراوەتە پەرلەمان

پەرلەمانتار، تاڤگە محەمەد:

## هیچ ساڵێک نەمانزانیوە بودجە چۆن سەرفدەکرێت

پەرلەمانتار، محەمەد رەفعەت:

## هەڵوێستی (٢٠) پەرلەمانتارەکە، گۆڕانێکی نەوعییە

پەرلەمانتار، گوڵڵەی گەرمیان:

## دەیان گوندی گەرمیان هیچ خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆیان بۆ نەکراوەو بستێک قیرتاو نەچووەتە ئەو ناوچانە

بایز تاڵەبانی، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی:

# گەرمیان چ کێشەیەکی هەیە وا گەورەتان کردووە؟

ل٢و٣

www.netewe.com

# ی رابردوو بودجە پەسەندکرا



**ئەمساڵیش پەرلەمانی (ماوە بەسەرچوو) خۆی دزییەوە لەکۆمەڵێک مەسەلەی وەکو، یەکنەخستنەوەی وەزارەتەکانی دارایی، ناشەفافی بودجە، بودجەی یەکێتیو پارتیو حیزبەکانی دیکە**

کێشەیەکی هەیە؟ ئەو قسانە وەزیری رووبەڕووی رەخنەی پەرلەمانتاران کردەوە».

گوڵناز عەزیز، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، کە ناسراوە بەگوڵاڵەی گەرمیان بە سایتی سبەی راگەیاند: ویستمان نارەزایی دەربڕین سەبارەت بەو وتانەی وەزیری دارایی، بەڵام رێگایان نەداین قسە بکەین، ئەگەر رێگەیان بدایە بە بەڵگەوە قسەم دەکرد، دەیان گوند هەیە دەکەوێتە گەرمیانو تاوەکو ئێستا هیچ خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆیان بۆ نەکراوەو بستێک قیر نەچووەتە ئەو ناوچانە.

## نەبوونی شەفافییەت

پەرلەمانتار تاڤگە محەمەد لەسەر لیستی یەکگرتوو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، هیچ شەفافیەتێک لە سەرفکردنی بودجەی هەرێمی کوردستاندا نییە، هەموو ساڵێک بودجە هاتووەتە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام نەمانزانیوە ئەو بودجەیە چۆن خەرجدەکرێت، تاڤگە کە یەکێک بوو لەو پەرلەمانتارانەی کە دەنگی بۆ بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ نەدا، وتی: «نازانم ئەم بودجەیە چۆن سەرفدەکرێت ئیتر چۆن دەنگی پێبدەم».

سەبارەت بەوەی ئایا ئەو بودجەیە بۆچی بەوشێوەیە پەسەندکرا؟ عەبدولڕەحمان ئەحمەد، پەرلەمانتار، وتی: «لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەندام پەرلەمانەکان پارتیو یەکێتین ئەو پارەیەش بۆ هەردوو حیزب خەرج دەکرێت، بۆیە ئەوانیش یەکسەر دەنگی پێدەدەنو هیچ لارییەکیان نییە لەسەرفکردنی ئەو بودجەیە».

پەرلەمانتار ئارێز عەبدوڵڵا، لەسەر فراکسیۆنی سەوز، دەنگی بۆ پەسەندکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ نەداو وتی: «کۆمەڵێک سەرنجو تێبینی جدیمان هەبوو لەسەر سەرفکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو وەڵامانەی لەلایەن وەزارەتی داراییەوە درایەوە بەپێی پێویست نەبوون، بۆیە نەمانتوانی گۆڕانێک بکەین بۆ داهاتووی خەرجیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان»

ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی سەوز ئاماژە بەوە دەکات، خەرجییەکی زۆر لابەلا دەکرێت لەوەزارەتەکاندا، کە ئەمانەش هەمووی لەسەر حسابی میللەت دەکرێتو کەسیش نییە لێپێچینەوە بکات لەگەڵیاندا، ئێمە دەمانویست رێگرییەک بکەین لەو گەندەڵیانە، بەڵام بەداخەوە رێگەی بۆ خۆشکراو دەنگی ئێمە نەیخوارد.

## مادەکانی پڕۆژەیاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠٩

پڕۆژەیاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستان لە (٢٦) مادە پێکهاتووەو پێرێ (١٣) مادەی پەسەندکراو دوێنێش (١٣) مادەکەی دیکە پەسەندکرا، کە بەمشێوەیە بوو:

مادەی (١٤) کە تیایدا هاتووە: «داهاتی وەزارەتی تەندروستی وەکو خۆی خەرجدەکرێت» بەکۆی دەنگ مادەکە پەسەندکرا.

لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر مادەی (١٤) محەمەد فەرەج، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان، سەبارەت بەدابینکردنی دەرمان داوای لە پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو) کرد، لە دادگای فیدراڵی سکاڵا لە دژی حکومەتی عێراق تۆمار بکات، وتی: «ماوەی سێ ساڵە لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر بودجە لە پەرلەمانی کوردستان باس لە نەناردنی دەرمان دەکرێت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بۆیە من پێشنیازدەکەم پەرلەمانی کوردستان لە دادگای فیدراڵی سکاڵا لە دژی حکومەتی عێراق تۆمار بکات».

مادەی (١٥) «گۆژمە پارەی پیتاکەکانی کە دراون بە وەزارەتەکانو لایەنەکانی کە بەوەزارەتەوە نەلکاون، دوای قبوڵکردنیان لەلایەن وەزیری داراییەوە وەکو داهاتێکی کۆتایی بۆ بودجەی گشتی تۆمار دەکرێن، بەمەرجێک وەزیری دارایی لە پشتیوانی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت تەرخانیان بکات، بۆ خەرجکردنیان، بۆ ئەو مەبەستانەی کە لەپێناویدا بەخشراون، ئەو مادەیە بەکۆی دەنگ پەسەند کرا.

مادەی (١٦) کە تایبەتبوو بە دامەزراندن بەشێوەی (گرێبەست) بە رەزامەندی وەزیری دارایی، وەکو خۆی بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

مادەی (١٧) باسی پاداشتی فەرمانبەران دەکات، بەشێوەیەک ساڵانە لە (٣) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

دوای لیژنەی دارایی پێشنیازی کەمکردنەوەی بڕی پاداشتەکەی بۆ (١) ملیۆن دینار کرد، خرایە دەنگدانەوەو بە (٣٦) دەنگ دژی مادەکە، ئەو مادەیە وەکو خۆی مایەوە.

بە بۆچوونی لیژنەی دارایی پەرلەمان لە کوردستاندا فەرمانبەران لەسەر بنەمای نزیکی لە بەرپرسانەوە پاداشت دەکرێن، نەک لەسەر ئەدای.

دلێر ئیسماعیل، سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، لەوبارەیەوە رایگەیاند: «بەداخەوە لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاداشتو لێپێچینەوە ونبووە، ئەو فەرمانبەرانەی کاری باش دەکەن، پاداشت ناکرێتو ئەوانەی کەمتەرخەمن، وەکو پێویست لێپێچینەوەیان لەگەڵ ناکرێت، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، ئەو فەرمانبەرانەی پاداشت دەکرێن، کۆمەڵە کەسانێکن کە لە بازنەیەکی نزیک بەرپرسەکانن، خەڵکە زەحمەتکێشو ماندووەکە کەمجار پاداشت دەکرێن، بۆیە دەمانەوێت ئەرکی سەرشانی حکومەت کەمبکرێتەوە».

مادەی (١٨) (سەرۆکی فەرمانگەی یەکەی خەرجکردن لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت بەپێی بنچینە یاساییەکانو رێنماییە جێبەجێکراوەکانی، لەوانەی دوادەکەون لە پێشکەشکردنی ژمێرەی کۆتایی بۆ ساڵی ٢٠٠٩ بۆ فەرمانگەکەیان دوای جێبەجێکردنی یاساکە). ئەو مادەیە بەکۆی دەنگ پەسەند کرا.

مادەی (١٩) (لێبووردنی ئەو کۆمپانیایانەی گرێبەستیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمو دەزگاکانیدا مۆرکردووە لەسەر ئەو بەرنامە وەبەرهێنانەی لە هەموو باجو رەسمێک کە دەکەوێتەسەری لە هەرێمدا لە ئەنجامی کارە ناوبراوەکانی لەچوارچێوەی گرێبەستەکەدا)، ئەو مادەیەش وەکو خۆی مایەوە.

مادەی (٢٠) بۆ پڕۆژەیاساکە زیادی کرد، کە بریتیبوو لە ( وەزارەتی دارایی پێشینەی خانووبەرە دابیندەکات بەپێی رێنماییەکان)، ئەو مادەیە بۆ پڕۆژەیاساکە زیاد کرا.

هەرچەند ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد، پێشینەی خانووبەرە هەموو ناحیەو گوندەکان بگرێتەوەو پارەکەش زیاد بکرێت، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان ئەو داوایەی نەخستە دەنگدانەوە، هەروەها ژمارەیەک پەرلەمانتار رەخنەی ئەوەیان گرت، کە لەسلێمانیو هەولێر رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی وەکو یەک جێبەجێ ناکرێن.

سۆزان شەهاب، لەو بڕوایەدایە، «رێنماییەکان لە هەولێرو سلێمانی وەکویەک نین، بۆ نموونە لە هەولێر زەوی سەد مەتری ئیفراز ناکرێت، بەڵام لە سلێمانی جیاوازە».

رەشاد ئەحمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان وتی: « حکومەت بایەخی بە گوندەکان نەداوەو کاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان نەکردووە، لەکاتێکدا گوندەکان بڕبڕەی پشتی ئابووری وڵاتن، باشترین نموونەش، گەرمیانە، ساڵی رابردوو لە (٨ ) هەزار خێزانی گوندنشین، (٦) هەزاریان بۆ شارەکان کۆچیانکردووە».

مادەی (٢١) کە تایبەتبوو بە کەمکردنەوەی رێژەی (٢٠٪)ی ( مەنافیعی ئیجتیماعی) هەر سێ سەرۆکایەتییەکە بۆ پڕۆژەیاساکە زیاد کرا.

مادەکانی دیکە کە تایبەتبوون بە حوکمەکانی جێبەجێکردنی یاساکە، وەکو خۆیان لە پڕۆژەیاساکەدا مانەوە.

## راسپاردەکانی پەرلەمان

دوای پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای بودجەی ئەمساڵی هەرێم، سەرۆکی پەرلەمان (ماوە بەسەرچوو) چەند راسپاردەیەکی خوێندەوە، کە بەمزووانە ئاراستەی حکومەتی هەرێم دەکرێن، راسپاردەکانیش بریتین لە:

١/ بچووککردنەوەی پێکهاتەی کابینەی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیران.

٢/ یەکگرتنەوەی تەواوی وەزارەتەکانی داراییو دەزگاکانی چاودێری داراییو ئاسایش.

٣/ چارەسەرکردنی کێشەی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان بە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت.

٤/ یەکخستنی مەرجەکانی سولفەی زەویو زارو چاوخشاندنەوە بە دیاریکردنی پێوەرە تایبەتەکانی دانی سولفە بەمەرجێک دێهاتەکانیش بگرێتەوە.

٥/ زیادکردنی مووچەی کەمدەرامەتەکان.

٦/ دیاریکردنی مینحەیەک بۆ حیزبو رێکخراوە سیاسییەکان لەسەر بنەمای پڕۆژەیاسای هەموارکراوی یاسای حیزبەکان.

٧/ چاودێری خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

٨/ دەبێت حکومەتی هەرێم هەوڵی بونیادنانی کەرتی نەوت بداتو پێویستە ئەو ناوچانەی کە نەوتی لێ دەردەهێنرێن بڕێک لە داهاتەکەی بۆ تەرخان بکرێت، بەتایبەتی ناوچەی گەرمیان.

٩/ پێویستە حکومەت بە رەچاوکردنی پرەنسیپەکانی پاداشتو لێپێچینەوە کار بکات.

١٠/ جارێکی دیکە جەخت دەکەینەوە کە پێویستە بودجەی هەرێم لەکاتی خۆیدا پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت.

١١/ بایەخدان بە ناوچەکانی هەڵەبجەو گەرمیان.

---

### بەبیانووی هاوکاریی کاندیدێکی لیستی گۆڕان

# یەکێتی، سکرتێری رێکخراوێکی ناحکومی تەجمید دەکات

**رۆژنامە**

مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی، سکرتێری کۆمەڵەی داکۆکیکردن لەمافی کرێنشینان «بەنایاسایی» لە سکرتێری دووردەخاتەوە، لەبەرئەوەی سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەکەی کە ناوی لە لیستی گۆڕاندایە دەرنەکردووە.

ئەو بانگکردنو خۆساغکردنەوەیەی کە لەئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دەستیپێکردووە پەلی هاویشتووەتە ناو رێکخراوو کۆمەڵەو سەندیکاکانیشەوە، لەو چوارچێوەیەشدا لەچەند رۆژی رابردوودا کۆمەڵەی داکۆکیکردن لەمافی کرێنشینان بەر ئەو لێشاوەکەوتو دوای ئەوەی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان بۆی ئاشکرابوو، کە سکرتێری کۆمەڵەکە ئامادەنییە کار بۆ هیچ قەوارەیەکی بەشدار لەهەڵبژاردنەکاندا بکات بەلیستی کوردستانیشەوە، بە «نایاسایی» لەسکرتێریتی کۆمەڵەکە هەڵیپەسارد، ئەوە لەکاتێکدایە بیانووی ئەوەی پێگیراوە کە «سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەکە ناوی لە لیستی گۆڕاندابووەو لەجێی خۆی ماوەتەوە».

عەتا هەولۆیی سکرتێری کۆمەڵەی داکۆکیکردن لەمافی کرێنشینان لەلێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: لەمەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانەوە بانگکرامو پرسیاری ئەوەم لێکرا کە گوایە چۆن من وەک سکرتێری کۆمەڵەکە رێگەم بەسەرۆکی لقی هەولێرداوەو لێپێچینەوەم لەگەڵدا نەکردووە، کە ناوی لە لیستی گۆڕاندایە، لەوەڵامدا پێموتن، کە ئەوە مافی کەسێتی خۆیەتیو هەرکەس سەربەخۆیە کە خۆی کاندید دەکات یان نا، «سەرۆکی لقی هەولێر کارێکی نەکردووە کە لەچوارچێوەی پەیڕەوی کۆمەڵەکە لایدابێت» لەبەرئەوە ناتوانم رێگری لێبکەم یان لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام ئەوان ئەو روونکردنەوەیەی منیان بەلاوە نائاسایی بوو.

لەرۆژی (٥/٢٥)دا بەتەلەفۆن عەتا هەولۆیی لەلایەن مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە لەبەرئەوەی لێپێچینەوە لەگەڵ سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەکەدا ناکات لەمەودوا سکرتێری کۆمەڵەکە نییە، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵەی داکۆکیکردن لەمافی کرێنشینان مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆی هەیەو کۆمەڵەیەکی مەدەنییەو لەدەرەوەی مەکتەبو حیزبەکان دروستبوون، سکرتێرەکەشی لەکۆنگرەدا بەزۆرینەی دەنگ هەڵبژێردراوەو تەنیا بەکۆنگرە دەتوانرێت دوور بخرێتەوە.

عەتا هەولۆیی وتیشی: «چەند رۆژێک دوای ئەوە بانگکرامەوە مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانو دووبارە لێپێچینەوەم لەگەڵدا کرایەوە، بەڵام من هەر سووربوونی خۆم لەسەر سەربەخۆبوونی کۆمەڵەکە پاراستو پێمراگەیاندن، کە ئامادەنین کۆمەڵەکەمان لەخزمەتی هیچ لیستو قەوارەیەکدا بەکاربهێنین، بەڵام دوای ئەو قسانەم پێمراگەیەنرا کە لەمەودوا مووچەکەشم دەبڕدرێت لەکاتێکدا من مووچەکەم حکومیەو پلەکەم سەرۆکی تێبینەرانم لەبەڕێوەبەرێتی کاروباری رێکخراوەکانە، بەڵام من بەختەوەرم بەو نانبڕینە، چونکە لەپێناو پاراستنی مسداقیەتی کۆمەڵەکەمدا ئەوەم بەسەرهاتووە کە داکۆکیە لەخەڵکانی هەژارو کرێچی».

لە (٥/٣١)دا کۆمەڵەی داکۆکیکردن لەمافی کرێنشینان نووسراوێکیان بڵاوکردەوە کە تیایدا دووبارە سەربەخۆیی خۆیان دووپاتکردەوەو ئاماژەشیان بەوەکرد کە لەمەودوا ئەو هاوکاریەی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانیش رەتدەکەنەوە کە لەماوەی رابردوودا وەک هەر کۆمەڵەو سەندیکایەکی دیکە وەریاندەگرت، هاوکات داوای هاوکاری بێ مەرج لەهەموو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناوخۆییو دەرەکیو کەسانی دڵسۆز دەکەن» بۆئەوەی لەو رێگەیەوە ئامانجی سەرەکی کۆمەڵەکەیان بپارێزن کە داکۆکیە لەمافی کرێنشینان».

بەڵام دوابەدوای ئەو نووسراوەو دوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکاندا، زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەکە هەڵگەڕانەوەو بەنایاسایی لەکۆبوونەوەیەکدا سکرتێریتی عەتا هەولۆییان هەڵپەسارد تاکاتی کۆنگرەی داهاتووی کۆمەڵەکە، لەنووسراوی راگەیاندنی ئەو هەڵپەساردنەشدا ئاماژەیان بەبوونی کێشە کردووە لەنێوان سکرتێرو ئەندامانی کۆمەڵەکە، هاوکات ئاماژە بەنەپاراستنی نهێنی کراوە لەلایەن سکرتێری کۆمەڵەکەوە.

عەتا هەولۆیی لەوبارەیەشەوە بەرۆژنامەی وت: «لەو نووسراوەیاندا تەشهیریان بەکەسایەتیم کردووەو بەنەپاراستنی نهێنیەکانی کۆمەڵەکەم تۆمەتباریان کردووم، کە ئەمەشو بوونی کێشەش لەگەڵ ئەندامەکانمدا زۆر دوورە لەڕاستیەوەو بۆئەو مەبەستەش سکاڵای یاسایم لەسەر تۆمارکردوون کە دەبێت دوای سەلماندنی ئەو تۆمەتانەی داویانەتە پاڵم قەرەبووم بکرێتەوە، لەئێستاشدا هەر کەسێک لەکۆمەڵەکەدا جێگەی منی گرتووەتەوە نایاساییەو نابێت مۆری کۆمەڵەکەمان بەنایاسایی بەکاربێنێت هەتا بەیاسا یەکلایی دەکرێتەوە هەر خۆم بەسکرتێری کۆمەڵەکە دەزانم».

# ئەمساڵیش وەکو ساڵان

**پشتیوان سەعدوڵڵا**
**سامان بەشارەتی**

بەبێ یەکخستنەوەی وەزارەتەکانی دارایی‌و دیوانی چاودێری دارایی‌و ئاشکراکردنی بودجەی حیزبەکان‌و چۆنیەتی سەرفکردنی بودجە، پەرلەمانی (ماوە بەسەرچوو) کوردستان پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستانی پەسەندکر، هاوکات بۆ یەکەمجار زیاتر لە (٢٠) پەرلەمانتار دەنگیان بەپرۆژەیاساکە نەدا.

دوێنێ (٦/١٦) پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو) کوردستان دانیشتنی چوارەمی تایبەت بەگفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستان سازکرد، پرۆژەیاساکە لە (٢٤) مادە پێکهاتبوو، دوای زیادکردنی (٢) مادەی دیکە بۆ پرۆژەیاساکە، پرۆژەیاساکە خرایەوە دەنگدانەوەو بەدەنگی نزیکەی (٦٠) پەرلەمانتار پرۆژەیاساکە پەسەندکرا.

## گۆڕان لەپەرلەمان

لەگەڵ ئەوەی لەماوەی چوار دانیشتنی پەرلەمانی (ماوە بەسەرچوو)ی کوردستاندا لەسەر بودجەی ئەمساڵ، بەشێوەیەکی روون وەڵامی ئەندامانی پەرلەمان نەدرایەوە لەمەسەلەی شەفافیەتی بودجە، بۆ یەکەمجارە ژمارەیەکی زۆر لەپەرلەمانتارانی کوردستان دەنگیان بەبودجە نەداو ئەمەش بە «سەرەتای گۆڕانی نێو پەرلەمان دادەنرێت».

پەرلەمانتار محەمەد رەفعەت، لێپرسراوی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو) کوردستان بەرۆژنامەی راگەیاند: بۆ یەکەمجارە لەپەرلەمانی کوردستاندا زیاتر لە (٢٠) ئەندام پەرلەمان، دەنگ بۆ بودجە نادەن، «ئەوەش سەرەتای گۆڕانێکی نەوعییە لەپەرلەماندا دەستپێدەکات‌و لەپەرلەمانی داهاتوودا دەنگی نارەزایی‌و بەرگریکەر لەمافی خەڵک زیاد دەکات‌و ئیتر ئەو زەمەنە نەما، حکومەت بەئارەزووی خۆی هەموو شتێک بکات»، بۆیە ئێمە ژمارەیەک لەئەندامانی پەرلەمان داوامانکردبوو، ئەگەر بودجەی ئەمساڵ شەفافیەتی تێدانەبێت، دەنگ بەپرۆژەیاسای بودجە نادەین، بۆیە زیاتر لە (٢٠) پەرلەمانتار دەنگمان بۆ بودجە نەدا، چونکە داواکارییەکانمان جێبەجێنەکرابوون کە بریتی بوون لە ئاشکراکردنی خەرجی بودجەی ساڵی رابردوو، هەروەها بودجەی حیزبەکان بەتایبەتی یەکێتی‌و پارتی کە هەریەکەیان زیاتر لە (٣٠) ملیۆن دۆلار بۆخۆیان دەبەن، لەگەڵ مەسەلەی یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی دارایی.

عەدنان موفتی وتی: « ئەو راسپاردانە لەگەڵ یاسای بودجەدا دەنێردرێت»

## حکومەت کار بەڕاسپاردەکانی پەرلەمان ناکات

ئەمساڵیش پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو) کوردستان بەدەرکردنی راسپاردەیەک خۆی دزییەوە لەکۆمەڵێک مەسەلەی وەکو، یەکنەخستنەوەی وەزارەتەکانی دارایی، ناشەفافی بودجە، بودجەی یەکێتی‌و پارتی‌و حیزبەکانی دیکە، پەرلەمانتارانیش دەرکردنی راسپاردە بە «شتێکی بێ بایەخ» وەسفدەکەن‌و پێیانوایە، ئەو هەنگاوە تەنیا بۆ بێدەنگکردنی ئەندامانی پەرلەمانە.

لێپرسراوی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمان دەڵێت: «پەرلەمانی کوردستان بۆ بێدەنگکردنی ئەندامانی پەرلەمان، بودجەیەکی ناشەفافی پەسەندکردو بەکۆمەڵێک راسپاردەو پێشنیاز مەسەلەکەی لەکۆڵی خۆی کردەوە، جگەلەوەش ئەو راسپاردانە شتێکی نوێ نییەو ساڵی رابردووش ئاراستەی حکومەت کراوە، بەبێ ئەوەی حکومەت هیچی کردبێت».

هەرلەوبارەیەوە لەدانیشتنەکەی دوێنێی پەرلەمانی ماوەبەسەرچوودا پەرلەمانتار سۆزان شەهاب، وتی: «ئێمە چوار ساڵە لەگەڵ حکومەت ئەو کێشەیەمان هەیەو راسپاردە دەنێرین دەخرێتە ناو چەکمەجەی حکومەتەوە، هەرگیز نەمانبینی، حکومەت ئەو راسپاردانە بهێنێتە دەرەوەو کاری لەسەر بکات، تەنیا جارێک نەبێت، ئەویش لەمەسەلەی گەرمیاندابوو. بۆیە راسپاردە ئەو هێزەی نییەو بودجەش پارەی هاوڵاتییانی ئەم وڵاتەیە». وتیشی: من نموونەیەک دەهێنمەوە، لە(٤/٢٦) وەزیرێکی هەرێم نووسراوێکی بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان کردووەو تەنیا داوای رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە، بەڵام تائێستا حکومەت وەڵامی نەداوەتەوە، ئەی چۆن ئێمە چاوەڕوانبین، بۆیە ئەم کێشەیە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

عەبدولرەحمان ئەحمەد، سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ لە پەرلەمانی کوردستان، وتی: «هەندێک بابەتی گرنگ هەیە، پەیوەندییان بەدەرکردنی راسپاردەوە نییە، بۆ نموونە ئێمە داوای زیادکردنی بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵو تەندروستیمان کردووەو ماوەی دوو ساڵە پەرلەمان ئاڵوگۆڕی لەبودجەی وەزارەتەکاندا نەکردووە، ئیتر نازانم راسپاردە چییەو بۆچی دەنێردرێت بۆ حکومەت؟».

**بایز تاڵەبانی، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی: «کێشەی گەرمیانتان بۆ واگەورە کردووە؟ گەرمیان چی کێشەیەکی هەیە؟**



## بۆچی دەنگیان نەدا؟

پەرلەمانتار کەژاڵ مەجید، لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی ئاماژەی بەوە کرد، بۆیە دەنگم بە بودجە نەدا لەبەرئەوەی داوامان لە حکومەت کرد کە حساباتی خیتامی بنێرێتە پەرلەمان، بەڵام بەداخەوە نەیاننارد.

بڕیاربوو هەردوو وەزارەتی دارایی‌و چاودێری دارایی یەکبگرنەوە ئەوکات بودجە پەسەند بکرێت، دوو دەزگای ئاسایش نەمێنێت، بەڵام وەک کەژاڵ وتی: «بەداخەوە هەموو ئەو بەڵێنانە جێبەجێنەکران، بۆیە ئێمەش هەڵوێستمان وەرگرت لەسەر ئەو بڕیارانە دەنگمان بە بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ نەدا».

کەژاڵ ئاماژەشی بەوە کرد، چەند جار داوایان لە حکومەت کردووە بودجە لەکاتی خۆیدا بێتە پەرلەمان، کەچی حکومەت ئەو داواکارییەی ئێمەی بەهەند وەرنەگرتووە.

پەرلەمانتار گێلاس محێدین لەسەر فراکسیۆنی سەوز باسی لەوە کرد، ساڵەکانی رابردووش سەرفکردنی بودجە بۆ پەرلەمانی کوردستان روون نەکراوەتەوەو نەشمانزانیوە ئەو بودجەیە چۆن سەرفکراوە، واتە حکومەت شەفاف نەبووە لە سەرفکردنی بودجە.

وتیشی: «دەنگ بەبودجەیەک نادەم کە نەزانم چۆن چۆنی سەرفدەکرێت، بڕواشم وایە ئەو کەسانەی دەنگیانداوە تەنیا بەرێیان کردووەو نازانن بودجەکە چۆن سەرفدەکرێت».

## بودجە بێ یەکگرتنەوە

نزیکەی سێ مانگە وەزارەتەکانی ناوخۆو پێشمەرگە یەکخراونەتەوە، کە دوای سێ ساڵ لەبەڵێنی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم تائێستا هەردوو وەزارەتی دارایی یەکنەخراونەتەوەو هەرچەند لەدانیشتنەکەی دوێنێدا ژمارەیەک لەپەرلەمانتاران وەکو هەڵوێستوەرگرتن دەنگیان بەیاساکە نەدا، بەڵام پەرلەمان بودجەی ئەمساڵی پەسەند کرد.

پەرلەمانتار ئەنوەر محەمەد، وتی: «پێویستە پەرلەمان هەڵوێست وەبگرێت، بەڵام ئەمساڵیش وەکو ساڵانی رابردوو بەبێ کێشە بودجە لەنێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتداردا دابەشدەکرێت‌و دوای ئەوە لەپەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت».

## رەخنە لە وەزیری دارایی

دوای ئەوەی چەند پەرلەمانتارێک رەخنەیان لە حکومەتی هەرێم گرت، کە بایەخی بەناوچەی گەرمیان نەداوە، بایز تاڵەبانی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی وتی: «کێشەی گەرمیانتان بۆ واگەورە کردووە، گەرمیان چی

# لەوەڵامی روونکردنەوەکەی لیژنەی یاسایی پەرلەماندا
## ئەندامێکی لیژنەی یاسایی:
# باچیتر خەڵک چەواشە نەکرێت

**بەرهەم خالید**

زانا رۆستایی، ئەندامی لیژنەی یاسایی بێئاگایی خۆی لەو روونکردنەوەیە نیشاندەدات کە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە لەسەر شەرعیەتی پەرلەمان بڵاوکراوەتەوەو دەڵێت: «من ئاگام لەو روونکردنەوەیە نییەو راشم جیاوازەو یەکێکم لەو (٢٥) پەرلەمانتارەی ئیمزای ئەوەم کردووە، کە پەرلەمان هیچ یاسایەک دەرنەکات، چونکە شەرعیەتی جەماوەری نەماوە»، رۆستایی لەروونکردنەوەیەکدا داوا دەکات، چیتر خەڵکی کوردستان بەوتاری عاتفی چەواشە نەکرێت.

پاش ئەوەی هەفتەی رابردوو (٢٥) پەرلەمانتار یاداشتێکیان دایە سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی لەدوای (٢٠٠٩/٦/٤)، کە وادەی یاسایی پەرلەمانە، هیچ یاسایەکی نوێ دەرنەکات تاپەرلەمانی نوێ هەڵدەبژێردرێت‌و دواتر رۆژی (٢٠٠٩/٦/١٤) روونکردنەوەیەک لەلایەن لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانەوە لەماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستاندا بڵاوکرایەوە بەناونیشانی (وەڵامێک بۆ ئەوانەی دەڵێن پەرلەمان شەرعیەتی نەماوە)، بەڵام زانا رۆستایی، ئەندامی لیژنەکە بێئاگایی خۆی لەو روونکردنەوەیە نیشاندەدات‌و پێیوایە پەرلەمان شەرعیەتی نەماوەو دەڵێت: ئەو خاڵانەی لیژنەی یاسایی پشتی پێبەستوون نابنە بەڵگە بۆئەوەی وادەی یاسایی پەرلەمان درێژبکرێتەوە، چونکە نەباری نائاسایی هەیەو نەبەرژەوەندی خەڵک ئەوە دەخوازێت کە وادەکە درێژبکرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوە بەرژەوەندی حیزب‌و شەڕی ناوخۆ بوو کە بەهۆیەوە کارکردنی پەرلەمانی کوردستان دوای ساڵی ١٩٩٢ بۆ (١٣) ساڵ درێژکرایەوەو لەکۆتاییشدا رۆستایی دەڵێت: «دڵنیام لەو (٤٥) رۆژەی ماوە بۆ هەڵبژاردن، ئەگەر پەرلەمان هیچ یاسایەک دەرنەکات ئەوا (ئەم ئەزموونە بەفیڕۆ نادرێت‌و خوێنی شەهیدان نافەوتێت‌و فەراغی دەستووری نابێت)».

# هەڕەشە لەلایەنگرێکی لیستی گۆڕان دەکرێت

**دانا سلێمان**

بەبیانووی کارکردنی بۆ لیستی گۆڕان، خوێندکارێکی کۆلیژی زانستەمرۆڤایەتییەکان لە رانیە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێت‌و ئاسایشیش رێگە لەو شوفێرانە دەگرێت کە ویستویانە بەشێک لەخوێندکاران بگوازنەوە، بۆ سەردانی د. جەعفەر عەلی راگری لەسەر کارلابراوی کولێژەکە.

رێکان فەیسەڵ عەوڵا خوێندکاری قۆناغی سێیەمی بەشی جوگرافیا بەرۆژنامەی راگەیاند: «پێری کەسێکی نەناسراو لەرێگەی هێڵێکی کۆرەک تلیکۆمەوە پەیوەندی پێوەکردم‌و بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین قسەی کردو جنێوی بەخۆم‌و کەسایەتییەکانی لیستی گۆڕان دا، دواتریش پێیانڕاگەیاندم ئەگەر ئیش بۆ ئەو لیستە بکەیت دەتکوژین».

دوێنێش دوای ئەوەی زیاتر لە (١٠٠) خوێندکاری کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکانی رانیە ویستیان سەردانی د.جەعفەر عەلی راگری لەسەرکار لابراوی کۆلێژەکەو پاڵێوراوی لیستی گۆڕان بکەن، لەلایەن ئاسایشی راپەڕینەوە هەڕەشە لەشۆفێری ئەو پاسانە کراوە کە بەنیازبوون خوێندکاران بگوازنەوە. خوێندکار دڵکۆ حەمەعەزیز، یەکێک لەو خوێندکارانەی بەنیازی سەردانەکەبوون، هەواڵەکەی بۆ رۆژنامەی پشتڕاستکردەوە.

رۆژنامە پەیوەندیکرد بەبەڕێوەبەرێتی ئاسایشی راپەڕینەوە، بەڵام عەقید حەیدەر سەعید تەنیا ئەوەی وت: «کە ئەو هەواڵە ئەسڵو ئەساسی نییە».

# گڕی لێپێچینەوەی وەزیرەکان کزدەبێت

**محەمەد ساڵح حەمەلاو**

هەوڵێک هەیە بۆ ڕاگرتنی مەسەلەی لێپێچینەوە لە وەزیـرەکـان، بەڵام ئەندامێکی لیژنەی نەزاهە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕایدەگەیەنێت ئەوە مەسەلەیەکی دەستوورییەو لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هـاتـووەو هیچ کەس‌و لایەنێک بۆی نییە لێپێچینەوەی وەزیرەکان ڕابگرێت.

بەپێی زانیارییەکان لە ئێستادا هەوڵێک لەلایەن حیزبی دەعوەی سەر بە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق لەئارادایە، بۆئەوەی مەسەلەی لێپێچینەوە لە وەزیرەکان ڕابگیرێت.

پێشتریش لە کۆبوونەوەیەکی سەرۆکی کوتلە سیاسییەکانی عێراقدا، خالید عەتیە، جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، پێشنیازی ئەوەی کردبوو میکانیزمێکی نوێ بۆ مەسەلەی لێپێچینەوە لە وەزیرەکان بگیرێتەبەر، بەڵام بەوتەی ئازاد چالاک، ئەندامی لیژنەی نـەزاهـە «ئـەو پێشنیازەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لەلایەن زۆریـنـەی سەرۆکی کوتلە سیاسییەکانەوە ڕەتکراوەتەوە».

بەوتەی ئەندامەکەی لیژنەی نەزاهە، ئەو کوتلە سیاسی‌و ئەندام پەرلەمانانەی کە دەیانەوێت لێپێچینەوەی وەزیرەکان بەردەوام بێت، ژمارەیان لەوانە زیاترە کە دەیانەوێت لێپێچینەوە لە وەزیرەکان ڕابگیرێت، بۆیە ئەگەری ڕاگرتنی مەسەلەی لێپێچینەوە لاوازە.

پێشتر لەلایەن لیژنەی نەزاهەوە هەوڵێک هەبوو بۆ لێپێچینەوە لە وەزیرەکان، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوکاتە مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمان بوو، جۆرێک لە دواخستن‌و دەستی دەستی لای سەرۆکی کوتلەکان هەبوو، بۆیە مەسەلەی لێپێچینەوە لە وەزیرەکان نەچووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، بەڵام دوای دەستبەکاربوونی ئەیاد سامەڕایی، هەموو ئەو دۆسیانەی پەیوەندی بە گەندەڵییەوە هەبوو، هەڵدرانەوەو دۆسیەکانیش بـە لێپێچینەوەی عـەبـدولـفـەلاح سـودانـی، وەزیـری بازرگانی دەستپێکرد، ئێستاش دەنگۆی ئەوە لەئارادایە کە لێپێچینەوە لەگەڵ هەریەک لە وەزیـری نەوت‌و دارایـی‌و ناوخۆو بەرگری‌و وەزیری دەرەوەو ژمارەیەک لە وەزیرەکانی دیکەدا بکرێت، کە زۆرینەیان ئەو وەزیرانەن کە سەر بە حیزبی دەعوەو کوتلەکەی نـوری مالیکی سـەرۆک وەزیرانی عێراقن.

ئـازاد چالاک ئاماژەی بەوەکرد، پاساوی ڕاگرتنی مەسەلەی لێپێچینەوە، ئەوەیە کە هەندێک لە کوتلە سیاسییەکان پێیانوایە، لێپێچینەوەی وەزیرەکان دەبێتەی هۆی کاروکاردانەوە لەلایەن کوتلە سیاسییەکانەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی حکومەت‌و پرۆسەی سیاسی‌و جۆرێک لە بێمتمانەیی لەنێوان کوتلەکانیشدا دروستدەبێت.

مەسەلەی لێپێچینەوە لە وەزیرەکان جگە لەوەی وەزیرەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، هاوکات کاریگەریی سلبی بۆ سەر خودی نوری مالیکی سەرۆک وەزیـــران‌و کابینەکەیشی دەبـێـت، ئەگەرچی ئازاد چالاک پێیوایە «ڕاگرتنی مەسەلەی لێپێچینەوە لە وەزیرەکان لە دەسـەڵاتـی کوتلە سیاسییەکاندا نییە، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێت کە ئەگەر کوتلەکان فەرمان بکەن بەسەر ئەندامەکانیاندا بۆئەوەی پابەندبن بە بڕیاری لیستەکەیانەوە، کە ئەوەش دەکەوێتەوە سەر ئەندامانی پەرلەمان کە ئاخۆ تا چەند ملکەچی کوتلەکانیان دەبن».

ئازاد چالاک پێیوایە «شتێکی ئاساییە ئەگەر ئەو لایەنانە بیانەوێت بەدیلێک بۆ لێپێچینەوە بدۆزنەوە، بەڵام مەسەلەی لێپێچینەوە مافی پەرلەمانتارانەو هیچ کەس‌و لایەنێک ناتوانێت مەسەلەی لێپێچینەوە ڕابگرێت».


وەزیری بازرگانی لەبەردەم لێپرسینەوەی پەرلەمانی عێراقدا

## «دەردو دەرمانی کێشەکە لە ناوخۆی کەرکوکدایە»

# پێکهاتەکانی کەرکوک ئاگاداری کۆنگرەیەکی تایبەت بە شارەکەیان نین

**بەهادین یوسف**

ئەنجومەنی پارێزگاو پێکهاتەکانی کەرکوک بێئاگایی خۆیان لە بەستنی کۆنگرەیەک لە بەرلین بۆ چارەسەری کێشەی پارێزگاکەیان نیشاندەدەن، نوێنەرێکی تورکمانیش بەستنی ئەو کۆنگرانە بە کات کوشتن دەزانێت‌و داوا دەکات ئەو گفتوگۆو کۆنگرانە لە شاری کەرکوک‌و «لە ئەرزی واقیعدا ببەسترێت»، چونکە بەوتەی ئەو «کێشەی کەرکوک ئەوەندە ئاڵۆزنییە تا وڵاتانی دەرەوە پێشنیازی چارەسەریان بۆ بکەن».

بڕیارە بەم نزیکانە لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا کۆنگرەیەک بۆ پێکهاتەکانی کەرکوک ببەسترێت، بە ئامادەبوونی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاو چەندین کەسایەتیی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و چەند ڕێگاچارەیەک بۆ کێشەی کەرکوک دابنرێت.

ئازادبامەڕنی، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی سەباحی ڕاگەیاند: جموجۆڵێکی نێودەوڵەتی‌و بەتایبەتی لەلایەن ئەڵمانیاوە هەیە بۆ چارەسەری کێشەکان، لەو چوارچێوەیەشدا ئەڵمانیا هەوڵدەدات بەمزوانە کۆنگرەیەک بۆ نوێنەرانی پێکهاتەکانی کەرکوک‌و چەندین کەسایەتی ئەنجامبدات، بۆ ئاشناکردنیان بە چۆنێتی چارەسەری کێشە هاوشێوەکانی کەرکوک لە جیهاندا، ئـامـاژەی بـەوەشـکـردووە کۆنگرەکە تەنیا تایبەت نابێت بە کێشەکە، چونکە وڵاتانی ئەوروپا سوورن لەسەر ئـەوەی ڕۆڵێکی ڕاوێژکارانە ببینن بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو.

ڕێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بێئاگایی سەرۆکایەتی‌و ئەنجومەنی پارێزگای لە وەها کۆنگرەیەک خستەڕوو، لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «نە رزگار عەلی سـەرۆکـی ئەنجومەن‌و نـە ئەندامان، ئاگاداری کۆنگرەیەکی لەوشێوەیە نین‌و بە ڕەسمیی ئاگادارنەکراوینەتەوە، بەڵام ئەگەر هەوڵی لەوشێوەیە هەبێت بۆ پێکەوەژیان‌و چـارەسـەری کێشەکە، ئێمە هاوکاریی دەکەین‌و پێشوازیی لێدەکەین».

سـەبـارەت بە مەرجەکانی کـورد لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا، ڕێبوار تاڵەبانی وتی: «جەخت لەسەر جێبەجێکردنی مادە دەستوورییەکان دەکەینەوە کە تایبەتە بە کەرکوک‌و ئەو پێشنیارانەی بارودۆخەکە بەرەو باشتر دەبات».

پێشتریش ڕێکخراوی (فریدریک ناومان)، بە بـەشـداری ژمـارەیـەک لە ئەندامانی ئەنجومەن‌و پێکهاتەکانی کەرکوک، ڕۆژانی (٢٨–٢٠٠٩/٤/٣٠) لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا کۆنگرەیەکی بە ناونیشانی (جێبەجێکردنی ڕاگەیاندراوی دەریـای مـردوو) ڕێکخست‌و ڕێککەوتننامەیەکی لێکگەیشتن لەنێوان پێکهاتەکانی کەرکوکدا ئیمزاکرا.

کۆنگرەکە بە بەشداری (١٠) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک‌و (١٤) کەسایەتی لە هەموو نەتەوەو پێکهاتەکانی کـەرکـوک بـەڕێـوەچـوو، چەندین خاڵ وەک ڕاسپاردەو خاڵی لێک تێگەیشتن ئاشکراکران.

هـاوکـات ڕاکـان سـەعـدی جبوری، جێگری پـارێـزگـاری کەرکوک لەسەر لیستی گردبوونەوەی کۆماریی عەرەبی، بێئاگایی خۆی‌و کوتلەکەی لە ئەنجامدانی وەها کۆنگرەیەک نیشانداو، ڕایگەیاند: تائێستا هیچ لایەنێک بەفەرمی بانگهێشتی نەکردوون بۆ بەشداری کۆنگرەیەک بۆ پێکهاتەکانی کەرکوک لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا.

نـەجـات حسێن، ئەندامی کوتلەی تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، سازکردنی کۆنگرەی تایبەت بە کەرکوک بەباش نازانێت‌و لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: هەرکات کۆنگرەیەک لە دەرەوەی وڵات بەڕێوەدەچێت، (٣ بۆ ٤ کەس) بە نوێنەرایەتی تورکمان بەشداری دەکـات‌و کوتلەی عەرەبیش ڕەخنەیان هەیە، کە یەک کەس یان زیاتر بەناوی ئەوانەوە بەشداری دەکەن‌و ئەوانەی کە بەشدارنەبوون یان نوێنەرایەتیان کراوە، هیچ ئاگاداری دەرئەنجام‌و گفتوگۆکانی ناو کۆنگرەکە نین.

نوێنەرەکەی تورکمان پێیوایە ڕۆیشتن بۆ دەرەوە، کـات‌و ماندووبوونەکان بەفیڕۆدەدات «ئەو پێشنیازانەی لە ئەڵمانیا پێشتر نووسرابوون، دابەشکردنی دەسەڵات بوو، خۆ ئەو خاڵە لە مادەی (٢٣)دا هەیە، بۆ لە کەرکوک جێبەجێناکرێت، لە ئەڵمانیاش تەنیا قسەکردنە، هیچ کاریگەریی پراکتیکی نییە، ئەو پێشنیازەی لە دەرەوە دەکرێت لە عێراقیش هەیە، بۆ لێرە جێبەجێناکرێت، بۆ لە ئەڵمانیا دەکرێت، پێموایە هیچ لایەنێک بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیشەوە چارەسەری کێشەکەی پێناکرێت، تەنیا بە ڕێککەوتنی پێکهاتەکانی کەرکوک نەبێت».

نەجات حسێن کە هاوکات بەرپرسی نووسینگەی کەرکوکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییە، ئاماژەی بەوەشکرد «من دژی کۆنگرەو کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی نیم، بەڵام کێشەی کەرکوک ئەوەندە ئاڵۆزو قورس نییە، ئەڵمانیا یان سویسرا پێشنیازو ئامۆژگاریی چارەسەکردنیمان بۆ بکەن، ئێمە لە ناوخۆی کەرکوک دەردەکە دەزانین‌و دەزانین دەرمانەکەشی چییە».

پێشتریش لە ٢٠٠٨/١١/٣٠دا ڕێکخراوی (فریدریک ناومان لەپێناوی ئاشتیدا)، لە کەناری دەریـای مـردوو لە ئـوردون بە بەشداری ئەندامانی ئەنجومەن‌و ئیدارەی کەرکوک‌و ژمارەیەک کەسایەتی‌و نوێنەری پێکهاتەکان، کۆنگرەیەکی (٦) ڕۆژی ڕێکخست‌و لە کۆتاییدا ڕاگەیەندراوێکی (٩) خاڵیی بڵاوکرایەوە، کە سەرجەم بەشداران لەسەری ڕێککەوتبوون.


کێ بەرمیلە بارووتەکە پووچەڵ دەکاتەوە؟

# بۆچی دەیانەوێت دەستوور تێپەڕێنن؟

# «ناکرێت پەرلەمانێکی مردوو، دەستوور بۆ میللەتێکی زیندوو پەسەند بکات»

دلێر عەبدولخالق

بەبڕوای ژمارەیەک لەمامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان، پەلەکردن لەدەنگدانی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانو دواتر خستنە راپرسییەوە لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان لە (٢٥)ی تەممووزدا، ماوەیەکی کەمی لەبەردەمدا ماوەو پەرلەمانیش ماوەی یاساییو شەرعیی خۆی لەدەستداوە، مامۆستایەکی زانکۆی دهۆکیش پێیوایە: «ناکرێت پەرلەمانێکی مردوو، دەستوور بۆ میللەتێکی زیندوو دابنێت».

دەستوور بەگەورەترین گرێبەستی رێکخستنی ژیانی سیاسیو یاساییو ئیداریی هەروڵاتێک هەژمار دەکرێت، کە لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگەدا رێکدەخرێتو تێیدا بنەماو مافو ئەرکەکانو شێوازی سیستمی سیاسی وڵاتەکەو بنەما گشتییەکانی تاکو کۆمەڵی تێدا دەچەسپێت، هەروەک مافو ئەرکەکانی تاکو رێکخراوو دەزگاکانو سنووری دەسەڵاتەکانیشیان دیاریدەکات، لێرەشەوە گرنگی دەستوور بۆ هەر کۆمەڵگەو سەروەرییە سیاسییەکەی وەک پێویستییەکی گرنگ خۆی وێنا دەکات، چونکە گوزارشت لەهەموو پێکهاتەو رەنگو دەنگو هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەکات.

رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان لەمانگی ئابی ٢٠٠٦دا ئامادەکراوە، لەدوای ئەو وادەیەوە پەرلەمان نەیتوانی لەکاتی یاسایی خۆی پڕۆژەیاساکە پەسەند بکات، ئێستا بەپێی زانیارییەکانو قسەکانی ناو پەرلەمانی ماوە بەسەرچوو پێدەچێت لەدانیشتنەکانی داهاتووی ئەم خولەیدا، دەنگ لەسەر دەستوور بدرێتو دواتریش لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان راپرسی لەسەر بکرێت.

هاوکاتیش رۆژی چوارشەممەی رابردوو (٢٥) پەرلەمانتار یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووەو ئاماژە بەوە دەکەن، جگەلە پەسەندکردنی بودجەی ساڵی (٢٠٠٩) هیچ پڕۆژەیاسایەکی دیکە پەسەند نەکرێت، چونکە لە (٦/٤)ەوە ماوەی یاسایی ئەم خولەی پەرلەمان تەواو بووەو لەو وادەیە بەدواوە پەرلەمانی کوردستان هیچ شەرعیەتێکی یاسایی نەماوە، ئەگەرچی بەبڕیارێکی پەرلەمانیش تەمەنی درێژکراوەتەوە.

بەبڕوای د.کامەران بەرواری مامۆستا لەزانکۆی دهۆک؛ پەرلەمانی کوردستان لەتەمەنی یاسایی خۆشیدا جگەلە بێ ئیرادەکردنی خەڵکو شاردنەوەی گەندەڵیو کارە نایاساییەکانی دەسەڵات شتێکی ئەوتۆی بۆ میللەت نەکردووە، هەربۆیە گومانی هەیە لەوەی ئەو پەرلەمانە دەستوورێکی ئامادە کردبێت کە بۆ ئایندەو پاشەڕۆژی گەلی کورد هاوڕێ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی رێبکات. وتیشی: «بەوپێیەی پەرلەمانی کوردستان ماوەی یاسایی تێپەڕاندووە، کەواتە شەرعیەتی نەماوەو بەسەرچووە، ناشکرێت پەرلەمانێکی مردوو، دەستوور بۆ میللەتێکی زیندوو دابنێت».

عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان رۆژی یەکشەممە ٦/١٤، لەگەڵ لیژنەی نووسینەوەی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان کۆبووەوە، لەبەشێک لەقسەکانی ئاماژەی بەوە کردووە، بەو هۆیەی ئێستا دوایین رەشنووسی پڕۆژەکە تەواو بووە، پێویستە پەرلەمان دەنگی لەسەر بداتو دوانەخرێت، چونکە سێ ساڵە بەردەوام گفتوگۆی لەسەر کراوەو بەهەزاران تێبینیو سەرنجو پێشنیاز گەیشتووەتە لیژنەکە. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاندووە، دوای دەنگدانی پەرلەمان لەسەر پڕۆژەکە، قسە لەگەڵ کۆمسیۆن دەکرێت بۆ دانانی ئالیەتی پێویست تاپڕۆژەی راپرسی لەسەر ئەنجامبدرێت. پێشتریش سەرۆکایەتی پەرلەمان پێشنیازی ئەوەی کردبوو لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم راپرسی لەسەر دەستووری هەرێم بکرێت.

بەڵام بەبڕوای چاودێران، ئەو تێپەڕاندنە لەم وادەیەدا، هەڵپرۆکاندنی دەستووری هەرێمی کوردستانەو ئاماژە بەوە دەدەن، ماوەکە هێندە کەمە، کە نەک کۆمسیۆن کاتی وەرگێرانی پڕۆژەکە بۆسەر زمانی پێکهاتەکانی دیکەی هەرێمو بڵاوکردنەوەی بەناو خەڵکدا نابێت، بەڵکو خەڵک فریای ئەوەش ناکەوێت کارنامەی لیستە رکابەرەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانو پاڵێوراوانی سەرۆکایەتی هەرێمیش بخوێنێتەوە.

د.شاهۆ سەعید، رووناکبیرو مامۆستای زانکۆ، لەبەرنامەی (شیکردنەوەی هەواڵ) لە تەلەفزیۆنی (KNN)دا، ئاماژەی بەکەمیی ماوە کردو وتی: «لەدونیای دیموکراسیدا دەستوور کۆبوونەوەی جەماوەریی بۆ رێکدەخرێتو چەندین مانگ بەرلەوەی دەنگی لەسەر بدرێت گرنگیەکەی رووندەکرێتەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیەو ئەگەر راپرسیەکە بکەوێتە رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم (٢٥-ی تەمموز) چۆن کۆمسیۆن دەتوانێت لەو ماوە کەمەدا ئەو رەشنووسە بەسەر هەموو پێکهاتەکاندا بڵاوبکاتەوەو خەڵک بزانێت چی تێدایەو دەنگ بەچی دەدات».

لەو بەرنامەیەی کەناڵی (KNN)دا، د.شاهۆ سەعید بەشێک لەمەترسییەکانی تێپەڕاندنی دەستووری لەم سەروبەندەدا، روونکردەوەو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەو دەستوورەدا سنووری هەرێمی کوردستان ناتەواوە، چونکە لەوێدا سنووری کوردستان سنووری ئێستای هەرێمی کوردستانەو هەموو ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە لەسنووری پارێزگاکانی کەرکوکو موسڵو دیالە دەکەوێتە دەرەوەی ئەو سنوورەوە.

وتیشی: «ئەگەر دەستوور لەم خولەی پەرلەماندا تێپەڕێندرێت، هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە بڵێت دان بەو دەستوورەدا نانێم، چونکە لەسەردەمێکدا تێپەڕێندراوە، کە پەرلەمان شەرعیەتی لەژێر پرسیاردا بووە».

بەبڕوای راگری کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانیش، پەلەکردن لەپەسەندکردنی دەستووری هەرێمو راپرسیکردن لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم هیچ پێویست نییە، چونکە دەبێت پەرلەمان شەرعیەت دروست بکات پاشان بڕیارو شەرعیەت بەپڕۆژە یاساکانی دیکە بدات.

د.ئەنوەر ئەبوبەکر کەریم راگری کۆلیژی یاسا لەزانکۆی سلێمانی بۆ رۆژنامەی روونکردەوە: پێشترو لەسەر رەشنووسی دەستوور، زۆر تێبینیمان هەبوو لە دیباچەکەیەوە تادەگاتە بەشەکانی دیکە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە کێشمەکێشەکانی ناوەندو هەرێمەوە هەیەو لەرێگەی راگرایەتی کۆلێژی یاساوە، پێشکەشی لایەنی بەرپرس کراوە، بەڵام کە ئێستا دوایین رەشنووسی دەستوور تەواو بووە، پێویستە بەکۆمەڵێک فلتەرو سیستمدا بڕواتو خەڵکی شارەزاو پسپۆر ببینێت، دواتریش بواری ئەوە هەبێت خەڵک بەگشتی دەستوورەکە بخوێنێتەوەو بزانێت چی تێدایە.

د.ئەنوەر ئەبوبەکر دەڵێت: «هیچ پاساوێک نییە بۆ پەلەکردن لەدەنگدان لەسەر دەستوور، دەکرێت دوای هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکرێت، بۆئەوەی ئەوکاتە پەرلەمان بۆخۆی شەرعیەت دروست بکات، پاشان بڕیارو شەرعیەت بەدەستوور بدات».

دەستوور ژیانی مرۆڤو هەبوونیو سەروەرییو پاشەڕۆژو ئیرادەی تاکەکانی پێوە گرێدراوە. هەموو ئەمانەش ئەوە دەگەیەنێت کە واپێویستە هەموو پێکهاتەو تاکەکانی کۆمەڵگە ئاگاداری بڕگەو خاڵەکانی دەستوور بن، نەک بەویستو ئارەزووی لایەنێک تێنەپەڕێندرێتو ئیرادەی میللەتێک لەبەرچاو نەگیرێت» هەروەک پێشیوایە «ئەگەر لەم خولەدا پەرلەمان دەنگی لەسەر بداتو دواتر لەگەڵ هەڵبژاردنی ئایندەی پەرلەمان راپرسی لەسەر بکرێت، کارێکە لەدژی دیموکراسیەتو ئیرادەی گەلی کوردە، بۆیە پێویستە رەتبکرێتەوە».

بەبڕوای شاهۆ سەعید نووسەرو مامۆستای زانکۆ، بەهۆی نەبوونی شەفافیەتو نەدانی زانیاری بەخەڵک گومانی ئەوە دەکرێت هۆکاری پەلەکردنی پەرلەمانی کوردستان لەسەر دەنگدانی دەستووری هەرێم، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە دەسەڵاتداران زەمانەتی مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان لەناو ئەو دەستوورەدا پاراستبێت، هاوکاتیش ئەجێندایەکی دیکە هەیە کە دەیەوێت بەرلەوەی هەڵبژاردن بکرێت، هەندێک شت تێپەڕیندرێت، بەئامانجی ئەوەی دەستو مەچەکی ئەندام پەرلەمانەکانی داهاتوو ببەستێتەوە بەکۆمەڵێک مادەو قەیدو مەرجی یاساییو دەستووریی.

بەشێکی دیکە لەبۆچوونەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەگەر لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستاندا، راپرسی دەستووریشی لەگەڵبێت، بێگومان دەبێتەهۆی سەرقاڵکردنو ئاڵۆزکردنی پرۆسەکەو دەنگدەران.

د.سەرهەنگ بەرزنجی مامۆستای یاسای دەستووری لەزانکۆی سەلاحەدین پێیوایە، پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، هەر دواکەوتووە، کەواتە پێویست ناکات ئێستاو لەوهەلومەرجەدا پەرلەمان دەنگی لەسەر بدات، بەڵکو دوابخرێت بۆ پەرلەمانی هەڵبژێردراوی داهاتووی کوردستانو پرۆسەی راپرسی دەستووریش بەپرۆسەیەکی جیاواز بکرێت، وتی: «سێ پرۆسە لەیەک هەڵبژاردندا خەڵک سەرقاڵ دەکات، چونکە ئەو کات خەڵک بەچەندین لایەنەوە سەرقاڵدەبێت لەوانە پاڵێوراوەکان، کێبڕکێی حیزبیو بەرنامەو ئەجێندای لیستەکانو دواتریش دەنگهێنان بۆ سەرۆکی هەرێم، لەدوای هەموو ئەمانەش خەڵک ناچاردەکرێت دەنگ بەدەستووریش بدات، بێئەوەی بەوردی ئاگای لەگرنگیو خاڵەکانی ئەو دەستوورە هەبێت. ئەو مامۆستایەی زانکۆی سەلاحەدین ئاماژەی بەوەشکرد، لەهەرێمی کوردستان مافی خۆمانە دەستوورمان هەبێتو فەراغی دەستووری پڕبکەینەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، هەموو ئەو پرۆسانە بەیەک رۆژو لەم کاتەدا بکرێت.

د. شاهۆ سەعید
رووناکبیرو مامۆستای
زانکۆی سلێمانی:

**لەدونیای دیموکراسیدا دەستوور کۆبوونەوەی جەماوەریی بۆ رێکدەخرێتو چەندین مانگ بەرلەوەی دەنگی لەسەر بدرێت گرنگیەکەی رووندەکرێتەوە**

د. سەرهەنگ بەرزنجی
مامۆستای یاسای
دەستوریی لەزانکۆی
سەلاحەدین:

**«سێ پرۆسە لەیەک هەڵبژاردندا خەڵک سەرقاڵ دەکات، چونکە ئەو کات خەڵک بەچەندین لایەنەوە سەرقاڵدەبێت**

د. کامەران بەرواری
مامۆستا لەزانکۆی دهۆک:

**پەرلەمانی کوردستان لەتەمەنی یاسایی خۆشیدا جگەلە بێ ئیرادەکردنی خەڵکو شاردنەوەی گەندەڵیو کارە نایاساییەکانی دەسەڵات، شتێکی ئەوتۆی بۆ میللەت نەکردووە**

د.ئەنوەر ئەبوبەکر کەریم
راگری کۆلیژی یاسا
لەزانکۆی سلێمانی:

**هیچ پاساوێک نییە بۆ پەلەکردن لەدەنگدان لەسەر دەستوور، دەکرێت دوای هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکرێت**

# دەستوورو سەرۆکایەتی هەرێم بەرەوکوێ؟



سیروان بابەعەلی

ئێمە دەزانین (دەستوور) بۆ گەلانی کوردستانو خودی نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی مافخوراو، تەنیا بەهای یاساییو رامیاریو کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو بەهایەکی مێژوویی زێدە مەزنی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو دەستوورە پرەنسیپە پەسەندە دیموکراسیو شارستانیو مرۆییو دادپەروەرەکان رەچاوبکات.

هەرێمی کوردستان هەر لەساڵی ١٩٩٢-ەوە بەپێی (مادەی ٥٦)ی یاسای هەرێم، دەیتوانی دەستووری خۆی بهێنێتە ژیان، بە گشتی پاساوەکان بۆ گەڵاڵەنەکردنی دەستوور لە رابردوودا ئەمانە بوون: رژێمێکی تۆتالیتار لە بەغدا فەرمانرەوایەو دەوڵەتی عێراق نەبووەتە یەکەیەکی فیدراڵی دیموکراسی... هەرێمی کوردستان دیفاکتۆیە (سەپاوی بارودۆخ)ەو ستاتوس (رەوشی یاسایی) نییە... گەڵاڵەکردنی ئەو دەستوورە دەبێت پشت بە بنەماو بەندەکانی دەستوورێکی تەندروست لە ناوەند (بەغدا) ببەستێت... زۆر ناوچەی کوردستان هێشتا بنچەپۆکەی رژێمنو دەبێت بگەرێنەوە سەر هەرێم.

دەرئەنجام ئەمرۆ رژێمی هەمەکیی بەعس نەماوە... هەرێمی کوردستان ستاتوسێکی فیدراڵی هەیە... عێراق خاوەنی دەستوورێکی تارادەیەک دیموکراسیو تا ئاستێک فیدراڵییە... ئەو دەستوورەی عێراق بە پەژراندن (قبوڵکردن)ی دەسەڵاتدارانی هەرێم گەڵاڵەو هەموارکراو خۆیان پشتی پێدەبەستن... خودی دەسەڵاتدارانی هەرێم بە فەرمی، چارەنووسی ناوچە داگیرکراوو کێشە لەسەرەکانیان سپاردووە بە کۆمەڵێک دەقی یاساییو دیفاکتۆی رامیاریی عێراقەوە. دەبینین ماوەی چەند ساڵێکە ئەو لەمپەرو بیانووانە لەبەردەم هەموارکردنی دەستووری هەرێمدا نەماون، دەسەڵات بە درێژایی سێ ساڵ (لە ٢٠٠٦)ەوە یاریی بە کات دەکات، خۆی دەگنخێنێت، کەچی ئێستا دەنگۆ هەیە، گەڵاڵەنامەی رەشنووسی دەستوور لە پەرلەماندا ریتوالی هەموارکردنی بۆ سازبکرێت.

ئەو کارە نایاساییو پڕخەوشە لەبەر چەند هۆیەک، سێ هۆی بنەرەتیان ئەمانەن:

١- پەرلەمان لە سەرەتای مانگی (٦ی ٢٠٠٩)وە رەوایی یاسایی نەماوە تا بتوانێت بڕیاری هەموارکردنی دەستوور بدات، تەنانەت ئەگەر پێشتریش بڕیار لەسەر دەستوور بدرایە، پەرلەمان هەر رەوایی مانەوەی نەدەبوو، چونکە لە (مادەی ٩٨)ی گەڵاڵەنامەی دەستوورەکەدا هاتووە: (...ئەگەر بەهۆی شەڕ یان کارەساتی سروشتی نەتوانرا هەڵبژاردنێکی نوێ سازبکرێت، پەرلەمان لە ئەرکەکانی خۆی بەردەوام دەبێت...)، بۆ ئێمەش روونە هیچ (شەڕ)و (کارەساتی سروشتی) لەئارادا نەبوون، هەتا هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا سازنەکرێت.

٢- هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیدایە، جۆری ئەو هەڵبژاردنە وەک ئەوەی پەرلەمان بڕیاری لەسەردا (سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی داخراو)ە، کە لەو رێگایەوە گەل ناراستەوخۆ (indirect) لە چوارچێوەی لیستەکاندا نوێنەرانی خۆی دەگەیەنێتە پەرلەمان، ئەوە لەکاتێکدایە لە گەڵاڵەنامەی دەستووری هەرێمدا بەپێی (مادەی ٧٩)، ئەندامەکانی پەرلەمان بە دەنگدانێکی (گشتیو ئازادو نهێنیو راستەوخۆ) هەڵدەبژێردرێن... لەوێوە لەبەرئەوەی سیستمی هەڵبژاردنەکە (ناراستەوخۆ)یە، لەگەڵ ئەو (راستەوخۆ -direct)یەی دەستووردا نایەتەوە، ئەوکاتە هەڵبژاردنەکە رەوایی دەستووریی لەدەست دەدات.

٣- بەدەر لە تەواوبوونی ماوەی یاسایی پەرلەمانیش، تائێستا چەندین نیشانەی پرسیارو گومان لەسەر رەواییو یاساییبوونی خودی پەرلەمان هەیەو زلپارتەکان قۆرخی هەموو کاروبارێکیان کردووە، کەواتە پرێستیژی یاسایی پەرلەمان خەوشدارە، بڕیار لەسەر هەر شتێکیش بدات وەک پێویست بەهای یاساییو رەوایی نییە، چجای بڕیاردان لەسەر دەستوور کە پڕبەهاترین یاسای بنەڕەت یان کۆیاسای وڵاتێکە، تەنیا پاش ئەم هەڵبژاردنە، ئەویش ئەگەر (خاوێنو یەکسانو پاشبینراوو یاسایی) بێت، پەرلەمانێک چێدەبێت، بە راستی نوێنەری هەڵبژێردراوی گەل بێت، ئەوکاتە هەموارکردنی دەستووریش لە پەرلەماندا پیرۆزییو بەهای یاساییو مێژوویی خۆی دەبێت.

کەواتە بۆچی دەسەڵاتدارانی هەرێم سەرەرای ئەو راستیانەش دەیانەوێت لەو پەرلەمانەدا بڕیار لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان بدەن؟ ئەو نیازەی دەسەڵات بە بڕوام تەنیا یەک لێکدانەوەی ژیربێژانە هەڵدەگرێت، ئەویش ئەوەیە دەسەڵات دەیەوێت پێش یاساییکردنو رەواییدان بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، دەسەڵاتە پاشاشێوەکانی سەرۆک لە دەستووردا بچەسپێن، لەم وتارەدا دەمەوێت لە سامناکیی ئەو پرۆسەیە بدوێم.

**پەرلەمان لە سەرەتای مانگی (٦ ی ٢٠٠٩)وە رەوایی یاسایی نەماوە تا بتوانێت بڕیاری هەموارکردنی دەستوور بدات، تەنانەت ئەگەر پێشتریش بڕیار لەسەر دەستوور بدرایە، پەرلەمان هەر رەوایی مانەوەی نەدەبوو، چونکە لە (مادەی ٩٨)ی گەڵاڵەنامەی دەستوورەکەدا هاتووە: (...ئەگەر بەهۆی شەڕ یان کارەساتی سروشتی نەتوانرا هەڵبژاردنێکی نوێ سازبکرێت، پەرلەمان لە ئەرکەکانی خۆی بەردەوام دەبێت...)، بۆ ئێمەش روونە هیچ (شەڕ)و (کارەساتی سروشتی) لەئارادا نەبوون، هەتا هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا سازنەکرێت**

لە هەرێمێکی فیدراڵدا کە بەخۆی دەوڵەت نییە، بۆ پێڕەوی رامیاریی، (سیستمی پەرلەمانیی) هەمیشە لە (سیستمی سەرۆکایەتی) پێویستترە، لەبەر سێ هۆ:

١- ئەو هەرێمە بەشێکە لە یەکەیەکی فیدراڵیو دەبێت رەچاوی دەستووری ناوەندو پەیوەستییە گشتییەکان بکات، لەوبارەشدا سەرۆک رۆڵێکی ئەوتۆی نییەو تەنیا سەنگێکی لۆکاڵیی وازی دەکات، زیاتر بە (میر)ێک دەچێت لە چوارچێوەی شانشینێکدا.

٢- خاڵە ئەرێنییەکانی سیستمی سەرۆکایەتی کە وادەکەن دەوڵەت لەو سیستمەدا سەقامگیرترو بەهێزتر بێت، بریتین لە دەسەڵاتەکانی (بەرگرییو دەرەکی) بەدەست سەرۆکەوە، بەڵام لە فیدراسیۆندا ئەو دوو دەسەڵاتە لەگەڵ دەسەڵاتی دارایی، لە بندەستی دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەتدان، کەواتە خاڵە ئەرێنییەکانی سیستمی سەرۆکایەتی لەوێدا بوونیان نییە.

٣- سیستمی پەرلەمانیی دیموکراسیترو تەندروستترە، فرەمینبەرو فرەڕاوێژترە، یاسای ئاوەزمەندتر گەڵاڵە دەکرێن، زیاتر نوێنەرایەتی زۆرینە دەکرێت، باشتر بەها بۆ فشارو بیروڕای ئۆپۆزسیۆن دادەنرێت.

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی، بۆ هەرێمێکی فیدراڵ، بوونی (سەرۆک) پێویست نییە...

لێ بۆ (کورد) ئەو رەوشە جودایە، بەهای رامیارییو نیشتمانیبوونی (سەرۆک یان رابەر) بەرزەو پاساوی خۆی هەیە، کورد نەتەوەیەکی بندەستە، ناحەزی زۆرە، هێشتا پێویستی بەوەیە بەرگریی لە بوونو مافی مانەوەی مرۆڤانەی خۆی بکات، لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە لانیکەمی مافە رامیارییو نەتەوەییو فەرهەنگییەکانی بکات... هەروەها هەستیاریی ئیتنییو ئایینی لەنێوان گەلانی هەرێمی کوردستاندا هەیەو زۆرجار ئەو هەستیاریانە دەبنە نەژادپەرستیو دەمارگیرییو لە ناوەوەو دەرەوە دەبزوێنرێن... پێویستە سەرۆکێکی دادپەروەر، هەستەوەریی نیشتمانیی هاوبەشی ئەو ئیسنو ئایینانە بە یەکسانیو دادپەروەریی لەژێر سەیوانی کوردستاندا کۆبکاتەوەو نەهێڵێت کەمینەکان بچەوسێنەوە.

کەواتە بە بڕوام لەلایەک پێویستە سیستمی رامیاریی هەرێمی کوردستان (پەرلەمانی) بێت، لەبەرئەوەی دیموکراسیترو تەندروستترو کاریگەرترە، لەلایەکی دی سەرۆکێکمان هەبێت بۆ سەنگو بەهاو پرێستیژی رامیاریی ئەزموونی کورد لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لەوێدا کە دەگوترێت (سیستمی پەرلەمانی)، پێویستە پایەی یاساییو ئەرکو دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم وەک بەرزترین پۆستی فەرمیی هەرێم، پرۆتۆکۆڵی بن، پۆستەکەی دەسەڵاتی میریی قۆرخ نەکاتو جودابێت لە دەسەڵاتی راپەڕاندن.

ئێستا پێویستە بزانین ئایا دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم پرۆتۆکۆڵیو جودا لە دەسەڵاتی راپەڕاندنن... بۆ بەراوردکردن چەند برگەیەک لە مادەکانی دەستووری (ئەڵمانیا) دەخەمەڕوو، کە سیستمە رامیارییەکەی پەرلەمانییەو دەسەڵاتەکانی سەرۆک پرۆتۆکۆڵین (بە چاوپۆشی لەوەی سەرۆکی فیدراڵی ئەڵمانیا، سەرۆکی دەوڵەتێکە نەک هەرێمێک!):

لە (مادەی ١/٥٤)ی دەستووری ئەڵمانیادا هاتووە سەرۆک لە (کۆمەڵەی فیدراڵی- Bundesversamelung)دا هەڵدەبژێردرێت، (دەزگایەکی تایبەت بەو هەڵبژاردنەیەو لە ئەندامانی پەرلەمانو نوێنەرانی لە رێژەدا هاوتای هەرێمەکان پێکدێت).

لە (مادەی ٢/٥٤)دا هاتووە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک پێنج ساڵەو تەنیا یەک جار بۆی هەیە خۆی هەڵبژێرێتەوە.

لە (مادەی ٥٥)دا هاتووە سەرۆک بۆی نییە سەر بە میریی (حکومەت) یاخود ئۆرگانێکی یاسادانان بێت.

لە (مادەی ٥٥/ ٢)دا هاتووە نابێت هیچ پۆستێکی هەبێت پارەی تێدا خرابێتەگەڕ، نابێت خاوەنی هیچ کۆمپانیاو کارێکی تایبەت بە خۆی بێت.

لە (مادەی ٥٨)دا هاتووە بۆئەوەی بڕیارو داواکارییەکانی سەرۆکی فیدراڵیی بگوزەرێن، پێویستە ئیمزای راوێژکار (هاوشانی سەرەکشالیارە)، یاخود شالیار (وەزیر)ی تایبەتمەند بەو پرسەیان لەسەربێت...

لە (مادەی ٥٩/ ١، ٢)دا هاتووە سەرۆکی فیدراڵیی لە بۆتەی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا نوێنەرایەتیی دەوڵەت دەکات، بەناوی دەوڵەتی فیدراڵییەوە رەوایی دەداتە گرێبەست (کۆنتراکت)ەکان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا، پێشوازیی لە نێردراوەکان (بۆ نموونە باڵیۆزەکان) دەکاتو باوەڕیان پێدەدات... بەڵام ئەو گرێبەستانەی پەیوەندییە رامیارییەکان رێکدەخەن، یاخود پەیوەستن بە رێکاری ئۆرگانەکانی سەر بە ناوەندی یاسادانانی دەوڵەت، پێویستە بڕیار یاخود رەزامەندیی یاسایی ئەو ئۆرگانەی یاسادانانی لەسەربێت، سەبارەت بە رێککەوتنە کارگێڕییەکانیش، بەپێی بنەماکانی کارگێڕیی (ئیدارە)ی فیدراڵی بەڕێوەدەچن.

ئێستاش با لە هەندێک برگەی مادەکانی پەیوەست بە سەرۆکایەتی هەرێم، لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی (پەسەندکراو)، هەروەها گەڵاڵەنامەی دەستووری (هێشتا پەسەندنەکراو) رابمێنین:

لە (مادەی یەکەم)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێم)، هەروەها لە (مادەی ٩٩/ یەکەم)ی (دەستوور)دا هاتووە سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە.

لە (مادەی سێیەم)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێم)دا هاتووە: (ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم چوار ساڵ دەبێتو دەکرێت بۆ دوو ماوەی سەرۆکایەتی هەڵبژێردرێتەوە). بەڵام لە (مادەی ٩٩/ یەکەم)ی (دەستوور)دا هاتووە: (ویلایەتی سەرۆکی هەرێم چوار ساڵەو دەکرێت بۆ ویلایەتێکی دووەم هەڵبژێردرێتەوە)... ئەو دوو دەربڕینە جگە لەوەی ناکۆک بەیەکترن، روونیش نییە کە ئایا تەنیا بۆ یەک جاری دیکە مافی هەڵبژاردنەوەی هەیە یاخود زیاتر.

لە (مادەی هەشتەم)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێم)دا هاتووە پاڵێوراوی سەرۆکایەتی لە هەڵبژاردندا بە (زۆرینەی سادە) دەیباتەوە. هەروەها لە (مادەی ١٠٠)ی (دەستوور)دا هاتووە بە دەنگدانی نهێنی، گشتی، راستەوخۆ لەلایەن هاوڵاتییانی هەرێمەوە هەڵدەبژێردرێت... ئەوەی دووەمیان بە سیستمی پەرلەمانیی ناکۆکە؛ ئەوەی یەکەمیش بە برگەکانی، (مادەی سیانزیەم/ ٣)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێم)و (مادەی ٩٣/ چوارەم)ی (دەستوور)، کە لابردنی سەرۆک لە (یاسای سەرۆکایەتی هەرێم)دا پێویستی بە دەنگی (سێ لەسەر چوار)ی ئەندامانی پەرلەمانو لە (دەستوور)ەکەدا پێویستی بە (زۆرینەی رەها)یە.

لە (مادەی دەیەم/ چوارەم/١، ٢، ٣، ٤)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێم)، هەروەها لە (مادەی ٩٦/ دووەم/ أ، ب، ج)ی (دەستوور)دا هاتووە سەرۆک بۆی هەیە لە چەند رەوشێکدا پەرلەمان هەڵبووەشێنێتەوە. (ئەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم یەک خاڵی زیاترە!))... لە هەردووکیاندا بەپێی برگەی (٣)، ئەگەر پەرلەمان سێ جار متمانەی نەبەخشییە ئەنجومەنی شالیاران (وەزیران)، سەرۆک دەتوانێت هەڵیبووەشێنێتەوە، بە بڕوام پارتە گەورەکانو سەرۆک دەتوانن بەئاسانی ئەو دەسەڵاتە بەد بەکاربهێنن.

لە (مادەی سیانزیەم/ ١)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێم)، هەروەها لە (مادەی ٩٩/ یەکەم)ی (دەستوور)دا هاتووە، سەرۆکی هەرێم فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم)ە.

ئەوانەو چەندین دەسەڵاتی دیکەی وەک: (بڕیاردانی لێبووردنی تایبەت بۆ تاوانباران/ بڕیاردان دەربارەی فەرمانی لەسێدارەدان/ راگەیاندنی باری نائاسایی/ پێدانی پلەی سەربازییو دەرکردنو خانەنشینکردنو...هتد).

لەو بەراوردەدا دەبینین لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتەکانی سەرۆک لە ئێستادا، هەروەها بەپێی ئەو دەستوورەی بۆ هەموارکردن گەڵاڵەکراوە، دەسەڵاتی سەرۆکن لە سیستمی سەرۆکایەتیدا نەک پایەی مۆراڵیو دەسەڵاتی پرۆتۆکۆڵی سەرۆک لە سیستمی پەرلەمانیدا.

لەراستیدا هەر لەوێوەیەوە پارادۆکسێکی گەورەی دوو هەڵبژاردنەکەی (پەرلەمانیو سەرۆکایەتی) دەردەکەون، رەشبینییەک دروستدەکات کە هەرێمی کوردستان نەبێتە خاوەنی پەرلەمانێکی ئەکتیڤ...

بۆخۆی دەبا جارێ رێگا نەدرایە، یاسای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بکەوێتە دەرەوەی پەرلەمان... ئێستاش پارادۆکسەکە ئەوەیە دوو هەڵبژاردن بە دوو سیستمی هەڵبژاردنی جودای هاوتەریب کە دوو دەسەڵاتی جودایان لێدەکەوێتەوە، سازدەکرێن... ئەوە راستە کە دەتوانرێت هەردوو سیستمی هەڵبژاردنی (زۆرینە/ بازنەیی)و (نوێنەرایەتی رێژەیی) تێکەڵ بکرێنو سیستمی (نوێنەرایەتی رێژەیی کراوە)یان لێبکەوێتەوە، بەڵام بەوشێوەیەی ئێستا کە سەرۆکی هەرێم بەو هەموو دەسەڵاتەوە لە رێگای (سیستمی هەڵبژاردنی زۆرینە/ بازنەیی) هەڵدەبژێردرێت، پەرلەمانیش لە رێگای (سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی داخراوە)وە، میتۆدێکی زۆر ناوازەو دژوێژو ناتەندروستە.

ئەوە پرسێکی دیکەیە کە دوو زلپارتەکە وا دەزانن هەمیشە لە دەسەڵاتدا دەبنو دەستیان ناکەوێت، بەڵام ئەگەر هاتوو کوالیسیۆنێکی دیکە بووە زۆرینەی پەرلەمان، ئایا لەبەردەم ئەو دەسەڵاتە زۆروزەبەندەی سەرۆکدا چی دەکات؟ ئایا سەرۆک کە راستەوخۆ گەل هەڵیدەبژێرێت، پاشان دەسەڵاتەکانی بۆ لەمپەردانان بەکارناهێنێت؟.. هەموومان ئەو راستییەش دەزانین کە سەرۆکی هەرێم نەیتوانی لە ساڵانی رابردوودا بێلایەنو دادپەروەرو لێبووردەو سەرۆکی هەموو کۆمەڵانی خەڵک بێت، لەڕووی کارو کۆمپانیای تایبەتیشەوە، لێدوانەکەی (ئەردۆغان)و راپۆرتە دەرەکییەکانو راستییە بەرجەستەکانیش هاواردەکەن... زۆربەشمان ئەو گریمانەیە دەردەبڕین کە پێدەچێت پلانی جێنشینیی سەرۆکایەتی هەرێم هەر لە بنەماڵەیەکی دیاریکراوبێت.

ئەو سیستمە رامیارییەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی بۆ دەنێت، لە باشترین رەوشدا بە دیموکراسیەکەی روسیای سەردەمی (بۆریس یلتسین) دەچێت، کە بە ئارەزووی خۆی بڕیاری دەردەکردو هەر تورە دەبوو پاش سێ جار ئاگادارکردنەوە بە مادەی یاسایی، لە پەرلەمانی هەڵدەدا... لە خراپترین رەوشیشدا وەک شانشینی (بەحرەین)ی لێدێت، هەرکاتێک پاشا (حەمەد بن عیسا) بیەوێت پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە.

بۆخۆم نازانم چۆن دەکرێت سەرۆکی وڵاتێک بە زۆرینەی سادە هەڵبژێردرێت، لەکاتێکدا لەوانەیە ئەو زۆرینە سادەیە بۆ نموونە ٣٠٪ بێت، ئەدی ئەی لەوێدا دەنگنەدانی زۆرینە چی لێدێت؟... راست وایە لەو دۆخەدا یەکەم ئاستی چوونە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک، ٧٠٪ی ژمارەی هەموو ئەوانە زیاتر بێت کە مافی دەنگدانیان هەیە، دووەم کەسێک بکرێتە سەرۆک، لانیکەم ٧٠٪ی دەنگدەران دەنگی پێبدەن... ئایا ئەو سەرۆکەی بە دەنگی ٣٠٪ دەبێتە سەرۆک، ئامادەیە بە دەنگی هەمان رێژە واز لە پۆستەکەی بهێنێت؟ بێگومان نەخێر؛ وەک وتمان لە (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمو گەڵاڵەنامەی دەستوور)دا سێ لەسەر چوارو زۆرینەی رەها بۆ ئەو مەبەستە دیاریکراوە!

سەیر لەوەدایە پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمو رەهەندە مەترسیدارەکانی ئەو پرۆسەیە زۆر سانا بەسەرماندا تێدەپەڕن!

## خامنەیی فەرمانی لێکۆڵینەوەی دەرکرد

# خۆپیشاندانەکان هەڵکشان بۆ کوشتار

جەمال ئیختیار


توندوتیژیی دوای پرۆسەی دیموکراسی

خۆپیشاندان و نارەزاییەکانیش بەردەوامییان هەیەو تابێت رووبەرەکەی بەرەو فراوانبوون دەڕوات، تاگەیشتووە بەوەی پیاوانی پۆلیس تەقەیان لێبکەن و بە گوێرەی هەواڵێکی رادیۆی تاران ٧ کەس لە خۆپیشاندەران کە لایەنگریی موسەویین کوژراون.

سەرچاوەکانی هەواڵ باس لەوەدەکەن کە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئێراندا، کاندیدی ریفۆرمخواز میر حوسێن موسەوی براوەی راستەقینە بووە، ئەحمەدی نەژاد لە قازانجی خۆی دەستێوەردانی لە هەڵبژاردنەکەدا کردووە، هاوکات عەلی خامنەیی، رێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی، فەرمانیداوە کە لێکۆڵینەوە لە ئەگەری ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا بکرێت.

سایتی (زە ئێنکوێزیتێر) بڵاویکردووەتەوە کاندیدی ریفۆرمخواز میر حوسێن موسەوی براوەی راستەقینەی هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییە سەرۆکایەتیی ئێران بووە، ئاکامە شاراوەکانی هەڵبژاردن کە وردە وردە ئاشکرادەبن، ئەوە پیشاندەدەن کە موسەوی بە هێنانی (١٩,١) ملیۆن دەنگ، سێجار زیاتر لە ئەحمەدی نەژاد سەرۆکی ئێستاو کاندیدی کۆنەپارێز دەنگی هێناوە.

زە ئێنکوێزیتێر هەروەها دەنووسێت، ئاکامە شاراوەکان کە روو لە ئاشکرابوونن، بەڵام تائێستا بە رەسمیی تەئکید نەکراون، وا پیشاندەدەن کە کاندیدی ریفۆرمخواز مەهدی کەروبی، سەرۆکی پێشووتری پەرلەمانی ئێران، کەسی دووەم بووەو (١٣,٤) ملیۆن دەنگی هێناوە، موحسین رەزایی فەرماندەی پێشووی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی، بە هێنانی (٣,٧) ملیۆن دەنگ لە پلەی چوارەمدا راوەستاوە، ئەحمەدی نەژاد کە وەکو سەرۆک کۆماری ئێستای ئێران دەسەڵاتی جێبەجێکردنی لەبەردەستدایەو بەرپرسە لەو ساختەکاریانەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا کراوە، تەنیا (٥,٧) ملیۆن دەنگی هێناوە، لە حاڵەتێکدا کە ئەگەر هیچکام لە کاندیدەکان نەتوانن رێژەی پێویست بەدەست بهێنن، ئەحمەدی نەژاد تەنانەت ناتوانێت بۆ قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنەکە بەشداربێت، بەڵکو ئەوە هەردوو کاندیدی ریفۆرمخواز موسەوی و کەروبین کە دەبێت رکابەری یەکتر بکەن.

ئاستی ساختەکارییەکان لە دوانیوەڕۆی رۆژی هەینی (رۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان)، دەستیان بە دەرکەوتن کردو شەممەی رابردوو بە راگەیاندنی بردنەوەی ئەحمەدی نەژاد، شەپۆلێک لە بێزاریی و خۆپیشاندان ئێرانی گرتەوە، کە هەندێک پێیانوایە گەورەترین راپەڕین بووە لەکاتی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلام لە ١٩٧٩وە تائێستا. نائارامییەکان لە تاران و هەندێک لە شارە گەورەکانی دیکە روویانداوە، سایتی (ئەنتی ور) باسی لەوەکردووە، کە کەسانێک و لەوانە شەخسی میر حوسێن موسەوی گیراون، هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە زۆر دژوارە لەبەرئەوەی لەدوای دەستپێکردنی تەنگەژەکان، بەربەستی زۆر بۆ میدیاکان دروستکراوەو تەنانەت کۆمپانیاکانی مۆبایلیش نامەکانی خەڵک ناگوازنەوە، سایتەکەی موسەوی داخراوەو هاوڵاتییانی ئێران جێگرەوەی دیکە وەکو سایتی فەیس بوک و فلکەر بۆ پەیوەندیگرتن بە دنیای دەرەوە بەکاردەهێنن.

هاوکات لەگەڵ نارەزایی بەربڵاوی ناوخۆیی، کاردانەوە دەرەکییەکان بەشێک بوون لەو گوشارەی کە واپێدەچێت ئاکامێکی باشی هەبێت، سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە رێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران فەرمانیداوە لێکۆڵینەوە لە ئەگەری ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا بکرێت. خامنەیی پێشتر ستایشی هەڵبژاردنەکان و بەشداری بەربڵاوی کردبوو، داوای کردبوو خەڵکی ئێران پشتیوانیی لە نەژاد بکەن و هەروەک لە ئێستادا داوای لە موسەوی لە جێگای راپەڕینی سەر جادەکان، رێگای یاسایی بگرێتەبەر.

وا دانرابوو کە نەژاد بە سەردانێک بچێتە روسیا، بەڵام بەهۆی نائارامییەکانەوە سەردانەکەی دواخراوە، نەژاد پێکدادانەکانی ئێستای ئێرانی بە شەڕی نێوان دوو یانە چواندووەو داوای لە خەڵکی ئێران کردووە کە ئاکامەکانی هەڵبژاردن قبوڵ بکەن.

یەکێتی ئەوروپا نیگەرانیی خۆی لە بارودۆخەکەو بەکارهێنانی توندوتیژی لەدژی خۆپیشاندەران دەربڕیوە، فەرەنساو ئەڵمانیا باڵیۆزی ئێرانیان بانگکردووەو نارەزاییان پێڕاگەیاندووە، ئەمریکاش وتویەتی کە پێویستە تاران وەڵامی گومانەکانی ئۆپۆزسیۆن بداتەوە.

# ئۆتۆنۆمی، کۆتایی بە کێشەی کوردی تورکیا دەهێنێت؟

ئارام شێخ وەسانی

پاش ساڵانێکی دوورودرێژ لە ناکۆکییەکانی کوردو تورکیا، ئێستا هەم کورد هەم تورکیا بەشێوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەدوای چارەسەرو بەدیلی ناکۆکییەکانی رابردوودا دەگەڕێن، لەماوەی دەسەڵاتی ئەردۆغان و حیزبەکەیدا (پارتی دادو گەشەپێدان) چەندین گۆڕانی گەورە لە کێشەی کوردی تورکیادا روویدا، ئەوەی لە هەمووی گرنگترە ئەوەیە کە کێشەکە وەک یەکەم کێشەی سەرەکی ناسرا لە تورکیا، داننان بەو راستییەدا ئاماژەی گرنگی خستەڕوو. ئەو لێدوانانەی سەرۆک وەزیران، چەندین نارەزایی لێکەوتەوە، لەلایەن پارتە توندڕەوو نەتەوەپەرستەکانی تورکیا. لەناو ئەو گفتوگۆیانەدا هەریەکە لە گویل و ئەردۆغان باسیان لەوەکرد کە دەکرێت دەتەپە رۆڵێکی باش ببینێت بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە رێگای گفتوگۆو ئاشتیانە، هەروەها داوایان لە پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (دەتەپە) کە پارتێکی کوردییەو نزیکە لە پەکەکە کرد کە هاوکاربێت بۆئەوەی رێگاچارەی کێشەکە بدۆزنەوە، بەوهۆیەوە بەرپرسانی (دەتەپە)ش چەندین لێدوانی جۆراوجۆریان دا.

ئەحمەد تورک، سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکرات، رایگەیاند: ناکرێت بیر لە چارەسەری ئاشتیانە بکرێتەوەو داوای ئاشتی بکرێت، لەکاتێکدا ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا دژ بە پەکەکە بەردەوامن. ئەمە وەک سەرەتایترین وەڵام لە بەرامبەر داواکەی تورکیا لە دەتەپە، دوابەدوای ئەوە بەرپرسە باڵاکانی تورکیا زیاتر گرنگیان بەم بابەتە دا، چەندین ئاماژەی جیاوازترو گرنگتر خرانەڕوو، هەروەها پارتە توندڕەوەکانیش لێدوانی جیاوازیان داو پێشنیازی چارەسەری کێشەی کوردیان خستەڕوو، ئەمەش وای لە دەتەپە کرد کە بیر لە وەڵامدانەوەی بەرپرسانی تورکیا بکاتەوەو بەشێوەیەکی گشتی چارەسەرێکی ناوەندی بۆ کورد بخەنەڕوو.

### «چارەسەرێکی گونجاو»

لەماوەی دوو رۆژی رابردوودا لە شاری دیاربەکر بە بەشداری زیاتر لە (٧٠٠) کەسایەتی جۆراوجۆر، کۆنگرەیەک کە دوو رۆژی خایاند لەمەڕ چارەسەری کێشەی کورد بەڕێوەچوو، لە کۆنگرەکەدا چەندین گوتارو پێشنیازو بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و سیاسی و رەخنەیی خرانەڕوو، لە کۆتایی کۆنگرەکەدا (١٠٧) کەس بۆ سەرۆکایەتی دەستەی کۆنگرەکە هەڵبژێردران، لە کۆتایی کۆنگرەکەدا یاداشتێکی گشتی بڵاوکرایەوە، رۆژنامەو ئاژانسەکانی تورکیا بە گرنگییەوە ئەنجامی کۆتایی کۆنگرەکەیان بڵاوکردەوە، لە بەشێکی یاداشتەکەدا هاتووە «سەرجەم لایەنەکانی کۆنگرەکە بەدرێژایی دوو رۆژ گفتوگۆیەکی فراوانیان ئەنجامداو هەموومان گەیشتینە ئەو راستیەی کە لە ئێستادا تاکە چارەسەر بۆ کێشەی کورد، بریتییە لە «ئۆتۆنۆمی»، هەروەها «هیچ چارەسەرێک سەرکەوتوونابێت ئەگەر کێشەی ئۆجەلان و پەکەکە یەکلایی نەکرێتەوە». بەشێوەیەکی گشتی لە کۆنگرەکەدا باس لەو ئاگربەستە کرا کە پەکەکە رایگەیاندووە، بەوهۆیەشەوە باس لەوەکرا کە پێویستە دەستبەجێ تورکیا هەموو ئەو ئۆپەراسیۆنانەی سەرسنوور دژ بە چەکدارانی پەکەکە بوەستێنێت، بۆئەوەی هیوایەک بۆ ئاشتی بمێنێتەوە. لێرەدا هەم کوردو هەم تورک بیر لەوەدەکەنەوە کە ئایا پێشنیازەکەی دەتەپە تا چەند دەبێتە جێگای سەرنجی بەرپرسانی تورکیا؟ ئایا ئۆتۆنۆمی دەتوانێت ئاشتی بەرقەرار بکات لە ناوچەکەدا کە چەندین ساڵە ئەو کێشەو شەڕە بەردەوامە لەسەر ناسنامەی نەتەوەکەی، ئایا ئێستا لەدوای هەموو ئەو بەرەوپێشچوونانەی کە روویداوە لە کێشەی کورددا، ئۆتۆنۆمی دەبێتە خاڵی کۆتایی و کۆتایی بە ناکۆکی چەندین ساڵەی دێت؟ وێڕای هەموو ئەو پرسیارانە، لێرەدا پارتی دادو گەشەپێدان دەکەوێتە بەردەم پێشنیازێکی کوردەکان کە داوای مانەوەو یەک پارچەیی خاکی تورکیا دەکەن، لەناو ئەو وڵاتەی پێیدەڵێن تورکیا، داوای هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی دەکەن، ئەمەش ئەو هاوکێشە گرنگە دەردەخات کە کورد لە تورکیا ئێستا دەستبەرداری خەونی سەربەخۆیی بووە، هەروەها ئەو هەوڵ و تێکۆشان و خەباتەی لەدوای ساڵانی هەشتاکانەوە پەکەکە بۆی چووەتە شاخ و ئێستا گۆڕانی تێکەوتووە، ئۆتۆنۆمی بە چارەسەرێکی مامناوەندیی و گرنگ دادەنرێت بۆ کێشەی کوردی تورکیا، بەڵام لێرەدا لە هەموو گرنگتر ئەوەیە، ئایا ئەردۆغان و پارتەکەی دەتوانن چۆن رەفتاربکەن لە بەرامبەر ئەو داوایەی کوردەکانداو لە رەوشی ئێستای تورکیادا تاچەند دەتوانن ئەم داوایە لەسەر ئەرزی واقیع بەرجەستە بکەن.


خەونی کوردان لەتورکیا دێتەدی؟

# هەڵبژاردن گۆڕینی دەسەڵاتە

گۆران عوسمان

گەر قەرار وایە هەڵبژاردن بۆ گۆڕینی دەسەڵات بێت، دەسەڵات بەومانایەی کە پەرلەمانێک دروست بکرێت جێگەی ڕەزامەندی خەڵک بێت، ئەوا قبوڵەو کەس ناتوانێت ڕەفزی بکات، بە پێچەوانەشەوە گەر بۆ ئەوەیە تەنیا دەمووچاوەکان بگۆڕن ئەوە هەر نەکرێت باشە، ئەو پەرلەمانتارانەی ئێستا هەن، باوەڕ بەوەناکرێت کە زۆرینەی خەڵک بە نوێنەری خۆیانیان بزانن‌و بڵێن پەرلەمانەکەمان ئەکتیڤ‌و کارایە بۆ داخوازییەکانمان، شەڕ هەر شەڕە چ بەهێزی سەربازیی بکرێت چ بە هێزێکی ڕاگەیاندن یاخود هێزی بردنەوەی هەڵبژاردن، کە ئەویش ترس هەیە ساختەکاریی تێدا بکرێت، زەرەرمەندی بەردەوام لەم جۆرە شەڕانەدا خەڵکە، هەموو جۆرە شەڕەکانیش بەخەڵکی دەکەن‌و قوربانی یەکەمیشی هەر خەڵک دەبێت! تۆ ناتوانی بە تەنیا شەڕ بکەیت ناچاری پەنابەریتە بەر ڕێگەچارەیەکی دیکە بۆ مانەوەی خۆت، کە لە ئێستادا سندوقەکانی دەنگدانە، خۆ لەبەر چاوی کاڵی ئەو خەڵکە نییە دەسەڵات، ئەمجۆرە شەڕانە ئێستا ناوێکی زۆر مەدەنیانەیان بۆ داناوەو پێیدەوترێت شەڕی دیموکراسی! شەڕی بارودۆخە ناسکەکە!

هەنوکە باس‌و خواسەکانی هەڵبژاردن لە گەردنی ئەو خەڵکەدایە، کەچی دەبینین ئەوەندەی بایەخ بە مانەوەو شەڕی دەسەڵات دەدرێت ئەوەندە لای دوو هێزەکە بیر لە خەڵکەکەی ناکرێتەوە، ئەگەر تەماشای وڵاتان بکەین سیماکانی هەڵبژاردن زۆر بە ڕوونی ئەوە دەسەلمێنن کە هەڵبژاردن لای ئەوان گۆڕانکارییە لە دەسەڵات‌و بۆ بەرژەوەندی خەڵکە، لە لایەکی دیکەوە غەشکردن لەوخەڵکە لەکاتی هەڵبژاردنداو پڕکردنەوەی دەنگەکانیان کە لە بنەڕەتدا باوەڕیان بە بوونی هەڵبژاردن نییە جۆرێکی دیکەی شەڕی دەسەڵاتە بەرامبەر بە ئیرادەی خەڵک، ئێمە دەبێت بیرلەوەبکەینەوە کە هاتنی ئەو هەموو چاودێرە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لەم هەرێمە بچوکەدا ئەو ڕاستیە دەخاتە پێش چاوی جیهانی دەرەوە کە کورد شەڕی دەسەڵات دەکات نەک شەڕی چوونمان بەرەو دیموکراسیەت، نەک شەڕی چوون بەرو یەکتر قبوڵ بوون، نەک چوون بەرو ئازادیی ڕەها بۆ تاکی کورد. مەسەلەیەکی کوردی هەیە کە دەڵێت: «ئەگەر گۆشتەکەشت بخۆم ئێسقانەکەت ناشکێنم»، بەڵام لە ڕاستیدا لای ئێمە بۆیە گۆشتەکەی دەخۆیت بۆئەوەیە کە بە ئاسانی ئێسقانەکەی بشکێنێت، ئێمەی کورد ئاوابیردەکەینەوە، تاکی کوردو نەوەکانی داهاتوومان بەو جۆرە پەروەردە دەکەین، دەسەڵات لای وڵاتانی دی بەردەوام جێگەی تێڕامانی خەڵکەکەیەتی‌و لە هەر ئانوساتێکدابێت بیانەوێت کۆتایی پێدەهێنن، ئەوان گەربشیانەوێت دەسەڵات بگۆڕن ناهێڵن دەستێوەردانی دەرەکی لە پشتی ئەو مەسەلە چارەنووسسازەوەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە سەرکردەو دەسەڵاتەکانی ئێمە لەمکاتەدا لە جێگەی ئەوەی دڵنەوایی خەڵکەکەی بکەن‌و پێیان بڵێن هەڵبژاردن بۆ ئێوەیە، هەڵبژاردن خواستی خەڵکەو داوای لێبووردنیان لێ بکەن کە لەو ماوەی چوارساڵەی سەرۆکایەتی‌و دەسەڵاتیاندا نەیانتوانیوە وەک پێویست داخوازیی‌و گرفتەکانیان جێبەجی بکەن، کەچی پەنا بۆ وڵاتانی دەرەوە دەبەن‌و لەو ڕێگەیەوە هەوڵدەدەن بۆ دووبارە مانەوەی دەسەڵاتیان، بەرهەر حاڵ هێشتا کات بە بەریەوە ماوە، هەڵبژاردنیش زۆری ماوە، گرنگ ئەوەیە دیموکراسیەت‌و ئازادیی ڕادەربڕین‌و یەکتری قبوڵ بوون جێگەی ئەو هەموو ناخۆشی‌و شەڕی گرتنە دەستی دەسەڵات بگرێتەوە، لیستەکان ئەو خەڵکە بە خاوەنی خۆیان بزانن، ئەو خەڵکە نەکەنە مەقاش بۆ ئەوەی خۆیان دەستیان نەسووتێت‌و نانەکەی بخۆن! هیچ نەبێت بیر لە ڕابردوویەکی کورتی خۆتان بکەنەوە تاکەی خەڵک باجدەری ئەو دەسەڵاتەبێت کە بەڕێوەی دەبەن.

> **بەپێچەوانەوە سەرکردەو دەسەڵاتەکانی ئێمە لەمکاتەدا لە جێگەی ئەوەی دڵنەوایی خەڵکەکەی بکەن‌و پێیان بڵێن هەڵبژاردن بۆ ئێوەیە، هەڵبژاردن خواستی خەڵکەو داوای لێبووردنیان لێ بکەن کە لەو ماوەی چوارساڵەی سەرۆکایەتی‌و دەسەڵاتیاندا نەیانتوانیوە وەک پێویست داخوازیی‌و گرفتەکانیان جێبەجی بکەن، کەچی پەنا بۆ وڵاتانی دەرەوە دەبەن‌و لەو ڕێگەیەوە هەوڵدەدەن بۆ دووبارە مانەوەی دەسەڵاتیان**

Goran_Penws@yahoo.com

# بۆ لە یەکێتی نیشتمانی دەرکراین؟



عومەر حەمە حسێن*

ئێمە پێشمەرگەو کاردیرو بەرپرسانێکی یەکێتی نیشتمانی بووین، کە هەمیشە یەکێتی نیشتمانیمان بە هێزێکی فریادڕەس زانیوە بۆ نەتەوەکەمان، هێزێک کە هەمیشە باوەڕمان وابوو خوێنێکی پاک بە دەمارەکانیدا دەگەڕێت‌و هەمیشە خرۆکەی نوێ‌و خانەی نوێ لە لەشی خۆیدا دروستدەکات، سیحری مانەوەی یەکێتیمان هەر لەوەشدا دەبینییەوە سەرەڕای ئەو هەموو ئاستەنگانەی کە لە شاخ‌و شاردا دەهاتنەپێش، ئەوەی کە ئێمەی بە یەکێتی نیشتمانییەوە دەبەستەوە، ئەوەبوو کە یەکێتی نیشتمانی هەر لەسەرەتاکانی دروستبوونییەوە، باوەڕی تەواوی بە نۆژەنکردنەوە هەبووە لەسەر هەموو ئاستەکانی ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و... هتد.

خەمی گەورەی ئێمەش لەنێو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، پاراستن‌و گەشەپێدانی ئەو گیانی نوێبوونەوەو قوڵکردن‌و تۆخکردنەوەی کلتووری دیموکراسیانە بووە، چ لە ناوخۆی یەکێتیداو چ لە دەرەوەی یەکێتیدا، چونکە باوەڕمان وەهابووە هەمیشە بیروڕای جیاواز ڕێگای تێگەیشتن لە کێشەکان ئاسانتر دەکات، زووتریش دەمانگەیەنێت بە ئامانج. هەر ئەوەندە بەس نەبوو کە ئێمە لە خەمی یەکێتی نیشتمانیدا بین وەک ماڵێک کە هەمووومان تێیدا کۆببووینەوە، لەوەش زیاتر دەمانویست یەکێتی نیشتمانی نەک هەر بۆ ناوخۆی، بەڵکو لەدەرەوەی خۆشی، بەتایبەتی لەسەر ئاستی حکومەت‌و پەرلەمان بتوانێت نموونەیەکی جوان پێشکەش بکات، ڕەچەشکێن‌و دەستپێشخەر بێت، خەمی گەورەی ئێمە ئەوەبوو بەتایبەت لەدوای ڕووخانی سەدامەوە کە هەلومەرجێکی جیاواز هاتبووە ئاراوە، یەکێتی نیشتمانی کە بەجدیی لە بەغدا کاریان بۆ بیناکردنەوەی عێراق دەکرد، بەڵام کوردستان لەوپەڕی بێوەزعی‌و خزمەتگوزاریی‌خۆیدادەژیا، شپرزەییەکی تەواو ئیدارەی حکومەتی کوردستانی گرتبووەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە ئیداریانەی کە کۆمەڵگای کوردی تووشی هاتبوو، من‌و چەند هاوڕێیەکم لە کۆمیتەی دەربەندیخان کۆمەڵێک پێشنیازمان ئاراستەی لیژنەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی کرد، کە تێیدا بیروبۆچوونی خۆمان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە هەریەک لە حکومەتی هەرێم‌و یەکێتی نیشتمانی بەدەستییەوە دەناڵێنن، خستەڕوو، بۆ نموونە ئەو خاڵانەی کە لە پرۆژەکەی ئێمەدا دەکرا خزمەت بە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ کێشە ئیدارییەکانی حکومەت بکات، بریتی بوون لە:

١- سیستمی بەڕێوەبردنی گۆڕینی حوکم.

٢- کەمکردنەوەی ژمارەی وەزیرەکان لە (٤٥) بۆ (١٨).

٣- پێشکەشکردنی بودجەی ساڵانەو گەڕانەوەی خەرجییەکانی حکومەت بۆ پەرلەمان لەکاتی خۆیدا.

٤- لێپێچینەوەو خستنە بەردەم دادگای ئەو لێپرسراوانەی کە چاودێری دارایی بە کەمتەرخەم دەستنیشانی کردوون‌و تائێستا نەدراون بە دادگا.

٥- دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان‌و ئاشکراکردنیان بۆ کۆمەنی خەڵک.

٦- خانەنشینکردنی پەرلەمانتاران وەک پەرلەمانتارو گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنی کارکردنی پێشوویان، پاش تەواوکردنی خزمەتیان لە شوێنی خۆیان خانەنشین بکرێن.

٧- ئیشکردن بە سیستمی (ئای، تی)و ئینتەرنێت بۆ پەیوەندی نێوان فەرمانگەکان‌و بەفیڕۆنەدانی داهاتی حکومەت.

٨- هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان‌و ئەنجومەنی پارێزگاکان لەکاتی خویدا ئەنجام بدرێن.

٩- دەستنیشانکردنی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو.

١٠- لێپێچینەوە لە سەروەتی ئەو کەسانە بکرێت کە پۆستی حکومیی وەردەگرن پێش دەستبەکاربوونی، پاش دەست لەکار ترازان.

١١- هەر بەرپرسێکی حکومیی لەسەر کار لابدرێت بەهۆی گەندەڵییەوە، بدرێت بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

هەروەها لە پرۆژەکەی خۆماندا پێشنیازمان کردبوو کە مەکتەبی کۆمەڵایەتی هەڵبووەشێنرێتەوە، بۆئەوەی یاسا سەروەر بێت، جگە لەوەش مەکتەبی مافی مرۆڤ هەڵبوەشێنرێتەوە، چونکە وەزارەتی مافی مرۆڤ هەیەو ئەو وەزارەتە بەو کارانە هەستێت، ئەمە وێڕای چەندین خاڵی دیکەش کە دەکرا سوودێکی زۆر بە ژیانی ڕێکخراوەیی یەکێتی نیشتمانی بگەیەنێت. ڕێگا لەوەبگیرێت کە یەکێتی نیشتمانی لە ڕێکخراوێکی سیاسییەوە کە ئەندامی سۆسیال دیموکراتی جیهانییە، بچووک نەبێتەوە بۆ حیزبێکی خێڵ‌و هۆزو عەشیرەت، بەڵام زۆر بەداخەوە کە یەکێتی نیشتمانی لە بریتی بەهەندوەرگرتنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان وەک ساڵانی حەفتاکان‌و هەشتاکان‌و نەوەدەکان، کەچی دەستبەرداری ئەو کلتوورەی خۆی بوو، بگرە لەوەش زیاتر وەک نەیارو دژی یەکێتی مامەڵەمان لەگەڵدا کرا، سەرئەنجام کراینە دەرەوە، خوێنەری ئازیز ئەوەی کە دەیخوێنیتەوە هۆکاری ڕاستەقینەی دەرکردنی من‌و چەندان دڵسۆزی دیکەی ناو یەکێتییە نەک هیچ شتێکی دیکە.

* لێپرسراوی کۆمیتەی ریکخستنی دەربەندیخان

# با وانەیەک لەم دراوسێیەمان فێربین



د. شێرکۆ حەمەئەمین / زانکۆی کۆیە

هەرێمی کوردستانی عێراق بەراورد بە پارچەکانی دیکەی کوردستان، لە زۆر ڕووەوە بەرەوپێشەوە چووە، ڕەنگە هۆیەکی سەرەکی ئەم دۆخەش بۆ ئەو دەرفەتانە بگەڕێتەوە کە بۆ ئەم هەرێمە هەڵکەوتوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرا لە ئێستا زۆر باشتربووینایە، بەتایبەتی لە بواری سیاسیدا پێشکەوتنی زیاتر بەدیبهاتایە، بەڵام وەک کورد دەڵێت: (زەرە لە نیوەی بگەڕێتەوە قازانجە)، لە ئێستاشدا دەتوانین زۆر شت بکەین‌و ئەو دەرفەتانەی لەبەردەمماندان بە چاکی کەڵکیان لێوەربگرین‌و لە خزمەتی پرۆسەی سیاسی کوردستاندا بەکاریان بهێنین، ئاشکرایە یەکێک لەو مەسەلانەی لە ئێستادا جێی بایەخی خەڵکی کوردستان‌و ناوچەکەو جیهانیشە کە چاویان لەسەر هەرێمەکەمانە، پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی هەرێمی کوردستان‌و سەرۆکی هەرێمە، کە بڕیارە لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا ئەنجامبدرێت، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لەم وتارەدا تیشکی بهاوینەسەرو کرۆکی نووسینەکەمان پێکدەهێنێت، هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمە کە کێبڕکێ لەنێوان (٥) کاندیدا دەکرێت، یەکێکیان سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستانەو ئەوانی دی ڕکابەری نوێن، دیارە شێوازی جۆراوجۆر بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن‌و خۆناساندن‌و ڕوونکردنەوەی بەرنامەی سیاسیی پاڵێوراوەکان هەیە، یەکێک لەو ڕێگایانە مێزگردو ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی پاڵێوراوەکانە لە بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا، بۆ ئەمەشیان دەکرێت سوود لە ئێرانی دراوسێمان وەربگرین، کە نموونەیەکی جوانی دیموکراسیان پیشاندا، بەتایبەتی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان سەرۆکی ئێستای ئێران (ئەحمەدی نەژاد)و پاڵێوراوی باڵی ڕیفۆرمخوازەکان (میر حوسێنی موسەوی)، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەش کە پاڵێوراوی ئێستا بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، جگە لە (بارزانی) داوای مێزگردی تەلەفزیۆنی دەکەن، (بڕوانە هاوڵاتی، ژمارە (٥٣٢)، ٢٠٠٩/٦/١٠)، جێی خۆیەتی بارزانی بڕوابوونی خۆی بە دیموکراسی‌و گفتوگۆی کراوە بسەلمێنێت، نەک ئەو پێشنیازە قبوڵ بکات، بەڵکو خۆی ڕەچەشکێن‌و دەستپێشخەر بێت‌و داوای بەرنامەی ڕاستەوخۆو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پاڵێوراوەکانی دیکەدا بکات، تا بە کارەکانی ڕابردووی بارزانیدا بچنەوەو کۆی ڕەخنەکان بەوپەڕی ڕوونییەوە ئاراستەی بکرێت، هەر پاڵێوراوێکیش بەرنامەی سیاسیی خۆی لە هەموو بوارەکاندا بۆ ئایندەی ئەم هەرێمە بخاتەڕوو، بەم کارەش گەرموگوڕیی زیاتر بە پرۆسەی هەڵبژاردن دەبەخشن‌و تاکی کوردیش لە هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکاندا سەرپشک دەکەن، بەمەش نموونەیەکی جوانی دیموکراسی پێشکەش دەکەین، چاکتروایە سەرۆکی ئێستای هەرێم بچێتە ژێر باری کارێکی لەو چەشنە.



# هاوپەیمانی لەبەردەم بومەلەرزەیەکی ناوەختدا

ئیسماعیل عوسمان

لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا، ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت بوونی کێبڕکێو ململانێی نێوان قەوارە سیاسییە جیاوازەکانە، هاوپەیمانی کوردستان کە یەکێکە لەو قەوارە سیاسیانە، لە ئێستادا سەرجەم توانستەکانی خۆی لە بواری ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیدا خستووەتە کار بۆئەوەی بتوانێت ئەو نفوزە سیاسییەی کە هەبووە، پارێزگاریی لێبکات، تا چوار ساڵی ئایندەش شەرعیەت بداتەوە بەو دەسەڵاتەی کە هەیبووە، بەڵام ئەوەی کە بەدیدەکرێت ئەوەیە کە ئەم قەوارەیە لەبەردەم بومەلەرزەیەکی ناوەختدا کە زەمینەی سیاسیی ئەم دوو پارتە دەلەرزێنت، کە هیچ کات ئەو دوو پارتە بەو شێوازەو لەم کاتە ناوەختەدا چاوەڕێیان نەکردووە.

ئەم دوو حیزبە لەناو خودی خۆیاندا تووشی شۆکێکی خراپبوون، پێدەچێت نەتوانن بەو ئاسانییە لێی دەربازبن.

## دۆخی ناتەندروستی یەکێتیو پارتی

دوای ئەو دەنگە نارەزاییەی کە لەناو یەکێتیدا هەبوو، جەستەی ئەم حیزبەی شەکەتکردو ماڵی یەکێتی تووشی پەرتەوازەیی کرد، شەکەتبوونی جەستەی پەیوەندی بەوە هەبوو کە ئەم حیزبە بەدرێژایی مێژووی خۆی چەندین دەنگی نارەزایی تێدابووە، بەڵام ئەم دەنگانە لەسەر مێزی گفتوگۆ یەکبوونو لە گوتاری دەرەوەی ئەم حیزبەدا بەپێچەوانەوە بوون. مام جەلال وەک کەسایەتییەکی سیاسی، بوونی لەناو ئەم حیزبەدا بە خۆیو گۆچانەکەی دەستییەوە ساڵانێکی زۆر هەمیشە توانیویەتی لەسەر مێزی گفتوگۆ، ئیدارەی عەقڵی جیاوازو دابەشکردنی پۆستەو سامانو دەسەڵاتە حیزبییەکەی بکات، بەڵام لە پراکتیکدا بەوجۆرە نەبووە، ئەوەش وایکرد کە دەنگە نارەزاییەکانی ناو یەکێتی بە شێوازێکی زۆر تۆختربنەوە، بەشێک زۆر لە کادیرانی ئەم حیزبە کە ساڵانێکی زۆر خوانی ئەم حیزبە کۆی کردبوونەوە، بەجێبهێڵن.

ئەوەی کە چارەنووسی ئەم حیزبەی زیاتر قورسترکردووە، بوونی ئەم حیزبەیە لەبەردەم پلینیۆمدا کە چارەنووسی یەکێتی دەخاتە بەردەم مەترسییەکی دیکەوە، چونکە ئەوەی بەدیدەکرێت کە چەندینو کەسو لایەنی بەرپرس لەناو یەکێتیدا هەیە، کە ئەگەر چارەنووسیان لەناو یەکێتیدا باش نەبێتو چانسی بردنەوەیان نەبێت، ئەوا ئەگەری هاتنە دەرەوەیان هەیە، دەڕۆنە پاڵ ئەوانەی دیکەی حیزبەکەیان بەجێهێشتووە.

پارتی وەک حیزبێک، ساڵانێکی زۆر ڕۆحی بارزانی بووەتە کۆڵەکەی ڕاگرتنی ماڵەکەی، وەک چۆن زۆرێک لە شۆڕشەکان کە لە جیهاندا تاکە مرۆڤێک دەبێتە بزوێنەری شۆڕشەکە، دواتر بە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە، ئەم مرۆڤە دەبێتە موقەدەسو بە مردنیشی ڕۆحی بە نەمریی دەمێنێتەوە (شۆڕشی ئێران بە نموونە)، ڕۆحی بارزانی تا کۆتایی هەشتاکانو سەرەتای نەوەدەکان پاڵپشتو بزوێنەرو سەرەکی ئەم حیزبە بووە.

بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەم ڕۆحە شێوازێکی دەسەڵاتداریتی ستەمکاری وەرگرتووەو لە چوارچێوەی سامانی نیشتماندا خۆی حەشارداوە، ئەو سامانەش لەپێناو گەورەبوونی ڕۆحی کەسایەتییەکاندا بووە، نەک جەستەی حیزب، ئەم ڕۆحیەتە نەتەوەییە شێواوەو ئیدی ناتوانێت شۆڕبێتەوەو چەکەرەبکات لەناو جەستەی تاکەکاندا، ئەوەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە هەست بە بوونی دەنگێکی یاخیو هەناسەیەکی نوێ بکرێت لە دەرەوەی جەستەی ئەم حیزبە، بیەوێت درێژە بە تەمەنو مانەوەی خۆی بدات لە گۆڕەپانی سیاسیدا، سەرکردایەتی پارتیش هەست بە هەبوونی ئەو فەراغە ڕۆحییە دەکات کە لەناو جەستەی حیزبەکەیدا دروستبووە، بەڵام نایەوێت بەشێوازێکی ئاشکرا دان بە بوونیدا بنێت.

گۆچانەکەی مام بۆ یەکێتیو ڕۆحی بارزانیش بۆ پارتی، ناتوانن بەو شێوازەی کە هەبووە جەستەی ئەم دوو حیزبە ڕاگیربکەن، هەردوولا لەبەردەم زەنگێکی مەترسیداردان کە هەڵبژاردنەو ئەگەری لاوازبوونو کەمبوونەوەی نفوزی سیاسی لێدەکرێت، ئەگەر هاتوو بە سیستمێکی تەندروستدا بڕوات بەڕێوە.

## یەکێتی لە کۆنگرەو بۆ پلینیۆم، دەیەوێت چی بڵێت؟

لەدوای چەندینجار داواکردن لەلایەن ئەندامانی مەکتەب سیاسی یەکێتییەوە بەمەبەستی بەستنی کۆنگرە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی ناو ئەو حیزبە، بەڵام سەرکردایەتی ئەم حیزبە نەیتوانی بڕیاری یەکلایی کەرەوەی بدات، هەمیشە جەماوەرو ئەندامانی یەکێتی تووشی مەلەل کرد.

لە ڕاگەیاندنی ئەم حیزبەشدا بۆ ڕاگرتنی هەستی جەماوەرو ئەندامانی، هەمیشە کۆنگرە وەک عەسایەکی سیحری دەبینرا بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانی حیزب، بەڵام پێش ئەوەی سەرکردایەتی ئەم حیزبە بڕیاری خۆی بدات، کۆمەڵێک لە ئەندامانی هاتنە دەرەوەو بڕیاری یەکلایی کەرەوەی خۆیان دا.

لە ئێستاشدا لە مەترسی ئەو دەنگە جیاوازانەی کە هەیە، سەرکردایەتیی یەکێتی بڕیاریداوە کە کۆنگرە نەگیرێت، لەبری ئەوە پلینیۆمی پێشنیاز کردووە، بەڵام تائێستا کاتو شوێنی ئەو پلینیۆمەش دیارینەکراوە.

ئەو وەزعەی کە ئێستا لەناو یەکێتیدا دەگوزەرێت، ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەم حیزبە بڕوای بەو پێگە جەماوەرییو حیزبییەی خۆی نەماوە کە پێشتر هەیبووە، ئەوەش ئەگەری خراپی پێدەچێت کێشەکانی یەکێتی بە هیچ یەک لە (کۆنگرەو پلینیۆم) چارەسەر نەکرێت، سەرکردایەتی ئەم حیزبەش گەیشتووەتە ئەو بڕوایە، بۆیە داوخستنی پلینیۆم بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی کوردستانیش، ئەگەرێکی زۆر لاوازە!

## گەنجو ئاشتکردنەوە لەگەڵ سندوقی دەنگدان

ئەو توێژەی کە لە مێژووی دوای ڕاپەڕیندا زەرەرمەندی یەکەم بوون، گەنجان، سەردەمێکی خراپ بووە بۆ ئەم توێژە، پیاوانی شۆڕشیش هەمیشە «خوێنو خەباتو شاخی» پێدەفرۆشنەوە.

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هەموو بونیادی ژیانی ئەم دوو حیزبە لەسەر جەستەی گەنج بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕۆحی ئەم توێژەی کوشتووە.

توژێک کە زۆرترین نەهامەتی بەدەست ئەم دەسەڵاتەوە بینیوەو کەمترین مافی پێسپێراوە، بۆیە لە ئێستادا زۆرترین دەنگی ناڕازی لەناو ئەم چینەدا دەبینرێت، تووشی خەمۆکی بوون، پێیانوایە ئەم دەسەڵاتە توانای گۆڕینی ژیانی ئەوانیان نابێت، بۆیە کەمتر باوەڕیان بە هەڵبژاردنو سندوقەکانی دەنگدان هەیە.

کاتێک توێژێک جەسەتەکی نامۆبوو بە نیشتمانو دەسەڵات، ئایدۆلۆژیاش ڕۆحی ئەم هێزەی کوشت، ئیدی باوەڕبەخۆبوونو هەستی هاوڵاتیو هاونیشتمانیبوون بەرەو کاڵبوونەوەو نەمان دەچێت، هەڵبژاردنیش بە هەڵەیەکی مێژوویی دەزانێت.

پێویستە ئەم توێژە ئاشتبکرێتەوە لەگەڵ سندوقەکانی دەنگداندا، ئەمەش دەکەوێتە سەر زیرەکیی ئەو پارتەو لایەنە سیاسییەو ئەو دەموچاوە نوێیانەی کە دێنە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە، بەوەی کە بتوانن ئەم ڕۆحە یاخیانە لەسەر سندوقەکانی دەنگدان کۆبکاتەوە، بە دانی بەڵێنو پرۆژەی جدیی بەم توێژە، بەڵکو هەنگاوی بوێرانە بنێن بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ ناو گۆڕەپانی سیاسی، چونکە ئەم توێژە ژمارەیەکی یەکجار زۆری کۆمەڵگا پێکدەهێنن کە نزیکەی ٦٢٪ دەبێت.

## هاوپەیمانی کشانی ئەستێرەی بەخت

ئەوەی لە زاکیرەو بیرکردنەوەی ئەم دوو حیزبەدا هەبوو، ئەوەبوو کە تا چەندین ساڵی دیکە بتوانن ئیدارەی کۆمەڵگای کوردی بکەن، کۆمەڵگاشیان وەک موڵکی هەمیشەیی خۆیان تەماشادەکرد، هەڵسوکەوتکردن بەو موڵکەشەوەو دیاریکردنی کەسایەتییو سەرکردەکانی ئەو کۆمەڵگایەش، بەخواستو ویستی خۆیان بوو. ئەوەی لە خەیاڵدانیو بیرکردنەوەی ئەماندا بەدیدەکرا، خەونبینو فەنتازیا بوو بە نیشتمانی هەمووان، بەڵکو حساباتە گشتییەکانی ئەوان لەسەر ئەوەبوو ئەو نیشتمانە تەنیا ئەوان بتوانن لێپرسراوێتی بگرنە ئەستۆ، بەڵام «خەونەکانیان» «کورتبین بوو».

ئەوەی کە ئێستا لەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا بەدیدەکرێت، ئەوەیە کە ئەستێرەی بەختی ئەم دوو حیزبە بەرەو کشانو ئاوابوون دەچێت، پێناچێت لەساڵانی ئایندەشدا بەوجۆرەی کە هەبووە بمێنێتەوە، ئەگەر بێتو ڕیفۆرمێک لە کاری سیاسییاندا نەکەن، ئەگەر بەوجۆرەش بێت چانسی بردنەوەو هەڵبژاردن لەمساڵو ساڵانی ئایندەدا بەرەو لاوازبوون دەچێت.

ئەمەش پێمان دەڵێت: هاوپەیمانی لەبەردەم بومەلەرزەیەکی ناوەختدایە، ئەگەری لەناوچوونی بەشێک لە ژیانی هەیە، ئەو بەشەشی کە دەمێنێتەوە ناتوانێت لەسەر پێی خۆی بژی، کە قەت چاوەڕێی ئەم ڕۆژە نزیکەی نەدەکرد!

esmailhuramani@yahoo.com



# کوا سیاسەتو حیزبی چەپکە گوڵەکە؟

حەمە کاکەڕەش

ئەمەی من باسیدەکەم نەفیکرو نەفەلسەفەیەو هیچ ئالۆزییەکی تێدانییە، هەرکەسێک ئەگەر خۆی فریونەدات بەپارەو دەمانچەو کۆمپیوتەری جانتایی خۆی نەفرۆشێت، دەتوانێت بەئاسانی سەر لەم دۆخەی ئەمڕۆ دەرکات کە لەکوردستان چ باسە.

لەم نووسینەمدا ئەگەر بمەوێت باسی خیانەتو گەندەڵیو خەڵک کوشتنو دزینی داهاتی خەڵکی کوردستانو زۆر شتی دیکەی پارتیو یەکێتی بکەم، ئەوە دەبێت وتارێکی زۆر درێژی بۆ تەرخان بکەم کە ڕەنگە پانتایی وتارێکیش بەش نەکات. بەڵام من باسی خیانەتو بەکوشتدانی کوڕی خەڵکی لەشەڕی ناوخۆو لەپێناو ئارەزووەکانی خۆیانداو دەست تێکەڵکردن لەگەڵ ئەم دەوڵەتو ئەو دەوڵەتو هێنانی سوپای ئێرانو عێراقو تێکدانی تەواوی ژیانی خەڵکی کوردستان تەنیا لەپێناو خۆیاندا ناکەم. ئەوەی دەمەوێت قسەی لەسەربکەم ئەو هەڵاو بانگەشەکردنەیە کە ساڵانێکە پارتیو یەکێتی بۆ ئازادیی بیروڕاو جیاوازی ڕادەربڕین دەیکەنو بەهەموو دونیایان ڕادەگەیاند کە ئەزموونی دیموکراتیو ئازادیی کوردستان هێندە کراوەو دەوڵەمەندە هەقە بیگوازنەوە بۆ عێراقو وڵاتانی دەوروبەر، زۆرجار خۆیان دەخستە ئاستی وڵاتە دیموکراتو ئازادو پێشکەوتووەکانی دونیاوە. دەیان گۆڤارو سەنتەرو ڕێکخراویان بەناوەکانی ئازادییو دیموکراتیو مەدەنییەتو جیاوازیو چیو چییەوە ناونابوو، بەرپرسو بەناو سەرکردەو بنکردەکان لەکۆڕو ڤیستیڤاڵەکاندا وەک داکۆکیکەرێکی ئازادیی بیروڕا خۆیان دەردەخستو بەهەموو حەماسێکەوە پێداگریان لەوە دەکرد، کە ئەوان تەواو بڕوایان بەئازادییو دیموکراتیو جیاوازی هەیەو یەکێتی حیزبی چەپکە گوڵەکەیەو جێگاو ڕێگای هەموو دەنگو بیروباوەڕێکەو هیچ کەسێک بۆی نییەو ناتوانێت یەکێتی لەحیزبێکی سۆسیال دیموکراتەوە بەرەو داخرانو خوانەخواستە دیکتاتۆری بەرێتو دەبێت تاقیامەت هەر حیزبی فرەدەنگیو فرەڕەنگی بێتو جێگای هەموو دەنگە ئازادەکانەو هەمیشە دەوتراو دەوترایەوە یەکێتی حیزبی چەپکە گوڵەکەیەو هەرسیاسەتی چەپکە گوڵەکە بەڕێوەی دەبات، کەچی ئەو قسانە هەمووی دووربوون لەڕاستییەوەو بۆ خەڵک فریودانو ڕاکێشانی سەرنجی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بوون، لەپشتی ئەو هەموو شیعارە بریقەدارانەوە هێزو بیرکردنەوەیەک خۆی مەڵاسدابوو کە بەهیچ شێوەیەک بڕوای بەئازادییو دیموکراتیو جیاوازی دەنگەکان نییەو تەواو پاوانخوازەو هەموو شتێک دەکات لەپێناو مانەوەو لەناوبردنی ئەوانەی بڕوایان بەگۆڕانو ئازادیو دادپەروەری هەیە وەک دەبینین دەسەڵاتی ئێستای یەکێتی زۆر دیکتاتۆریانە بەبێ گوێدانە هیچ بەهایەکی حیزبیو ئەخلاقیو ئینسانیو دیموکراتی لە بەرامبەر جیاوازیو هەوڵی گۆڕانی ڕۆڵە بەئەمەکەکانی خۆیدا بەدەرکردنو نانبڕین وەڵامیاندەداتەوە، ئایا هەرتاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە بەئاسانی ئەوەی بۆ دەرنەکەوتووە کە یەکێتی نەک بڕوای بەئازادییو دیموکراتیو جیاوازی نییە، بەڵکو ئامادەیە لەپێناو مانەوەی خۆیدا لەسەر کورسی دەسەڵات نانی ئەوانە ببڕێت کە تەمەنیان بەخشییە یەکێتیو یەکێتیش هیچ وەفایەکی بۆیان نییەو ئامادەیە نانی ئەوان ببڕێت؟! لەهەمان کاتدا بەهەزاران دەفتەر دۆلارو کۆمپیوتەرو دەمانچە ئامادە دەکات بۆئەوەی دەنگی خەڵک بکڕێت. ئەی کوا سیاسەتو حیزبی چەپکە گوڵەکە؟ ئەی کوا وەفاو ئەمەک بۆ ئەوانەی لەپێناوی یەکێتیدا دەیانجار گەیشتنە کەناری مەرگ؟!!.

> **یەکێتی حیزبی چەپکە گوڵەکەیەو جێگاو ڕێگای هەموو دەنگو بیروباوەڕێکەو هیچ کەسێک بۆی نییەو ناتوانێت یەکێتی لەحیزبێکی سۆسیال دیموکراتەوە بەرەو داخرانو خوانەخواستە دیکتاتۆری بەرێتو دەبێت تاقیامەت هەر حیزبی فرەدەنگیو فرەڕەنگی بێت**

# ـــــنایی وەحیو عەقڵدا

دەقەکانەوە، زۆر بە سادەو ساکار تێیدەگەن یان کوردێکی مسوڵمانە لێرە لە شارەکان بە فەتوای مامۆستایەک یان زانایەکی خەلیج یان وڵاتێکی دیکە باوەڕ دەکات، بەکورتی قسەت بۆ ئەوجۆرە کەسانە چییە؟

– بە کورتی قسەم ئەوەیە هەموو ئەوانەی ئاوا بیردەکەنەوە، من پێموایە بەڕاستی لە ئیسلام تێنەگەیشتوونو کەسانێکی سەرکێڵو سەتحینو ئەزموونی نێو کاری ئیسلامیو بانگەوازی ئیسلامیو چاکسازییو پاکسازیی کۆمەڵگایان نییە، ئەگەر نا، وەرە لە زانایانی هاوچەرخ، هەر لە (حسن البنّا)و (مودودی)یەوە بگرە، هەتا (شیخ ناصرالدین الألباني)و (شیخ ابن باز)و (شیخ عثیمین)و (شیخ یوسف القرضاوي)و (شیخ محمد ابو زهره)و...هتد، ئەو زانایانە هەموویان (ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێ) ئەوانەی کە ماونو ئەوەی کە وەفاتیان کردووە، هەموویان لەسەر بەشداریی لە هەڵبژاردنو پەرلەمان، پاشان هاوپەیمانیی دروستکردن لەگەڵ غەیردا، واتە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەدا بە جیاوازیی ئایدۆلۆژییەکانیشەوە، هەموولا یەکدەنگن لەسەر ئەوە، تەنیا چیان بە مەرج گرتووە؟ گوتوویانە: گرنگ ئەوەیە بەرژەوەندیی مسوڵمانان دابین بکرێت، واتە: سوودو قازانجەکان دەستەبەر بکرێنو زەرەرو زیان دووربخرێنەوە، ئینجا ئەو کەسەش کە دەڵێت عەقیدەی ئیسلامی جیایە لە هەموو عەقیدەکان، ئێمە پێش ئەو وا دەڵێین، خۆت ئاگاداریت من کتێبی (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی)م هەیە شەش بەرگە، دوو سێ هەزار لاپەڕەیە، ئەگەر ئەو بە کورتی وا دەڵێت، ئێمە بە درێژیی وامان گوتووەو ڕوونمانکردووەتەوە، بەڵام ئایا عەقیدەی ئیسلامیی جیابوون لە عەقیدەکانی دیکە، مانای وایە دەبێت مسوڵمان سەلام لە خەڵک نەکاتو نەگونجێ لەگەڵ خەڵکی دیکەدا بژیو هاوکارو دەستبارگر بێت؟ خۆ ئەمە ئەگەر بۆ سۆشیالیستو زەحمەتکێشان لەئارادا بێت، دەبوایە بۆ پارتیو یەکێتی پێشتر باسی بکەن، چونکە ئێمە لە ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانیشدا ئەندام بووین، کە ئێستا نازانم نە ماوین، نە نەماوین؟ پاشان لەگەڵ یەکێتیو پارتیدا کاتی خۆی، پێشتر یەکگرتووی ئیسلامیی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان (پارتیو یەکێتی) بوو، کۆمەڵی ئیسلامیی لیستی سەربەخۆی هەبوو، کە ئەوکاتە من لە زیندان بووم، دوایی لە هەڵبژاردنەکانی دواییدا ئێمە کەوتینە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، چونکە بارودۆخەکە وابوو کە ئێمە نەمانتوانی لیستێکی ئیسلامیی پێک بهێنینو سەرئەنجام ئێمە کەوتینە گەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان، جا خۆ لەبەرئەوە کە سۆشیالیستو زەحمەتکێشان کەمن، یان گچکەترن لە پارتیو یەکێتی، نابێت بڵێی: ئەگەر لەگەڵ حیزبی گچکە بیکەیت حەرامە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ هی گەورە بیکەیت حەڵاڵە، ئەگەر حەرام بێت لەگەڵ هەمووان حەرامەو ئەگەر حەڵاڵ بێت لەگەڵ هەمووان حەڵاڵە، ئینجا لە حەقیقەتیشدا ئەو قەزیانە بناغەو ئەسڵ تێیاندا حەڵاڵیی و حەرامیی نییە، بەڵکو ئەسڵ ئەوەیە چۆن بەرژەوەندیی تەحقیق دەبێت؟! ئەگەر نا، ئەسڵ لە هەڵسوکەوتەکاندا دەستکراوەییە، بۆیەش پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ (خوزاعه) هاوپەیمانێتی جەنگو ئاشتی کردووە، لەگەڵ (بني ضمرة)دا کە تیرەیەکی موشریک بوون، ڕێککەوتنی موادەعەی کردووە واتە شەڕمان مەکەنو شەڕتان ناکەین، پێغەمبەر (د.خ) ئامادەبووە هۆزی (غطفان) لە شەڕی خەندەقدا یەک لەسەر سێی بەروبوومی مەدینەیان بداتێ، بەس لە کۆڵی ببنەوەو شەڕی لەگەڵدا نەکەن، ئامادەبوو ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ بکات، پێغەمبەر (د.خ) سەعدی کوڕی موعازو سەعدی کوڕی عوبادەی (کە سەرۆکی ئەوسو خەزرەج بوون) بانگ کردنو ڕاوێژی پێکردنو فەرمووی: دەڵێن چی؟ (ڕێککەوتنەکەیان تەواوکردبوو و کەوتبوونە سەر ئیمزاکردن) ئەوە من بە تەمای ڕێککەوتنێکی ئاوام، کە سێیەکی بەروبوومی مەدینە (کە شارێکی کشتو کاڵیی بووەو دارخورمای زۆرو کشتوکاڵو میوەجاتی زۆری بووە)، بیدەم بەو دوو تیرە موشریکانە بۆ ئەوەی لەکۆڵمان بنەوە کە ئابڵوقەی مەدینەیان داوە، بەڵام هەردوو سەعد (خوا لێیان ڕازیی بێت) گوتیان: ئەوانە لە سەردەمێکدا کە ئێمە کافرو موشریک بووین، پێش ئەوەی خوا هیدایەتمان بدات تەماعیان نەبووە لە ماڵو میوەی ئێمەدا بەبێ پارە، بە کڕین نەبێت، ئێستا کە خوای پەروەردگار ئێمەی بەهۆی تۆوەو بەهۆی ئیسلامەوە عیززەتمەند کردووە «**والله لا نعطيهم الا السيف**» ، بەخوا جگە لە شمشێر شتێکی دیکەیان نادەینێ، پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی: «**رأيت العرب قد امتكم عن قوس واحدة**»، تەماشام کرد عەرەبی کافر هەموویان لە یەک کەوانەوە تیرتان تێدەگرن، واتە هەموویان لەسەرتان کۆبوونەوە، وتم دوژمنێکتان لێ کەم بکەمەوە، ئەگەر بۆ خۆتان ڕازیی نینو لە خۆتان ڕادەبینن، نایکەین،ئیدی ئیتیفاقییەکەیان هەڵوەشاندەوە، کەواتە: مەسەلەی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەڵکدا، لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا دەمێنێتەوە ئەوەی کە چۆن بەرژەوەندیی مسوڵمانان زیاتر تەحقیق دەبێت، واتە: چۆن زیانیان زیاتر لێ دووردەخرێتەوەو سوودی زیاتریان پێدەگەیەنرێ، ئا ئەوە سەنگی مەحەکە لە بواری سیاسەتی شەرعیدا، ئەگەر نا، ئەوەی کە دەڵێت: ئاخر لە پەرلەماندا شتی هەڵەو ناهەق دەگوترێت، دەڵێین: مرۆڤ– ئەگەر لە ماڵی خۆشیدابێو ڕازی بێت بە یاسایەکی پەرلەمان، بە بڕیارێکی پەرلەمان کە لەگەڵ دەقێکی قورئانو سوننەت تێک دەگیرێت، ئەوە هەر لە ماڵێ کافر دەبێتو پێویست ناکات بچێت لە پەرلەمان کافر بێت، بەڵام با لە نێوجەرگەی پەرلەمانیشدا بێت، ئەگەر ڕازیی نەبێت بە ناشەرعیی، نەک هەر پێی کافر نەبووە، بەڵکو وەک پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: (**أفضل الجهاد كلمة حق عند سلطان جائر**) رواه ابو داود واتە: باشترین جیهاد بریتییە لە قسەیەکی حەق لای دەسەڵاتدارێکی ستەمکار کە ناشەرعیی دەکات، بەڵێ تۆ لەوێ بڵێیت: نەخێر، ئەوە بەڕاستی گەورەترین جیهادەو هیچ گوناهباریی تێدانییە، بەڵکو ئەوە گوناهبارییە کە تۆ لێگەڕێی ئەو پەرلەمانە خەڵکی دیکە بچێتو ناشەرعیی تێدا بڕیاربداتو تۆش بێدەنگ بیت، یاخود لە ماڵی خۆت پرتەو بۆڵە بکەیت، نەخێر، بچۆ لەوێ قسەی حەقی خۆت بکە، ئیسلام ئاوای گوتووە، بچۆ لەوێ قسەی حەقی خۆت بکەو بەرگریی لە حەقەکەی خۆت بکە، چونکە تۆ نوێنەری خەڵکی مسوڵمانی، ئەمما تۆ کە لە ماڵی خۆت پرتەو بۆڵە دەکەیتو ڕەخنە دەگریت، ئەوە بە فلسێک ناچێت، ئینجا لەڕاستیدا ئەوانە کە ئاوا بە ڕەهایی ڕەخنە لەوجۆرە کارانە دەگرن، هەر ڕەخنە لە ئێمە ناگرن، بەڵکو ڕەخنە لە حەسەن بەنناو ئەبو لئەعلای مەودودییو ئیبن بازو ناسرەدینی ئەلبانیو... هتد (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) دەگرنو من هیچ زاناو فەقیهێکم پێ شک نایەت ڕێی کاری سیاسی بە (هاوپەیمانێتی)یشەوە لە مسوڵمانان گرتبێت، بەڵکو هەموویان گوتوویانە دەبێت تەماشا بکەی: ئەگەر مەسڵەحەتی ئیسلامو مسوڵمانان بەوە تەحقیق دەبێت، با بکرێتو ئەگەر زیانی تێدایە با نەکرێت، دەجا منیش هەر ئەمە دەڵێمو ئەگەر زیانی تێدابێت نابێت بیکەی، بەڵام ئەگەر بزانی بەرژەوەندیی بەوە نەبێت تەحقیق نابێت، کۆمەڵێک مەفسەدەو خراپە هەیە بەوە نەبێت لە کۆڵت نابێتەوە، ئەوە لەڕاستیدا لەوکاتەدا نەک هەر بۆت ڕەوایە، بەڵکو جاری وایە لەسەریشت پێویست دەبێت، بەپێی بنچینەی شەرعیی: (**ما لايتم الواجب الاّ به فهو واجبٌ**) واتە: هەرشتێک فەرزێک پەکی لەسەری کەوت، فەرز دەبێت.

---

دادگای بەرایی دەربەندیخان

ژمارە/ ٥٥/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/١٤

**ئاگاداری**

بۆ داوا لەسەرکراو (سەرکەوت یونس رسول) دانیشتووی شاری دەربەندیخان/ گەڕەکی خێڵان ڕۆیشتووەو ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە
داواکار بەناوی (عبدالله حمه کریم) داوای ژمارە ٥٥/ب/٢٠٠٩ ٢,٩٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن و نۆسەد هەزار دینار کە لە مانگی (٢)ی ساڵی (٢٠٠١) ئەو برە پارەیەی داوە بەتۆ بەڵام تائێستا ئەو برە پارەیەت بۆ نەگەڕاندۆتەوە، بەپێی نوسراوی بنکەی پۆلیسی دەربەندیخان شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارەو لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانیت، بۆیە بڕیاردرا بەئاگادارکردنەوەت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە بۆ ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەرواری (٢٠٠٩/٧/١٢) کە خۆت یان بریکارێکی یاساییت بەئامادەبن بەپێچەوانەوە دادبینی بەڕێوەدەچێت بەنائامادەیی و ئاشکرا بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**اكرم عباس حمه** ٢٠٠٩/٦/١٤

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای کەتنی دەربەندیخان

ژمارە/ ٣٨/ج غم/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/١٠

**ئاگاداری**

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو فلاح حسن علي
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢١) لە یاسای (چەک) لەو کێشەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (دەربەندیخان) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا ئاگادارت بکەینەوە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٨/١٠) لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەم ڕۆژدا بە پێچەوانەوە دادگای دەکرێت بە بێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆکی دادگا**
**اكرم عباس حمه**

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کرکوک لە سلێمانی

ژمارە/ ٤٠/ج/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/١٥

**ئاگاداری**

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو حسن لطيف عبدالله
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢١) لە یاسای (چەک) لەو کێشەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (تەکیە) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا ئاگادارت بکەینەوە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٨/١٠) لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەم ڕۆژدا بە پێچەوانەوە دادگای دەکرێت بە بێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆکی دادگا**
**اكرم فرج امين**

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کرکوک لە سلێمانی

ژمارە/ ٩٣/ج/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/١٥

**ئاگاداری**

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو حمه تاڵ حمه شريف
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٣) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (شۆڕش) لەبەر ئەوەی جێگای دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا ئاگادارت بکەینەوە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٨/٩) لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەم ڕۆژدا بە پێچەوانەوە دادگای دەکرێت بە بێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆکی دادگا**
**اكرم فرج امين**

---

وزارة العدل
مديرية التسجيل العقاري العامة
دائرة التسجيل العقاري في السليمانية/ ٢
لجنة تثبيت الملكية في السليمانية
نموذج رقم (٣٠) تسجيل عقاري

**(أعلان)**

(قرار تثبيت عائدية عقار مجددا)
بناء على ثبوت عائدية تمام العقار التسلسل (٩٥٢) محلة (سرشقام) الى طالب التسجيل (حبيبة حسين محمد عزيز) بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ٢٠٠٩/٥/٣١ الصادر من هذه اللجنة علية نعلن هذا القرار و على من لدية أعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما أعتبارا من اليوم التالى لنشر هذا الأعلان وعند انتهاء المدة وعدم ورود اشعار من المحكمة بأقامة دعوى لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية.
القاضي الأول

**خدر حسن محمد**
**القاضي محكمة بداءة السليمانية الأولى**
**رئيس لجنة تثبيت الملكية في السليمانية**
**٢٠٠٩/٥/٣١**

---

وزارة العدل
مديرية التسجيل العقاري العامة
دائرة التسجيل العقاري في السليمانية/ ٢
لجنة تثبيت الملكية في السليمانية
نموذج رقم (٣٠) تسجيل عقاري

**(أعلان)**

(قرار تثبيت عائدية عقار مجددا)
بناء على ثبوت عائدية تمام العقار التسلسل (٩٥٤) محلة (سرشقام) الى طالب التسجيل (هيوا كمال جلال) بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ٢٠٠٩/٥/٣١ الصادر من هذه اللجنة علية نعلن هذا القرار و على من لدية أعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما أعتبارا من اليوم التالى لنشر هذا الأعلان وعند انتهاء المدة وعدم ورود اشعار من المحكمة بأقامة دعوى لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية.
القاضي الأول

**خدر حسن محمد**
**القاضي محكمة بداءة السليمانية الأولى**
**رئيس لجنة تثبيت الملكية في السليمانية**
**٢٠٠٩/٥/٣١**

---

وزارة العدل
مديرية التسجيل العقاري العامة
دائرة التسجيل العقاري في السليمانية/ ٢
لجنة تثبيت الملكية في السليمانية
نموذج رقم (٣٠) تسجيل عقاري

**(أعلان)**

(قرار تثبيت عائدية عقار مجددا)
بناء على ثبوت عائدية تمام العقار التسلسل (٩٥٣) محلة (سرشقام) الى طالب التسجيل (شريف كرم شريف) بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ٢٠٠٩/٥/٣١ الصادر من هذه اللجنة علية نعلن هذا القرار و على من لدية أعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما أعتبارا من اليوم التالى لنشر هذا الأعلان وعند انتهاء المدة وعدم ورود اشعار من المحكمة بأقامة دعوى لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية.
القاضي الأول

**خدر حسن محمد**
**القاضي محكمة بداءة السليمانية الأولى**
**رئيس لجنة تثبيت الملكية في السليمانية**
**٢٠٠٩/٥/٣١**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان ڕەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ڕیکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# هاوپەیمانێتی لەبەر ڕۆشـ...



## عەلی باپیر

### ئەڵقەی سێیەمو کۆتایی

بەڵگەی چوارەمو پێنجەم: پێغەمبەری خوا (د.خ) لە دوو پەیماندا بەشداریکردووە کە لەنێوان چەند تیرەیەکی موشریکدا بەستراون پێش پێغەمبەرایەتی، بەس ئێمە بۆچی باسیان دەکەین؟ چونکە دوایی پێغەمبەری خوا (د.خ) مەدحی ئەو دوو پەیمانەی کردووەو فەرمووشیەتی: ئەگەر لە ئیسلامیشدا بانگ بکرێم بۆ پەیمانی ئاوا، تێیدا بەشداردەبم، یەکێک لەو دوو پەیمانە پێی دەوترێت: پەیمانی جوامێران (حلف الفضول)، ئەوی دیش پێی دەوترێت: پەیمانی بۆنخۆشکراوان (حلف المطيبين)، (حلف الفضول) لە ئەنجامی ئەوەدا بووە کە کابرایەک دێت شتێک دەفرۆشێت لە مەککەو یەکێک لە سەرۆک تیرە دەسەڵاتدارەکانی مەککە شتەکەی لێدەستێنێت، کە هەندێک دەڵێن کەلوپەلێک دەبێتو پارەکەی ناداتێ، هەندێک دەڵێن کچێکی لێ زەوت دەکات، کابراش دەچێتە سەر یەکێک لە کێوەکانی مەککەو هاوار دەکات، دەڵێت: ئەی خەڵکی مەککە! ئەی جوامێرانی مەککە وەرن بەرگریم لێبکەن، ئەو کابرایە ئەو زوڵمەی لێکردووم، ئیدی پێنج تیرە دەچن بەرگریی دەکەن لەو کابرایە، کە وەکو ئیبنوهیشام هێناویەتی: (بەنو هاشم، بەنولمطلیب، ئەسەدو بەنو عەبدولعوززا، زوهرە، تەیم بەنو مورڕە)، ئەو پێنج تیرەیە پەیمان پێکەوە دەبەستن کە لەمەودوا هەر کەسێ زوڵمی لێکرا لە مەککە، دەبێت بەرگریی لێبکەین، پێغەمبەر بەو موناسەبەتەوە فەرموویەتی: «لقد شهدت في دار عبدالله بن جدعان حلفاً ما رحب ان لي به حمراً النِّعم. ولو ادعى به في الإسلام لأجبت»، کە ئیبنو ئیسحاق هێناویەتی، واتە: لە ماڵی عەبدوڵڵای کوڕی جیدعاندا بەشداری پەیمانێک بووم، حەزناکەم کە ئەو پەیمانە بشکێنمو حوشتری سپیم هەبێت (دیارە حوشتری سپی ماڵێکی بەقیمەت بووە)، ئەگەر لە ئیسلامیشدا بانگ بکرێم بۆ پەیمانێکی ئاوا وەڵام دەدەمەوە، ئەمە (حلف الفضول) کە کۆمەڵە پیاوێکی جوامێر پەیمان دەبەستن کە لەمەودوا نەیەڵن کەس زوڵمی لێبکرێت، هەروەها (حلف المطيِّبين)یش بووە کە ئەویش دیسان پێغەمبەر (د.خ) تێیدا بەشداربووەو لەوبارەیەوە دەفەرمووێت: «شهدت حلف المطيبين وما احب ان انكثه وأن لي به حمراً النِّعم»، رواه رحمد، واتە: بەشداری پەیمانی موتەییەبین بووم، حەزناکەم هەڵی بووەشێنمەوەو حوشتری سپیم بدەنێ لە بەرامبەریدا، پوختەی چۆنێتی ئەو پەیمانەش ئەوەبووە کە هەردووک تیرەی: (بنو عبدالمناف)و (بنو عبدالدار) لەسەر چۆنێتی دابەشکردنی کاروباری ئیداریی نێو شاری مەککە کێشەو مشتومڕیان دەبێتو سەرئەنجام هەرچوار تیرەی: (بنو اسد بن عبدالعُزّى)و (بنو زهرة بن كلاب)و (بنو تيم بن مرة بن كعب)و (بنو الحارث بن فهر بن مالك بن النَّضر) دەدەنە پاڵ (بنو عبد مناف)و دەفرێکی پڕ لە میسک دەهێننو لەلای کەعبە هەموویان دەستی تێدەخەنو دەستیان لەدیواری کەعبە هەڵدەسوون، وەک جەختکردنەوە لەسەر پشتی یەکدی گرتن، بۆیە نازناوی (المُطيَّبين) وەردەگرن.

لە بەرامبەریشدا هەرچوار تیرەی: (بنو مخزوم)و (بنو سهم)و (بنو جُمَح)و (بنو عدی) دەدەنە پاڵ (بنو عبدالدار)و ئەمانیش بە هەمانشێوە پەیمانی بەرگریی لەیەکدی کردن پێکەوە دەبەستن، ئەمانیش نازناوی (الأحلاف) وەردەگرن.

جا دیارە پێغەمبەری خوا (د.خ) لەگەڵ بۆنخۆشکراوان (مُطيِّبين)دا بووە، بۆیە فەرموویەتی: (شهدْتُ حِلْفَ المطيَّبين...).

جا پێغەمبەر (د.خ) دیسان مەدحی پەیمانی موتەییەبین دەکاتو دەفەرمووێت: من شانازیی پێوە دەکەم کە تێیدا بەشداربووم، ئێستاش ئامادەنیم هەڵی بووەشێنمەوە، مێژوونووسان دەڵێن: پێغەمبەر (د.خ) لەکاتی ئازادکرانی مەککەدا عوسمانی کوڕی تەڵحەی بانگکرد کە لەو تیرانەیە کە کاتی خۆی کلیل بەدەستی کەعبە بوون، فەرمووی: (وەک پابەندیی بە پەیمانەکەی کە کاتی خۆی لەنێوان موتەییەبینو ئەحلافدا هەبووە) (هاك مفتاحك يا عثمان. اليوم يوم برّ وَوَفاء) واتە: ها ئەی عوسمان کلیلەکەت بگرە! ئەمڕۆ ڕۆژی چاکەکاریی‌و وەفادارییە.

مێژوونووسان دەڵێن: ئەو هەڵوێستەی پێغەمبەر (د.خ) وەفاداریی بووە بەو پەیمانە کە پەیمانی موتەییەبینە لەگەڵ ئەحلافدا کە نێوەرۆکەکەی ئەوە بووە، کەس زوڵم لە کەس نەکاتو ئەرکو مافەکان دابەش بکرێن لەنێوان پێکهاتەکانی شاری مەککەدا.

+ زۆر سوپاس کە ژمارەیەک بەڵگەت لەوبارەیەوە باسکرد، من پرسیارێکم هەیەو بەراوردێکیشم هەیە لەنێوان ئەو بەڵگانەی بەڕێزت باستکردن لەگەڵ ئەوهاوپەیمانێتییەی کە ئێوە هەتانە بۆ هەڵبژاردنەکان.

– فەرموو:

+ ئەو کەسانەی کە تێبینییان هەیەو پێچەوانەی ڕاوبۆچوونی بەڕێزتانیان هەیە، پێیانوایە هاوپەیمانێتی بۆ هەڵبژاردن جیاوازە، چونکە هەڵبژاردن وەکو هیچ پرۆسەیەکی دیکە نییە، بۆ پەرلەمانە، پەرلەمانیش ئەنجومەنێکی تەشریعییەو یاسا بۆ خەڵکی وڵات دەردەکات، ئینجا دەنگدانیش پرۆسەی شایەتیدانەو ناکرێت ئینسانی مسوڵمان شایەتیی بۆ لیستێک بدات کە کەسێکی تێدابێت نامسوڵمان بێت، یان عەلمانیی بێت، یان ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەکو ئایین تەبەننی نەکات، ئەوە سەرنجێکە.

– من پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە یاخود ئەو ئیشکالە ڕوونبکەمەوە، دەمەوێت بەڵگەیەکی دیکەی شەشەم بخەمە پاڵ ئەو بەڵگانەی پێشوو، ئەویش ئەوەیە کە خوا (سبحانه وتعالى) لە سورەتی (المائده) لە ئایەتی ژمارە (٢)دا کە لە بەرنامەیەکی پێشووتریشدا ناوی ئەو ئایەتەم هێنا، خوا خیتاب لەگەڵ مسوڵماناندا دەکات، دەیاندوێنێتو دەفەرمووێت: «يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُحِلُّواْ شَعَآئِرَ اللّهِ وَلاَ الشَّهْرَ الْحَرَامَ وَلاَ الْهَدْيَ وَلاَ الْقَلآئِدَ وَلا آمِّينَ الْبَيْتَ الْحَرَامَ يَبْتَغُونَ فَضْلاً مِّن رَّبِّهِمْ وَرِضْوَاناً وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَاصْطَادُواْ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ أَن صَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ أَن تَعْتَدُواْ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ»، لەم ئایەتە بەپێزەدا خوا (سبحانه وتعالى) فەرمان بە مسوڵمانان دەکات کە دروشمەکانی خوا نەشکێنن، واتە: ئەو دروشمانەی کە قەدەغەی کردون بۆ خۆیانیان حەڵاڵ نەکەن، خەڵکانێک کە ڕێز لە دروشمەکانی خوا دەگرن، ئەوان لەسۆنگەی ئەوەوە کە بە نامسوڵمانیان دەزانن، نەچن تەجاوز بکەنە سەریان، دوایی لەو سیاقەی ئایەتەکەدا دەفەرمووێت: «وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى. وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ...»، هاوکاریی یەکدیی بکەن (واتە: لەگەڵ غەیری خۆتان)دا لەسەر چاکەکاریی‌و پارێزکاریی، بەڵام هاوکاریی یەکدی مەکەن لەسەر گوناحو دەستدرێژیی، کەواتە: لەم ڕستە قورئانییە وەردەگیرێت کە تۆ بۆ هەر مەبەستو ئامانجێکی شەرعیی، کە لەنێوان تۆو تەرەفی بەرامبەردا هەیە، مادام ئەو ئامانجە لە خودی خۆیدا ئامانجێکی شەرعیی‌و شتێکی باشو بەکەڵک بێت، تۆ نەک هەر بۆت هەیە، بەڵکو لەسەرت پێویستە هاوکاریی بکەی‌و دەستبار بگری بۆ ئەو تەرەفەی بەرامبەرت، چونکە خوا فەرمانی بەوە پێکردوویت، (البر)یش واتە: چاکەکاریی، هەر شتێک کە بۆ خەڵک باش بێتو سوودو بەرژەوەندیی خەڵکیی تێدا بێت، (التقوى)ش یانی: پارێزکاریی، واتە: یانی: هەرشتێک مایەی پارێزران لە سزاو تورەیی خواو مایەی ڕەزامەندیی خوا بێت، بەڵام ئەوەی کە لەسەر ئینسان قەدەغەکراوە، ئەوەیە کە لەسەر گوناحو دەستدرێژیی دەستبار بۆ خەڵک بگرێ‌و هاوکاریی خەڵک بکات، کەواتە: ئێمە لەگەڵ ئەو دوو لایەنەو هەر لایەنێکی دیکەشدا، چونکە ئێمە کە لەگەڵ ئەو دوو لایەنەدا لیستمان پێکهێناوە، مانای وانییە کە خۆمان لە لایەنەکانی دیکەش دابڕیوە، خۆ ئێمە لەگەڵ هەموو ئەو لایەنە سیاسیانەی دیکەدا پێکەوە لەم وڵاتەداینو هەموومان کاردەکەین بۆ ئەوە کە خەڵکەکەمان بەختەوەر بکەینو وڵاتەکەمان ئاوەدان بێتو خێرو خۆشی بۆ خەڵک دابین بکەینو دادگەریی بچەسپێنین، هەموومان ئەگەر بە کردەوەش پراکتیزەی نەکەین، بەلایەنی کەمەوە ئەو دروشمانەمان بەرزکردووەتەوە، کەواتە ئێمە لەڕووی شەرعییەوە مولزەمین کە بۆ هێنانەدی ئامانجە هاوبەشەکان لەگەڵ هەموو کەسدا هاوکارو دەستبارگر بین، با ئیتیفاقیەی ئیمزاکراویشمان نەبێت، بەڵام کە ئیتیفاقیەی ئیمزاکراو هەبوو ئەتۆ زیاتر بەوەوە مولزەمیت، جارێک بە حوکمی دەقەکانی شەریعەتو جارێکیش بە حوکمی ئەو بەڵێنو پەیمانەی کە داوتە.

سەبارەت بە پرسیارەکەت یان ئەو ئیشکالە کە هەندێک کەس باسی دەکات کە هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ پەرلەمانە، پەرلەمانیش شوێنی بڕیاردانو یاسادانانە، هەر بەکورتی دەڵێین: بنچینەیەکی شەرعیی هەیە کە خوای پەروەردگار لە چەندان ئایەتداو پێغەمبەر (د.خ) لە فەرمایشتدا ڕوونی کردووەتەوە کە حیسابو کیتاب لەگەڵ ئینساندا دەکرێت بەپێی نیازو مەبەستی: وەک خوا فەرموویەتی: (وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ) البينه -٥-، واتە: تەنیا فەرمانیان بەوە پێکرابوو کە بەندایەتی بۆ خوا بکەنو ملکەچیی خۆیانی بۆ ساغ بکەنەوە، پێغەمبەریش (د.خ) فەرموویەتی: (انما الأعمال بالنيات...) متفق عليه، واتە: بێگومان کردەوەکان بەس بەپێی نیاز (نية)ەکانن، کەواتە: ئەسڵ لە هەرکارێکدا ئەوەیە کە تۆ مەبەستت پێ لەو کارە چییە؟! کەسێک کە دەنگ دەدات با بەو نیەتە دەنگ بدات کە نوێنەرێکی باشی لەو ئەنجومەنی یاسادانانو پەرلەمانەدا هەبێت، با ئەو نیەتی وابێت کە ئەو خەڵکانە کە ئەو بە باشیان دەزانێت، کە داکۆکی دەکەن لەو ئامانجانە کە ئەو بە ڕێکو ڕاستو شەرعیان دەزانێت، بچنە پەرلەمانەوە، با نیەتی وا نەبێت کە کابرایەکی نائیسلامیی یان نامسوڵمان بچێتە پەرلەمان، ئەوکاتە بەرهەمو پاداشتی کارەکەی بەپێی نیەتەکەی خۆیەتی، ئینجا ئەگەر تەماشای ڕێژەی کورسییەکانیش بکرێت، هەر دیارە چۆنە؟ هەر کەسە بەپێی قەبارەی خۆی، بە لەبەرچاوگرتنی دەرهاویشتەی هەڵبژاردنەکانی پێشێ بە تۆزێک تەعدیلەوە، ئەوە کراوە بە تەرازوو، تۆزێک تەعدیل بەنیسبەت ئێمەوە وەکو کۆمەڵی ئیسلامیی، پاشان لێرەدا مەسەلەیەکی دیکەش هەیە: هەندێک کەس وادەزانێت پەرلەمانتاران هەر لەگەڵ زمانیان هەڵهێنا ئەوە حەتمەن یان شتێک حەرام دەکەن، یان شتێک حەڵاڵ دەکەن، کە بێگومان ئەوەش وانییەو ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە هۆیەکەی شارەزانەبوونە لە ئەرکی پەرلەمان، پەرلەمان سێ ئەرکی سەرەکیی هەیە، یەکەم: یاسادانانە، دووەم: پێکهێنانی حکومەتو چاودێریی حکومەتو چاودێریکردنی وەزیرەکانەو لێپرسینەوەیانەو ئاراستەکردنو تەوجیهکردنیانە، سێیەم: موسادەقەکردنە لەسەر بودجەو ئاگاداربوونە لە دارایی، چەند واریدات دێ‌و چۆن خەرج دەکرێ؟! ئەمانە سێ ئەرکە سەرەکییەکەی پەرلەمانن، کەواتە: تەنیا یەکێک لە ئەرکەکانی پەرلەمان یاسادانانەو یاسادانانیش هەمووی هەر مەسەلەی حەرامو حەڵاڵ نییە، بەڵکو زۆری شتی ئیدارییەو چەند مەسەلەیەکە کە مەرج نییە لەگەڵ شەرع تێک بگیرێن.

+ دووانیان هەر پەیوەندیی یان بە عەقیدەوە نییە: لێپرسینەوەی حکومەتو تەسدیقی بودجە.

–بەڵێ، ئەرکی پەرلەمان زیاتر پەیوەندیی بە کاروباری ئیدارییەوە هەیە، سوودو بەرژەوەندیی خەڵک چۆن تەحقیق دەبێت؟ چۆن زیانو زەرەریان لێ دووردەخەیەوە؟ کە ئەوە بۆ خۆی لە ئەسڵدا فەرزێکی شەرعییە، پاشان زۆرجار خەڵکی ئیسلامیی‌و غەیرە ئیسلامیی هەموومان لەسەر هێندێک بەها یەکدەنگین، هەموومان لەسەر عەدل یەکدەنگین، لەسەر نەبوونی گەندەڵی هەموومان یەکدەنگین، لەسەر نەبوونی مەحسوبیەت، دەیناسێتو نایناسێ‌و خزمیەتی یان بێگانەیە؟ هەموومان یەکدەنگین، زۆر بەهای بەرزو باش هەن هەموومان لەسەریان یەکدەنگین، دەمێنێتەوە ئەو شتانەی کە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا دژنو تێک دەگیرێن، ئێمە دیارە وەکو ئەو دوو لایەنە ئیسلامییە خۆمان بە موکەللەف دەبینینو بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە بەرگریی بکەین لە یاساو سنوورەکانی شەریعەتو هەر شتێک کە دژی شەریعەتی ئیسلامیی بێ، بەپێی توانای خۆمان، پێشگیرییان لێبکەینو نەیانهێڵین، کە دیارە هەندێک لەو شتانەش جاری وا هەیە کە یەکێکی دیکەش بە پاڵنەرێکی دیکەو هاندەرێکی دیکە هەر ڕەفزی دەکاتو دژیەتی‌و بە زیانی خۆی دەزانێت، بۆ وێنە: ئایا ڕەواجپێدانی ئیباحییەت (بەرەڵایی جنسیی) وەکو چۆن پێچەوانەی دەقەکانی قورئانو سوننەتە، ئایا پێچەوانەی هێمنیی‌و ئاسایشی خەڵکییش نییە؟ پێچەوانەی ڕەوشتو ئەخلاقی بەرز نییەو پێچەوانەی بەرژەوەندیی کۆمەڵگاش نییە؟ بێگومان با، چونکە ئەو شتانە کە شەریعەت قەدەغەی کردون، بە تەئکید لەبەرئەوەیە کە زەرەرو زیانی زۆریان لێدەکەوێتەوە بۆ تاکو کۆمەڵو خێزان، لەڕووی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و ئابووریی‌و ئەخلاقیی‌و... هتدەوە، کەواتە هەر لەڕێوە نابێت ئێمە پێمانوابێت کە هەر شتێک لەگەڵ شەریعەت تێک دەگیرێت، هەر خۆمان دەبین، لە بەرامبەریدا وەک بەکردەوە دەریشکەوت لە مەسەلەی یاسای باری کەسێتیدا، کە زۆر کەس ویستیان یاساکە بە بارێکدا بخەن، بەڵام بۆیان نەچووەسەر، هەرچەندە بێگومان ئێستاش هەڵەو ناشەرعیی هەر تێدان، بەڵێ: خەڵکی دیکەش کەمو زۆر خۆی بە مسوڵمان دەزانێتو بەرگریی لە ئیسلام دەکات، بۆیە ئێمە نابێت ڕەشبین بین، دەمێنێتەوە ئەوە بڵێین: کە بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئەو دوو لایەنە سیاسییەدا کە هاوپەیمانێتیمان بۆ هەڵبژاردنەکان بڕیاردراوە، ئێمە شتی فراوانمان هێناوەتە بەرچاوی خۆمان، بۆ وێنە لابردنو نەهێشتنی گەندەڵیی، چەسپاندنی دادگەریی، دابینکردنی مافو ئازادییەکان بۆ خەڵک، ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی خەڵک، دروستکردنی ژێرخانی ئابووریی، دەربازکردنی هەرێمی کوردستان لەو قەیرانە نێوخۆیی‌و دەرەکیانەی تێیانکەوتووە، ئێمە ئەوانەمان هێناوەتە بەرچاوی خۆمان، ئینجا پێغەمبەریش (د.خ) کاتێک کە لەگەڵ خەڵکی دیکەی غەیری خۆیدا پەیمانی بەستووە، خۆ بە تەئکید لەسەر ئەوە نەبووە کە هەموویان پێکەوە نوێژ بکەن، لەسەر ئەوە نەبووە کە هیچیان شەراب نەخۆنەوە، کابرای جولەکە گۆشتی بەراز دەخواو شەراب دەخواتەوەو قومار دەکات، کابرای (خوزاعە)یی بت دەپەرستێ‌و هەموو ئەو شتانەی کە ئیسلام بە حەرامیان دەزانێ ئەو بە حەڵاڵیان دەزانێ، ئەدی لەسەر چی بووە؟ دیارە بەرژەوەندییەکی هاوبەش هەبووە، کە بریتی بووە لە: بەرگریی لە یەکدی کردنو شەڕ لەسەر یەکدی کردن، کە ئەوە بەرژەوەندییەک بووە بۆ هەردووکیان باش بووە، لەو حاڵەتانەدا دەبێت تەماشای چی بکەیت؟ دیارە دەبێت سەرنجبدەی چ شتێک بۆ تۆش‌و ئەویش باشە؟ کە من دەتوانم بڵێم سەدان شت هەیە بۆ ئێمە وەکو ئەو دوو لایەنە ئیسلامییە باشە، بۆ ئەو دوو لایەنەو لایەنەکانی دیکەش باشە، کە ئێمە دەتوانین هەموو ئەوانە بکەینە خاڵی هاوبەش‌و ئامانجی هاوبەش‌و دەستباری یەکتر بگرینو هاوکاریی یەکدیی بکەین بۆ تەحقیقکردنیان.

+ قسەی کۆتاییت چییە بۆ ئەو کەسانەی بەپێچەوانەوە وێڕای ئەوەی کە بەڵگەکانیش دەبینن، بەڵام ئەوان هەر ئینکاریی‌و پێداگریی دەکەن لەسەر ئەوەی کە ئەمە مەسەلەی عەقیدەو خواو پێغەمبەری خوا (د.خ)و قورئانە، عەقیدەی ئیسلامیی لەگەڵ هیچ عەقیدەو بیرو باوەڕێکی دیکە یەک ناگرێتەوە، ئەوەش مەسەلەی تەشریعە، واتە زۆربەی کاتیش بە قوڵیی ناچنە ناو

**ئەرکی پەرلەمان زیاتر پەیوەندیی بە کاروباری ئیدارییەوە هەیە، سوودو بەرژەوەندیی خەڵک چۆن تەحقیق دەبێت؟ چۆن زیانو زەرەریان لێ دووردەخەیەوە؟ کە ئەوە بۆ خۆی لە ئەسڵدا فەرزێکی شەرعییە، پاشان زۆرجار خەڵکی ئیسلامیی‌و غەیرە ئیسلامیی هەموومان لەسەر هێندێک بەها یەکدەنگین، هەموومان لەسەر عەدل یەکدەنگین، لەسەر نەبوونی گەندەڵی هەموومان یەکدەنگین**

ئابووری
رۆژنامە
ژمــاره (492) | چوارشەممە 2009/6/17 | aburi.rozhnama@gmail.com



پرۆفیسۆر د.ئازاد نەقشبەندی:

**ئەو نەوتەی هەرێمی کوردستان دەریدەهێنێت یەک لەسەر هەژدەی ئەو نەوتەیە کە عێراق دەینێرێتە دەرەوە**

ل٤-٥

بەهای دۆلاری ئەمریکی لە بەرامبەر دیناری عێراقی لە (١١٨,٥٠٠)هەزار دینارەوە دابەزی بۆ (١١٧,٩٠٠)دینار، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی بانکی ناوەندی لە خستنە بازاڕی دۆلاردا.

% 0.005

بەهای یەک بەرمیل نەوتی خاوی ئەمریکا لە بازاڕەکانی جیهاندا لە (٦١)دۆلارەوە بەرزبووەوە بۆ (٧٣)دۆلاری ئەمریکی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاد بوونی خواست لەسەر نەوت

%0.16

نرخی یەک مسقاڵ ئاڵتونی عەیارە (٢١) لە بازاڕەکانی کوردستاندا لە (١٥٩)هەزار دینارەوە دابەزی بۆ (١٥٦)هەزار دینار، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ناجێگیری لە بەهای ئاڵتوندا

% 0.018

# حکومەت ئاگاداری ئەو شیرینیانەیە کە لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکانەوە دراوە بە پارتیو یەکێتی

ئارا ئیبراهیم

لە دانیشتنەکانی هەفتەی رابردووی پەرلەماندا، پەرلەمانتاران باسیان لەو بڕە پارەیە کرد کە لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکانەوە دراوە بە حکومەت، بەڵام وەزیری دارایی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد کە هیچ بڕە پارەیەک نەهاتووەتە وەزارەتی دارایی.

کوێستان محەمەد ئەوەی ئاشکرا کرد کە بڕی یەک ملیارو شەش سەد ملیۆن دۆلار لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکانەوە دراوە بە حکومەت، بەڵام حەتمەن کە ئەو پارەیە نەچووبێتە لای وەزارەتی دارایی، کەواتە دراوە بە پارتیو یەکێتیو وەزیری دارایی راست دەکات کە نەچووەتە وەزارەتی دارایی. هەروەها محەمەد رەفعەت، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی وت: «حکومەت ئاگاداری ئەو بەخشیو شیرینیانەیە کە لەلاپەن کۆمپانیا نەوتییەکانەوە دراوە بە یەکێتیو پارتی، ئێمە کۆمەڵێک ئەندام پەرلەمانین ئامادەنین کە دەنگ بە پەسەندکردنی بودجە بدەین، تا ئەوکاتەی هەموو ئەو وردەکاریانە بۆ پەرلەمانتاران روووندەکرێتەوە».

سەرۆکی پەرلەمان دانی نا بەو بڕە پارەیەدا کە پارتیو یەکێتی مانگانە هەریەکەیان لە (٣٠) ملیۆن دۆلار کەمتر وەرناگرن، ئەمە لەکاتێکدایە کە بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ راگەیاندنەکان ئەوەی رەتکردەوە کە ئەو بڕە پارەیە بدرێت بەو دوو حیزبە.

محەمەد رەفعەت وتیشی: «ئەوە زانیمان پارتیو یەکێتی ئەوەندەیان پێدەدرێت، بەڵام دەبێت بزانین لەسەر چ بنەمایەکە، ئەی حیزبەکانی دیکە چەند وەردەگرن، ئایا بەو پێوانەیەیە کە پاتیو یەکێتی وەریدەگرن یاخود چۆنە دەبێت بیزانین».

جوتیار مەجید، جێگری لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، ئاشکرایکرد کە عوسمان شوانی، وەزیری پلاندانان لە پەرلەمان بڕی (٢٠٠) ملیۆن دۆلاری باسکرد کە لەلایەن کۆمپانیایەکی نەوتەوە دراوە بە حکومەت، ئەوەش دەخرێتە پرۆژەوە.



## سلێمانی پایتەختی برسێتی

ل٣

# بۆ هەرکیلۆیەک لە میوەی هاوردە کراو (٢٥٠) دینار باجی دەچێتەسەر

هێمن محەمەد

هەولێر

وەزارەتـی کشتوکاڵ بڕیاریداوە کە زیاد لەنیوەی کرێی گواستنەوەی بەروبوومی جوتیاران بگەڕێنێتەوە بۆجـوتـیـاران، بـاج دەخـاتـە سەر هـاوردەکـردنـی زۆریـنـەی میوەو سەوزە هاوردەکراوەکان کە لەوڵاتانی دەوروبەرەوە دەهێنرێنە کوردستان.

## ١٠ هەزارو ٩٠٠ تۆن سەوزەو میوە

بەشێوەیەکی گشتی وردەکـاری هاوکاریکردنی وەزارەت بۆ جوتیاران بریتیە لەدابینکردنی (٦٠٪)ی کرێی گواستنەوە بۆ جووتیاران.

نـوری ئیسماعیل بـەڕێـوەبـەری پێشینەو بـازاڕگـەری لـەوەزارەتـی کشتوکاڵ ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەمە سێیەمین ساڵە پرۆژەی گواستنەوەی بەرهەمی جوتیاران وەک هاوکاری لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە جێبەجێ دەکرێت، هەروەها وتیشی: «بۆ ئەمساڵ، حەوت ملیۆن دۆلاری بۆتەرخانکراوە، ئەم پارەیەش دابەشکراوە بەسەر بـەڕێـوەبـەرێـتـیـە گشتیەکاندا، بە جۆرێک کە ٢ ملیارو ١٦٤ ملیۆن دینار تەرخانکراوە بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هەرسێ پارێزگاکە، جگە لەگەرمیان کە رێژەیەکی کەمتری بۆ تەرخانکراوە، ئەم پرۆژەیە بۆ هاوکاری جوتیارانە».

بەپێی رێنماییەکان وەزارەتـی کشتوکاڵ (٦٠٪)ی کرێی گواستنەوەی بەروبوومەکان لەکێڵگەوە بۆ ناو عەلوە دەدرێتەوە بە جوتیاران، نوری وتی: «بۆ ئەم مەبستەش لەهەموو هۆبەکانی کشتوکاڵ لـەشـارو شارۆچکەکان لیژنەمان دروستکردووە، کە هەڵدەستن بەپشتگیریکردنی ئەو جوتیارەی کە بەرهەمی هەیە، بێگومان ئامار هەیە بۆ ئەوەی رێژەی گشتی میوەو سەوزە دیـاری بکرێت، بەپێ ئـەو ئامارانە پشتگیریان بۆ دەکرێت».

هـەروەهـا باسی لەوەشکرد، کە بەهۆی ئـەو پشتگیرییەوە جوتیار کە بەروبوومەکەی گەیاندە بازاڕی عەلوەکان لیژنەی خەرجیەکانیان هەیە لەعەلوەکان، ئەو لیژنەیە کاری پێدانی برە پارەی (٦٠٪)ی تێچووی رێگا بۆ جوتیاران دەگێڕێتەوە، دەربارەی ئەو هاوکاریکردنە، بەڕێوەبەری پێشینەو بازاڕگەری لەوەزارەتی کشتوکاڵ باسی لەوەکرد، بۆ ئەوەیە بەروبوومی جوتیار نەمێنێتەوە پارە بکاتو ساغ ببێتەوە لەبازاڕەکانی کوردستان، ئەمەش دەبێتە هاندانێکی باش بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو پەرە بەبەرهەمەکانیان بدەنو جۆرەکەی باشتر بکەن.

بەهۆی گرانی کرێی گواستنەوە جوتیاران کەمتر بەرهەمەکانیان دەنـاردە بـازاڕ، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیە بۆ هـەرزان بوونی نرخی بەرهەمي میوەی ناوخۆییو بەرهەمی کشتوکالی بەگشتی.

هەروەها وتی: «بەرهەمی سەوزەو میوە بەپێی پێشبینیەکانی ئێمە لەهەولێر (١٣٢٥٠) هەزارتۆن میوەیە، (٤٨٢٥) هەزار تۆن میوەمان هەبێت سەوزەش (١٠٩٠٠) هەزار تەن، وەک پێشبینی بۆ ساڵی ٢٠٠٩».

## باج دەخرێتە سەر هاوردە

یەکێکی دیکە لەهەنگاوەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ باج دانانە لەسەر ئەو سـەوزەو میوەیەی لە دەرەوە دەهێنرێتە هەرێمی کوردستانەوە، ئەمەش جارێکی دیکە خواست لەسەر بەرهەمی ناوخۆ زیاد دەکـات، نوری ئیسماعیل ئـەوەی روونکردەوە، کە لەئێستادا لەگومرگەکان باجیان داناوە لەسەر هاتنە ژورەوەی بەرهەمی دەرەکی لەوڵاتانی دراوسێی ئێرانو تورکیاو سوریاو ئـوردن، وتیشی: «گومرگمان دانـاوە بۆ هەر کیلۆیەک (٢٥٠) دینار هەموو جۆرە میوەیەک، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی جوتیارانی خۆمان هانبدەین کە پەرە بەبەرهەمەکانی خۆیان بدەنو پێشبڕکێی بەرهەمی دەرەوەی پێ بکەن، ئێمە بەو هەنگاوانە کەشێکی وا دروستدەکەین کە بەرهەمی دەرەکـی کەمبکرێتەوە بەرێژەیەکی بەرچاو، پێشبینی ئەوەش دەکەین کە بەرهەمی ناوخۆ توانای ئـەوەی هەیە پێداویستییەکانمان پڕبکاتەوەو پێویستمان بەهاوردەکردنی ئـەو بەرهەمانە نەبێت لـەدەرەوە، پێشموایە تاکە هۆکار هاوکاریکردنی جوتیارە کە بەرهەمەکەی بێنێتە بازاڕو ساغی بکاتەوە».

## جوتیاران سوود لەو بڕیارە وەردەگرن

بەهۆی ئەو بـڕیـارەوە زۆرینەی جوتیاران ئامادەن بەرهەمەکانیان بێننە عەلوەکانو بیفرۆشن، بەڵام پێشتر بەهۆی گرانی نرخی گواستنەوە ئەو بەروبوومە ناوخۆییانە لەبازاڕەکان رێژەیان کەم بوو، لەوبارەیەوە ئازاد عوبێد هاوڵاتییەکی ناوچەی دەشتی هەریرەو ئەو بەرهەمی سەوزە دێنێت بۆ عەلوەی گشتی هەولێر، ئازاد دەلیت: «بەهۆی ئەو بڕیارەوە هەموو جووتیاران دلخۆش بوون، چونکە لەسایەی ئەو بڕیارەوە جوتیاران سوودێکی باشیان پێدەگات، بەڵام پێشتر بەهۆی کرێی رێگا بەرهەمەکە هیچ سوودێکی مادی نەبوو، لەبەرئەوە هـەولـدەدرا هەر لەناوچەکەی خۆمان بەبێ گواستنەوە بەشێکی ساغبکەینەوەو بەشێکیش دەمایەوە بێسوود دەبوو».

ئازاد ئەوەی روونکردەوە، کە ئەو بڕیارەی وەزارەتـی کشتوکاڵ مانای ئەوە دەگەیەنێت کە «هەر لەناو کێڵگەکان بەروبوومەکان دەفرۆشرێت».



# سلێمانی پایەختی برسێتی

عەبدوڵڵا ئەحمەد

رێـکـخـراوی خـۆراکـی جیـهـانـی سـەربـە نەتەوەیەگرتووەکان ٢٠٠٩/٥/٢٦ لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند: سلێمانی لەریزی ئەو چوار پارێزگایەی عێراقدایە، کە ئاستی گـوزەران تێیدا لەژێر هێلی هەژاریدایەو رۆژبەڕۆژ ژمارەی برسییەکان لەوشارەدا روولـە زیادبوونە، ئەو چوار پارێزگایەش بریتین لە (سلێمانی، واست، نەینەوا، دیالە) ئەم رێکخراوە بەنیازیشە ژەمەخۆرکی قوتابیانی سەرەتایی بخاتە بەرنامەی خۆیەوە بۆ ئەم پارێزگایانە. ناوهێنانی سلێمانی لەریزی ئەو پارێزگایەنەدایە جێگەی هەلوەستەو پرسیارکردنە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کە بۆ دەبێت سلێمانی لەریزی ئەو پارێزگایەنەدابێت کە بەم ئەندازەیە هەژارییو برسێتی تێدا بڵاوبووبێتەوەو بەمشێوە ترسناکە سلێمانی فەرامۆشکرابێتو هـۆکـاری فەرامۆشیەکەش بۆمان روون نەبێت، ئایا پەراوێزخستنو برسیکردنی دانیشتووانەکەی دەگـەرێـتـەوە بـۆئـەوەی ئـەم شـارەو خەلکەکەی لەراپەریناو لەدروستکردنی پەرلەمانو حکومەتدا بەشداریان نەکرد؟ ئایا سلێمانی لەهەلبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا دەنگیان بەلیستێکی دیکەی دەرەوەی هاوپەیمانی داوە تابەمشێوەیەی ئێستای لێبێت، یان ئەمە رەنگدانەوەی ئەو بوغزە سیاسییەیە کە دەیەوێت بەهەرشێوەیەک بێت سلێمانیو خەلکەکەی بێبەشبن لەهەموو جۆرە ژیانو گوزەرانێکی ئاسایی کەدلنیام فاکتەری بنەرەتی ئەم سیاسەتەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەم شارە تەواو نارازین لە دەسەلاتی سیاسیو شەپۆلێکی زۆرو فراوانی میدیای ئازادو خەلکی ئازاد، داوای گۆرانکاریی دەکەنو هەولی برینی دەستی حیزب دەدەن لەکاروبارەکانی دەولەتو زانکۆو سەرجەم دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەلگەدا.

ئەم بەیاننامەیەی UN لەکاتێکدایە کە بۆ پروپاگەندەی هەلبژاردن دەسـەلاتـداران بانگەشەی بەهەشتێکی وەهمی دەکەن کە ئەمان خولقاندوویانە، رۆژنییە پێمان نەلێن کە ئاستی خزمەتگوزارییەکانو گوزەرانی خەلک هێندە باشبووە جێگەی شانازی هەموو مرۆڤێکی کوردە، ئەم منەتە بەسەر خەلکیداو دروستکردنی ئەم بەهەشتە خەیالییەی حیزبو دەسەلاتداران دلنیام لەوەی چەند کۆلانێکی کەمو تەسکی تێنەپەراندووەو چاویلکەکەیان وەک رێکخراوی خۆراکی جیهانی راستگۆیانە پێمان نالێت بەلێ سلێمانی لەژێر مەترسی هەژاریو برسێتیدایە، ئەگەر هەلوەستەی جدی لەسەر نەکەن رۆژبەرۆژ هەژارو برسییەکان روو لەزیادبوون دەکـەن، لەم ساتەوەختەشدا کە سلێمانی لەژێر هێلی هەژارییو برسێتیدایە چەند رۆژێک لەمەوبەر هەموومان بینیمان نەوتی کوردستان هەناردەی دەرەوەی ولات کرا، بەلام نەبووەمایەی دلخۆشی هاولاتییان، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆئەوەی کە ئەم نەوتەو هەناردەکردنیو داهاتەکەی وەک گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم بە نهێنیو لای بنەمالە دەسەلات بەدەستەکان دەمێنێتەوەو خەلک بۆی نییە هیچی لە بارەوە بزانێت. ئەوان نییەو ئەگەر هی خەلکە بۆ بەوشێوەیە سلێمانی لەژێر مەترسی هەژارییو برسێتی دایە خۆسلێمانیو سلێمانییەکان درەنگ نەهاتوونو کەمیان نەکردووە، خالێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ئەویش ئەو تێروانینە باوەیە، کە دەلێت: دەمانەوێت سلێمانی بکەینە پایەختی رووناکبیری، بێگومان پایەختی رووناکبیری بەدروشمی سیاسیو قسەی بریقەدار نایەتەدیو ئەوانەشی دەیانەوێت بەم دروشمانە خەلک بخەلەتێنن ئەوا من دەپرسم لەچ پایەختێکی رووناکبیریدا خەلکەکە لەژێر مەترسی هەژارییو برسێتیدایە؟

## لەڕێگەی بازاڕێکی ئازادەوە سلێمانی بەدەریای ناوەڕاست و کەنداوەوە دەبەسترێتەوە

نوێنه‌ری حكومه‌تی هه‌رێم له‌ به‌ریتانیا:

# لاوازیی سیسته‌می بانكیو نه‌بوونی ئامارو زانیاریی له‌باره‌ی كاروباری دارایی له‌ هه‌رێم، رێگرن له‌هاتنی سه‌رمایه‌گوزاریی بیانی

نیقاش

**نوێنه‌ری حكومه‌تی هه‌رێم له‌ به‌ریتانیا، ئاماژه‌ به‌ هه‌وڵه‌كانی نوێنه‌رایه‌تی هه‌رێم ده‌كات له‌ پێناو دروستكردنی په‌یوه‌ندی له‌ نێوان وه‌به‌رهێنه‌رانی به‌ریتانیاو هه‌رێمی كوردستانو لاوازیی سیستمی بانكیی هه‌رێمی كوردستانو نه‌بوونی ئامارو زانیاریی په‌یوه‌ندیدار به‌ كاروباری هه‌رێم، وه‌ك چه‌ند به‌ربه‌ستێك له‌ رێی هاتنی سه‌رمایه‌گوزاریی بیانی بۆ كوردستان له‌ قه‌له‌مده‌دات.**

**له‌م چاوپێكه‌وتنه‌دا كه‌ سایتی نیقاش له‌ گه‌لیدا ئه‌نجامداوه‌ به‌یان سامی عه‌بدولڕه‌حمان باسی كاره‌كانی نوێنه‌رایه‌تی هه‌رێم ده‌كات.**

**به‌شێوه‌یه‌كی گشتی كاروباری فه‌رمانگه‌كه‌تان چییه‌؟**

* ئۆفیسی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان له‌ به‌ریتانیا چه‌ندین كاری جۆراوجۆری هه‌یه‌، به‌ڵام گرنگترین مه‌سه‌له‌ كه‌ پێداگریی له‌سه‌ر ده‌كه‌ینو له‌به‌رچاوی ده‌گرین، په‌رله‌مانی به‌ریتانیایه‌، چونكه‌ زۆربه‌ی په‌رله‌مانتارانی ئه‌و وڵاته‌ گرنگییه‌كی تایبه‌ت به‌ بابه‌تی كوردستانو عێراق ده‌ده‌ن، یه‌كێك له‌ خاڵه‌ گرنگه‌كانی دیكه‌ كه‌ به‌رده‌وام له‌به‌رچاوی ده‌گرین، راگه‌یاندنه‌. به‌ریتانیا یه‌كێكه‌ له‌ سه‌رچاوه‌ سه‌ره‌كییه‌كان بۆ زۆربه‌ی راگه‌یاندنه‌كانی ئینگلیزیو عه‌ره‌بی، جگه‌ له‌مانه‌ش ئێمه‌ په‌ره‌ به‌ ئابووری هه‌رێمی كوردستان ده‌ده‌ینو به‌رده‌وام له‌ هه‌وڵی رێكخستنی سمینارو كۆڕو كۆبوونه‌وه‌داین بۆ بزنسمانه‌ به‌ریتانییه‌كانو سه‌رقاڵی رێكخستنی گه‌شتی ئابووری بزنسمانه‌ به‌ریتانییه‌كانین بۆ هه‌رێم، به‌م هه‌نگاوانه‌ش هه‌وڵمانداوه‌ ببینه‌ پردی په‌یوه‌ندی نێوان بزنسمانانی كوردستانو به‌ریتانیا به‌مه‌به‌ستی ئه‌نجامدانی كاری هاوبه‌ش له‌سه‌روو هه‌موو ئه‌وانه‌ش كه‌ باسكران، ئێمه‌ به‌رده‌وام له‌ هه‌وڵی یارمه‌تیی ئه‌و كوردانه‌ین كه‌ وه‌ك په‌نابه‌ر روویان له‌ به‌ریتانیا كردووه‌.

**ئایا له‌ هه‌رێمی كوردستان ده‌رفه‌تی وه‌به‌رهێنان بۆ كۆمپانیا به‌ریتانییه‌كان هه‌یه‌؟**

* هه‌رێمی كوردستان ناوچه‌یه‌كی به‌پیتی وه‌به‌رهێنانه‌،نه‌ك ته‌نیا بۆ به‌ریتانیا، به‌ڵكو بۆ سه‌رجه‌م وڵاتانی ئه‌وروپیو ئه‌مریكاییو خۆرهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستیش، یاسای وه‌به‌رهێنانی هه‌رێمی كوردستان زۆر یارمه‌تیده‌ری وه‌به‌رهێنه‌رانه‌، زۆر له‌ بزنسمانه‌ شاره‌زاكان یاسای وه‌به‌رهێنانی كوردستانیان به‌ یه‌كێك له‌ باشترین یاساكانی خۆرهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست وه‌سفكردووه‌، یاسای وه‌به‌رهێنان زۆر خاڵی سه‌رنجڕاكێشی بۆ ئه‌وان تێدایه‌، بۆ نموونه‌ وه‌به‌رهێن ده‌توانێت خاوه‌ن موڵك بێت له‌ هه‌رێمو ماوه‌ی پێنج ساڵ له‌ باجدانو گومرگ ئازاد ده‌كرێت، ئه‌گه‌ری ئه‌وه‌ش هه‌یه‌ بۆ (١٠) ساڵ درێژبكرێته‌وه‌، جگه‌ له‌وه‌ش هه‌ر كه‌لوپه‌لو ئامێرو مه‌كائینێك كه‌ له‌ده‌ره‌وه‌ ده‌هێنرێت، تا (١٠) ساڵ له‌ گومرگ چاوپۆشیان لێده‌كرێت، ئه‌م ئاسانكارییو خاڵه‌ ئیجابیانه‌ی كه‌ له‌ یاسای وه‌به‌رهێناندا هه‌یه‌، له‌وه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ی گرتووه‌ كه‌ حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان مه‌به‌ستیه‌تی په‌ره‌ به‌ كه‌رتی تایبه‌ت بدات له‌بواره‌كانی كشتوكاڵ، گه‌شتوگوزار، بازرگانی، پیشه‌سازیی نه‌وتو كه‌رته‌كانی دیكه‌. هه‌ر له‌م باره‌یه‌وه‌ حكومه‌تی هه‌رێم خه‌ریكی دڵنیاكردنه‌وه‌ی وه‌به‌رهێنه‌ره‌ بیانییه‌كانه‌ كه‌ به‌شێوه‌یه‌كی یه‌كسانو دادپه‌روه‌رانه‌ مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵدا ده‌كرێتو له‌ رێگای یاساوه‌ مافه‌كانیان ده‌پارێزرێت، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌وه‌ی بوونی گه‌شتی ئاسمانیی راسته‌وخۆ له‌ ئه‌وروپاوه‌ بۆ هه‌رێمی كوردستانو سه‌قامگیرییو ئاسایشی هه‌رێم متمانه‌یه‌كی زیاتری به‌ وه‌به‌رهێنه‌ران به‌خشیوه‌.

**به‌ گشتی گرفته‌كانی به‌رده‌م وه‌به‌رهێنه‌رانی بیانی چین؟**

* یه‌كێك له‌ كێشه‌ هه‌ره‌ گه‌وره‌كان ئه‌وه‌یه‌ كۆمپانیا بیانییه‌كان له‌ڕووی ئاسایشو سه‌قامگیریی، جیاوازیی نێوان هه‌رێمو ناوچه‌كانی دیكه‌ی عێراق ناكه‌ن، بۆیه‌ پێویسته‌ بۆ ئه‌و كۆمپانیایانه‌ روونبكرێته‌وه‌ كه‌ كوردستان ناوچه‌یه‌كی هێمنو پڕ ئاسایشه‌. له‌ ساڵی ٢٠٠٦-وه‌ تائێستا شه‌ش وه‌فدی بازرگانیمان له‌ به‌ریتانیاوه‌ هێناوه‌ته‌ هه‌رێمی كوردستان، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌ وه‌فده‌ بچووكو تاكه‌كه‌سه‌كان. به‌ربه‌ستێكی دیكه‌ی به‌رده‌م وه‌به‌رهێنه‌ران، لاوازیی سیستمی بانكییه‌، ئێمه‌ پێویستیمان به‌ بنیاتنانی سیستمێكی دارایی هه‌یه‌ كه‌ به‌پێی ستانداردی نێوده‌وڵه‌تی كاربكات، نه‌بوونی ئامارو زانیاریی په‌یوه‌ندیداریش به‌ كاروباری ئابووری، گرفتێكی دیكه‌یه‌، تائێستا ئامارێكی رێكوپێكو وردی ئابووریمان نییه‌، به‌ڵام ئه‌و كێشانه‌ شتێك نین كه‌ چاره‌نه‌كرێن، له‌گه‌ڵ كاتدا هێدی هێدی به‌سه‌ریاندا زاڵده‌بین.



# سه‌دان شۆفێر له‌ مه‌رزی حاجی ئۆمه‌ران بێكارده‌بن

بورهان نه‌وزاد

شۆفێرانی ئۆتۆمبێلی بارهه‌ڵگری مه‌رزی نێوده‌وڵه‌تیی حاجی ئۆمه‌ران چه‌ندین نارِه‌زاییو خۆپیشاندانیان ئه‌نجامیاندا له‌دژی په‌یڕه‌ونه‌كردنی پرۆتۆكۆڵی ترانزێتی نێوان ئورمیه‌و هه‌ولێر، كه‌ له‌گه‌ڵ به‌فه‌رمیبوونی مه‌رزی حاجی ئۆمه‌راندا ئیمزاكرابوو، بۆ دواجاریش شۆفێران هه‌وڵه‌كانیان بێسوود بووه‌و نه‌یانتوانی ئه‌و بڕگه‌یه‌ هه‌ڵبوه‌شێننه‌وه‌، به‌وهۆیه‌شه‌وه‌ سه‌دان شۆفێر له‌م سنووره‌ بێكارده‌بن.

له‌وباره‌یه‌وه‌ یه‌كێك له‌ شۆفێره‌كان كه‌ نه‌یویست ناوی بڵاوبكرێته‌وه‌، به‌ رۆژنامه‌ی راگه‌یاند: دوا هه‌وڵی شۆفێره‌كان هه‌فته‌ی رابردوو خۆپیشاندانێكیان سازكرد له‌ به‌رامبه‌ر جێبه‌جێنه‌كردنی ئه‌و پرۆتۆكۆڵه‌دا، به‌ڵام هه‌وڵه‌كان بێسوود بوون، چونكه‌ پرۆتۆكۆڵه‌كه‌ ئیمزاكراوه‌و له‌ داهاتووشدا جێبه‌جێ ده‌كرێت.

ئه‌و سه‌رچاوه‌یه‌ وتیشی: «پارێزگاری هه‌ولێر سه‌رۆكی شۆفێرانی حاجی ئۆمه‌رانی بانگهێشت كردووه‌، پێیانی وتووه‌ ناتوانرێت ئه‌و پرۆتۆكۆڵه‌ هه‌ڵبوه‌شێنرێته‌وه‌،چونكه‌ ئیمزاكراوه‌، به‌ڵام ئێوه‌ ده‌توانن وه‌ك جاران باره‌كانی خۆتان باربكه‌ن».

سه‌رچاوه‌كه‌ ئه‌وه‌ی روونكرده‌وه‌ كه‌ بێده‌نگكردنی شۆفێران له‌ ئێستادا له‌سه‌روبه‌ندی هه‌ڵبژاردنه‌كاندایه‌، دوای هه‌ڵبژاردن ئه‌م پرۆتۆكۆڵه‌ جێبه‌جێده‌كرێتو هه‌ڵسوكه‌وتی كاربه‌ده‌ستانی گومرگی ته‌مه‌رچیان وه‌ك خۆی لێدێته‌وه‌ به‌رامبه‌ر به‌ شۆفێران.

ئه‌مه‌ له‌كاتێكدایه‌ كه‌ سه‌رجه‌م شۆفێرانی مه‌رزی حاجی ئۆمه‌ران هه‌ڕه‌شه‌ی به‌رده‌وامبوونی مانگرتنیان ده‌كرد تا ئه‌وكاته‌ی كه‌ پرۆتۆكۆڵه‌ هه‌ڵنه‌وه‌شێنرێته‌وه‌.

له‌ لایه‌كی تره‌وه‌ یه‌كێك له‌داواكارییه‌كانی مانگرتوانی شۆفێره‌ بارهه‌ڵگره‌كانی مه‌رزی حاجی ئۆمه‌ران، دابینكردنی سووته‌مه‌نی به‌نزینو گازوایلی ئێرانی له‌لایه‌نی په‌یوه‌ندیدار له‌سنور، هاوكات كاربه‌ده‌ستانی ئێرانی ره‌زامه‌ندییان نیشاندا به‌كردنه‌وه‌ی وێستگه‌یه‌كی به‌نزینو گازوایل بۆ شوفێرانی ده‌روازه‌ی سنوری حاجی ئۆمه‌ران.

له‌وباره‌یه‌وه‌ ده‌رسیم ته‌حسین به‌رپرسی په‌یوه‌ندیه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ی گومرگی حاجی ئۆمه‌ران به‌ڕۆژنامه‌ی وت: «دوای مانگرتنی شوفێرانی لۆریه‌ بارهه‌ڵگره‌كانی خاڵی سنوری حاجی ئۆمه‌رانو پێشكه‌شكردنی چه‌ند داواكاریه‌ك له‌دووتوێی نووسراوێكدا له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی شوفێران یه‌كێك له‌داواكاریه‌كان بریتی بوو له‌دابینكردنی سووته‌مه‌نی بۆیان، بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ هه‌وڵه‌كانمان چڕكرده‌وه‌ تادواجار به‌رپرسانی ئێرانی ره‌زامه‌ندیان له‌سه‌ر دانانی وێستگه‌یه‌كی سووته‌مه‌نی بۆ هه‌ردوو جۆری ( به‌نزینو گازوایل) له‌ده‌روازه‌ی سنوری ده‌ربڕیووه‌».

## بانكه‌ ناوه‌ندییه‌كانی هه‌رێمی كوردستان به‌ به‌غداوه‌ ده‌به‌سترێنه‌وه‌

# ...سەر هەژدەی ئەو نەوتەیە کە عێراق دەینێرێتە دەرەوە

**لەبەرئەوەی یەدەگی نەوت دیاریکراوەو لە ئێستاشدا ٨٣٪ی داهاتی نەوتی هەرێم بۆ عێراق دەبێت، پێتوایە ئەمە زیان بە یەدەگی نەوتی هەرێم دەگەیەنێت؟**

* پیشەسازیی نەوت تایبەتمەندییەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە زۆر لە زانیارییەکان دەربارەی پیشەسازیی نەوت دەچێتە خانەی زانیارییە نهێنییەکانەوە، یەکێک لەو لایەنانەی بە نهێنی دەمێنێتەوە، ئامارەکانی تایبەت بە یەدەگی نەوتە، یەدەگی نەوتیش چەند جۆرێکی هەیە، یەدەگی مسۆگەر، ئەمە ئەو یەدەگەیە کە نەوتەکەی دۆزراوەتـــەوەو دەستنیشانی بڕەکەی کـــراوە، دەتوانرێت بە تێچوونێک ئابووریو بە تەکنەلۆژیای ئەمڕۆ دەربهێنرێت، جۆری دیکەی یەدەگ هەیە، کە یەدەگی ئەگەرە، ئەمەش دوو جـــۆرە، یەکەمیان نەوتەکەی دۆزراوەتەوەو بڕەکەی دەستنیشان نەکراوە، نازانرێت بە تێچوونی ئابووریو تەکنەلۆژیای ئەمڕۆ دەردەهێنرێت یان نا، تەنیا یەدەگی نەوتەکە دۆزراوەتەوە، دووەمیان ئەوەیە کە تەنیا ئەگەری ئەوە هەیە نەوت لە ناوچەیەکدا هەبێت، لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێم کە پلانی وەبەرهێنانی نەوت لەسەر بنەمای یەدەگی مسۆگەر دادەڕێژرێت، ئەگەر یەدەگێکت لە نەوت هەبێتو دەرینەهێنیت، ئەوە سامانێکەو بەکارت نەهێناوە، بەڵام دەرنەهێنانی نەوت مانای پاراستنی ئەو سامانە نییە، بەڵکو پاراستنی سامانی نەوت ئەوەیە کە نەوتەکە دەربهێنیتو سوودی لێوەربگریت.

**ڕۆژنـــامـــە: بـــەڵام دەمـــەوێـــت ئەم سوودوەرگرتنە ڕوونبکەیتەوە، دەبێت چۆن سوودی لێوەربگیرێت؟**

* باشترین شێوە بۆ ئەوەی سوود لەو سامانە وەربگیرێت، ئەوەیە کە نابێت ئەو ســوودەی لە سامانی نەوت وەردەگیرێت، تەنیا بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ بێت، پاشان دەبێت بەرهەمهێنانەکە بگونجێنرێت لەگەڵ واقیعی ئێستاو داهاتووی نەوەکاندا، واتە ناکرێت ئەو نەوتەی ئەمڕۆ هەیە هەموو بەکاربهێنرێتو دوای پێنج ساڵ هیچ بڕێک نەمێنێتەوە، ئەمە پلانێکی ڕاست نییە، دەبێت نەوت بەشێوەیەک دەربهێنرێت کە بڕی دەرهێنانی گونجاوبێت لەگەڵ بڕی یەدەگدا، بەڵام ئەگەر بوترێت نەوتمان هەیەو دەرناهێنینو چاوەڕوانی دەستی بەغداین، ئەوە هەڵوێستێکی نێگەتیڤە بەرامبەر بە سامانە سروشتییەکانو بەرامبەر بەو دەستوورەی پێوەی پابەندین، ئێستا کە زۆربەی نەوتی عێراقی لە بەسرە دەردەهێنرێت، ناکرێت بوترێت پێویستە بەسرە تەنیا بەشی خۆی نەوت دەربهێنێت، ئێمە بڕیارێکمانداوە لەم وڵاتەدا بەیەکەوە بژینو بەهاوبەشی سوود لە سامانی وڵاتەکە وەربگرین، ئەمەش دەوەستێتە سەر ڕێژەی دانیشتووان لەسەر ئاستی عێراقو هەر بەشێک بەپێی ڕێژەی دانیشتووانەکەی سوود لە داهاتەکە وەردەگرێت، ئەو ناوچانەی کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشووی عێراقدا زیانیان بەرکەوتووە، دەبێت لە داهاتی نەوت قەرەبووبکرێنەوە، دیارە هەرێمی کوردستان لە هەموو ناوچەیەک زیاتر زیانی بەرکەوتووەو دەبێت قەرەبووبکرێتەوە، لێرەشدا ناکرێت ئێمە بڵێین نەوتی هەرێم دەرناهێنینو لەوەی ئێوە دەبەین، بەڵام دەبێت ئەو پلانەی کە دادەڕێـــژرێـــت لەسەر بنەماو پرەنسیپی گەشەپێدانی بەردەوام بێت، ئەم پرەنسیپەش بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکانە بۆ پـــڕکـــردنـــەوەی پێویستییەکانی ئەمڕۆ، بەمەرجێک سازش نەکرێت لە توانای نەوەکانی ئایندە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان، نەک هەر ئەمە بگرە ئەو داهاتەش کە لە نەوتەکە دەستدەکەوێت، ناکرێت لەبواری بەکاربردندا خەرج بکرێت، بەڵکو ئەو نەوتە کە هی نەوەی ئەمڕۆو نەوەی ئایندەیە، کاتێک نەوەی ئەمڕۆ دەریدەهێنێت، دەبێت شتێکی لە بەرامبەردا بۆ نەوەی ئایندە جێهێشتبێت.

**ڕۆژنامە: ئەوەندەی تێبینیتان کردبێت لە هەرێمی کوردستاندا تا چەند بەپێی ئەم پرەنسیپە کارکراوە لەبواری نەوتدا؟**

* ئێمە لەبواری دەرهێنانی نەوتدا هێشتا لە سەرەتاداین، لەگەڵ ئەوەشدا پابەندین بە کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆییو دەرەکی کە کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، یەکێک لەو هۆکارانە شوێنی جوگرافیی هەرێمی کوردستان، کە جوگرافیایەکی داخراوەو بە چەند دەوڵەتێک دەورەدراوە، بمانەوێتو نەمانەوێت ناچنە خانەی ئەو دەوڵەتانەی کە دەتوانین دۆستی کوردیان پێبڵێین، چونکە هەریەک لەو وڵاتانە دەستی بەسەر بەشێک لە کوردستاندا گرتووەو بەگومانەوە تەماشای ئەزموونەکەی ئێمە دەکـــات، ئێمە لە بارودۆخێکی ئاساییدا کارناکەینو ئەزموونێکمان لەم بارەدا نییەو دەبێت چاوەڕوانی ئەوەش بکەین کە لایەنێکی دیکە هەیە بەربەرەکانێمان دەکات کە ناوەندی عێراقە، لێرەوە من نامەوێت بڵێم سەد لەسەد لەم بوارەدا سەرکەوتووبووین، بەڵام هەندێک لەو هەنگاوانەی دەنرێت یان نراون، لەگەڵ ئەو پرەنسیپەدا دەگونجێن.

**ڕۆژنـــامـــە: ئـــەگـــەر داهـــاتـــی نەوتی هەرێمی کوردستان لە بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستاندا بەکارنەهێنرێتو لەبواری بەکاربردندا سوودی لێوەربگیرێت، دەتوانرێت بگوترێت سیاسەتی نەوتی ئێمە سیاسەتێکی سەرکەوتووە؟**

* بێگومان نەخێر.

**ڕۆژنامە: دەبێت حکومەتی هەرێم لێرەدا چی بکات، کامانەن باشترین ئەو بوارانەی دەبێت داهاتی نەوتەکەیان تێدا خەرج بکرێت؟**

* ئەو بوارانەی دەبێت داهاتی نەوتەکەیان تێدا بەکاربهێنرێت زۆرو هەمەلایەنەن، ناتوانین بڵێین لەم بوارەدا یان لەم کەرتەدا پێویستە کاربکەینو کەرتێکی دیکە فەرامۆش بکەین، ئێمە کەموکورتیمان لە هەموو لایەنێکدا هەیە، کشتوکاڵی پێشکەوتوومان نییە، کەواتە ئاسایشی خۆراکمان نییە، لەبەرئەوە دەبێت لە سەرەتادا بایەخ بە کەرتی کشتوکاڵ بدرێت، بۆئەوەی لانیکەم بڕێک لە پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان لە خۆراک دابین بکرێت، لەبواری پیشەسازیدا بە بۆچوونی خۆم کاتی ئەوە نییە ئێمە بیر لە پیشەسازیی گەورە بکەینەوە، چونکە ئێستا ئەمە لە توانای ئێمەدا نییەو ناتوانین بەربەرەکانێی دەوڵەتان بکەین کە ئەزموونێکی دووروودرێژیان لە بوارەکەدا هەیەو مارکەکانیان ناوبانگی دەرکـــردووە، بـــەڵام لانیکەم دەبێت بایەخ بە کۆمەڵێک پیشەسازیی بدرێت کە پشت بە کەرەستەی ناوخۆ دەبەستێت، وەک پیشەسازیی خۆراک، یان پیشەسازییە سوکەکان بۆئەوەی بتوانێت پێداویستییەکانی بازاڕی خۆماڵی دابین بکات، چونکە دەبێت لە بازاڕی خۆمالییەوە بۆ بازاڕی جیهانی بگوازرێتەوە، ئێمە بنەمایەکی گرنگی گەشتوگوزارمان هەیە، لەبەرئەوە دەبێت ئەم بوارە ببوژێنرێتەوە، هەرێمی کوردستان زۆر لەبارە ببێتە شوێنێکی گەشتوگوزاریی گرنگ، بەلای کەم بۆ عێراقییەکان، ئەگەر بۆ خەڵکی دەرەوەش نەبێت لەئێستادا. ئەو بارودۆخەی لە باشوورو ناوەڕاستی عێراق هەیە لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە نەک لەڕووی ئەمنییەوە، لەگەڵ چالاکیی گەشتوگوزاریی لە باشوورو ناوەڕاستو باشووری عێراقدا، بە بەراورد لەگەڵ هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک بنەمای گرنگی هەیە بۆ گەشەپێدانی ئەم کەرتە. بۆ زانیاریت گەشتوگوزار لەمڕۆدا یەکێک لەو چالاکییە سەرەکیانەی کە ١١٪ی خەڵکی جیهان بەشداری لە گەشتوگوزاریی نێودەوڵەتیدا دەکات، ٤٤٪ی خەڵکی جیهان بەشداری لە گەشتوگوزاریی ناوخۆییدا دەکەن، ئەگەر هەردوو ڕێژەکە کۆبکەینەوە، دەردەکەوێت کە ٥٥٪ی هەموو خەڵکی جیهان بـــەشـــداری لە گەشتوگوزاری ناوخۆییو دەرەکیدا دەکەن، کەواتە ئەگەر جیهان شەش ملیار کەس بێت، زیاتر لە سێ ملیار کەس خەریکی گەشتوگوزارە، کەواتە چ چالاکییەک هەیە بەم ڕێژە بەرفراوانە بەشداریکردنی تێدا هەبێت، کەواتە ئەو کەرتانەی دەبێت داهاتی نەوتیان بۆ بەکاربهێنرێت، تەواوی کەرتەکانن‌و ناکرێت هیچ کامێکیان فەرامۆش بکرێن.

**ڕۆژنامە: پێتوانییە دەبێت هاوسەنگی بکرێت لەو بڕە نەوتەی لە هەرێمی کوردستانەوە تێکەڵ بە داهاتی عێراق دەبێت، لەگەڵ ئەو بڕە نەوتەی لە عێراقەوە دێتە سەر داهاتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراقدا؟**

* ئەو بڕەی لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێنرێت، زۆر کەمترە بە بـــەراورد لەگەڵ ئەو بڕە نەوتەی لە عێراق بەرهەم دەهێنرێت، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاند کە دوو ملیۆن‌و چوار سەد هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرهەم دەهێنین، ئەگەر تائێستا (٦٠٠) هەزار بەرمیل نەوت لەناو عێراق بەکاربێت کە توانای پاڵاوگەکانی عێراقە، هێشتا عێراق ملیۆنێک‌و هەشتسەد هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا ڕەوانەی دەرەوە دەکات، ئەمە ئەگەر بەراورد بکرێت بە سەد هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم، دەردەکەوێت کە یەک لەسەر هەژدەی نەوتی عێراقە، کەواتە نەوتی هەرێم ڕێژەیەکی کەم پێکدەهێنێت لە بڕەکەی عێراقدا، بەڵام ئەو داهاتەی لە نەوتی ئێرەو ئەو داهاتەی لە نەوتی ئەوێ دەستدەکەوێت، دەبێتە داهاتێک بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت بەیەکەوە بەکاربێن.

**ڕۆژنامە: پێتوایە گرنگترین هەنگاوێک حکومەتی هـــەرێـــم لە مامەڵە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بیگرێتەبەر کامەیە؟**

* هـــەوڵـــبـــدەیـــن یـــاســـای نـــەوت‌و گاز جێبەجێبکرێت، لەگەڵ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی تایبەت بە ناوچە دابڕاوەکان، ئەگەر ئەم دوو پرسە یەکلایی بکرێنەوە، دەتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە بە چ شێوەیەک کار لەسەر نەوتی هەرێمی کوردستان بکەین‌و چۆن مامەڵە لەگەڵ عێراقیش بکەین.

**پرۆفایل:**

**د.ئازاد نەقشبەندی**

**– ساڵی ١٩٤٨ لە بیارە لەدایکبووە**

**– بەشی جوگرافیای لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە**

**– لە زانکۆی سۆفیا لە بولگاریا پلەی دکـتـۆرای لـەبـواری نەوتی عێراقدا بەدەستهێناوە**

**– لە (١٩٧١– ١٩٩١) لە زانکۆی بەسرە مامۆستا بووە**

**– لە ١٩٩١ تائێستا مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەدین.**

**...دانی پیشەسازیی نەوت لە ناوچەکەدا، بەڵام تائێستا ...سبەر بە کورد لە عێراق کراون، ڕاست بکرێنەوە، تائێستا ... لە کەربەلاو ئەوی دیکەیان لە ناسریە، یەکێکیان توانای ... ئەوی دیکەیان توانای (٣٠٠) هەزار بەرمیل نەوتە لە ... شارە کوردییەکاندا پاڵاوگەیەکی لەوشێوەیە هەبێت**

## سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی ئۆپیک و وەزیری وزەی جەزائیر: ئەگەر نرخی نەوت بگاتە (٩٠) دۆلار، بازاڕی جیهانی جێگیر دەبێت

## پرۆفیسۆر د.ئازاد نەقشبەندی:

# ئەو نەوتەی هەرێمی کوردستان دەریدەهێنێت یەک لەس

سازدانی: رێبین فەتاح

**پرۆفیسۆر د.ئازاد نەقشبەندی، خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا لە پیشەسازیی نەوتی عێراق (دەرهێنان و پاڵاوتن)، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە رەوانەکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، خاڵێکی پۆزەتیڤە، بەڵام دەبێت داهاتی نەوتەکە لە گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووریدا خەرج بکرێت، نەک لەبواری بەکاربردندا.**

**رۆژنامە: رۆژی ٦/١ بۆ یەکەمجار نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێگای تورکیاوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کرا، چۆن خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەم پرۆسەیە هەیە؟**

* هەنگاوێکی گرنگ و پۆزەتیڤە، ئەویش لە چەند لایەنێکەوە، یەکێک لەو لایەنانە ئەوەیە کە ناردنە دەرەوەی نەوتەکە بە بڕیارێکی کوردی بووە، پێشتر کورد خاوەنی هیچ بڕیارێک نەبووە لە ناردنە دەرەوەی سامانە سروشتییەکانی خۆیدا تا خۆماڵیکردنی نەوت، تەنانەت حکومەتی عێراقیش خاوەن بڕیار نەبووەو پلان و بڕیارەکان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بوون، کۆمپانیاکانیش بەردەوام لە هەوڵی دابەزاندنی نرخی نەوتدا بوون، چونکە بە کۆمپانیایەکی سەر بە خۆیان دەفرۆشت و ئەمەش لە قازانجی خۆیاندا بووە، لایەنێکی دیکە ئەوەیە کە بمانەوێت و نەمانەوێت داهاتی نەوت بۆ هەموو گەلی عێراقە، لەکاتێکدا بەردەوام گەلی کورد بەوە تۆمەتبارکراوە کە کورد دەیەوێت نەوت دەربهێنێت بۆئەوەی خۆی جیابکاتەوە، بۆئەوەی دەستووری عێراق پێشێل بکات، بەڵام بەم کارە هەرێمی کوردستان پەیامێکی ئاراستەی عێراق کرد کە پابەندە بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقەوە، رەنگە ئەم پەیامە رەنگدانەوەی هەبێت لەسەر چاککردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدادا، ئەگەر چەند رۆژ لەمەوبەر پرێس کۆنفرانسەکەی وەزیـری نەوتی عێراقتان سەرنجدابێت، شێوازی قسەکردنی گۆڕابوو بە بەراورد لەگەڵ شێوازی قسەکردنی لەپێشتردا، جگە لەوەی ئەمرۆ هەموو جیهان بەدەست قەیرانی ئابوورییەوە دەناڵێنێت، هەر زیادبوونێکی نەوت کە رەوانەی دەرەوە دەکرێت، داهاتی عێراق زیاد دەکات، بەمەش ئەو کورتییەی لە بودجەی عێراقدا دێت، بەهۆی فرۆشی نەوتەکەوە پڕدەکرێتەوە. لە ئێستادا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ئابووری خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت، ئەگەر ئێمە بنەمای ئابووریمان بەهێزبێت، دەوڵەتانی دیکە بە چاوێکی دیکە تەماشای هەرێمەکە دەکەن، ئەمەش نەک لەپێناو ئێمەدا، بەڵکو لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەو هەرێمەدا، کەوابێت ناردنە دەرەوەی نەوت بۆ بازاڕی نێودەوڵەتی، بەتایبەت بە رێگای تورکیا، ئەو دراوسێیەی کە زۆر زۆر لەڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، ئەمە هۆکارێک دەبێت بۆئەوەی هانی حکومەتی تورکیا بدات بە چاوێکی دیکە سەیری هەرێمی کوردستان بکات، لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا کارکردنی کۆمپانیاکان لەبواری نەوتدا لە هەرێمی کوردستان، وادەکات کە سەرمایەی بیانی بێتە کوردستانەوەو ئەمەش ژێرخانی ئابووری پێ دەبووژێتەوە.



**رۆژنامە: بەڵام باس لەوەدەکرێت کە ئەگەر هانی کۆمپانیاکان بدرێت پاڵاوگەی نەوت لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێنن، هەنگاوێکی پۆزەتیڤترە، دەتوانن ئەمە شیبکەنەوە؟**

* ئەمە زۆر گرنگە، بەپێی ئەو زانیاریانەش کە دزەیان کردووەتە ناو راگەیاندنەکان، لە گرێبەستە نەوتییەکاندا هاتووە کە کۆمپانیاکان پاڵاوگەی نەوت لێرە دابمەزرێنن، یەکێک لەو پاڵاوگانە رۆژانە توانای نزیکەی (٦٠) هەزار بەرمیل نەوتی دەبێت، ئەمە پێداویستییەکانی سووتەمەنی هەرێمی کوردستان تاڕادەیەکی باش دابیندەکات، دەبێت ئەوە بزانین تا ساڵی ١٩٧٣ لە هەموو هەرێمی کوردستاندا بە کەرکوکیشەوە، تەنیا یەک پاڵاوگە هەبوو کە توانای بەرهەمهێنانی لە رۆژێکدا تەنیا (٣) هەزار بەرمیل نەبوو، لەدوای ١٩٧٣وە پاڵاوگەیەکی دیکە لە کەرکوک دروستکرا کە لە رۆژێکدا توانای پاڵاوتنی (٣٠) هەزار بەرمیل نەوتی هەبوو، بەڵام لە هەرسێ پارێزگای هەولێرو دهۆک و سلێمانیدا تائێستا تەنیا یەک پاڵاوگە بوونی نییە. بەڵام لە شوێنێکی وەکو پارێزگای سەلاحەدین دوو پاڵاوگە هەیە کە توانای پاڵاوتنیان لە رۆژێکدا زیاتر لە (٣٠٠) هەزار بەرمیل نەوت دەبێت، لەکاتێکدا لە پارێزگای سەلاحەدین یەک بەرمیل نەوت دەرناهێنرێت، حکومەتی عێراقی لەسەر نەوتی کەرکوک توانی لەسەر پێی خۆی بوەستێت، پاڵاوگەیەکی پێ رەوا نەبینیوە، پاڵاوگەکانی دیکەش لە بەسرەو دۆرەو حەدیسەو ئەو شوێنانەن، لە پلانی نوێی وەزارەتی نەوتی عێراقدا بڕیارە پاڵاوگەیەک لە کەربەلا بکرێتەوە کە رۆژانە (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوت بپاڵێوێت، هەر لەم مانگەدا وەزارەتی نەوت خەریکی بۆندێک بوو بۆئەوەی پاڵاوگەیەک لە ناسریە دابنێت.

**رۆژنامە: پێتوایە حکومەتی عێراق لە بەرنامەی خۆیدا جیاوازیی لەنێوان هەرێمی کوردستان بە شارە کوردییەکانیشەوە لەگەڵ شارەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراقدا دەکات؟**

* پێش رووخـانـی رژێـم سیاسەتێکی بـاڵای حکومەتێکی نـاوەنـدی خـوازیـاری ئەوەبووە کورد نزیکی هیچ لایەنێکی نەوت نەکەوێتەوە، هەمیشە هەوڵدراوە کورد لە ناوچە نەوتییەکان و کارکردن لە پیشەسازیی نەوتدا دووربخرێتەوە، خۆم شایەتحاڵی رووداوێکم لەمبارەیەوە، لە شوباتی ١٩٧٤ قوتابی دکتۆرا بووم لە زانکۆی سۆفیا لە بولگاریا، شاندێکی حکومەتی عێراقی سەردانی بولگاریای کردبوو، سەرۆکی شاندەکە (نەعیم حەداد) بوو، قوتابییەکی عەرەب پرسیاری ئـەوەی لێکرد کە گوایە حکومەتی عێراق (٢٠٠) کرێکاری کوردی لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک دەرکردووە، (نەعیم حەداد)یش وتی: «ئێمە نەک (٢٠٠) کرێکاری کورد لە کۆمپانیای نەوت دەردەکەین، ئێمە لەبەر نەوتی کەرکوک هەموو کورد لە کەرکوک دەردەکەین». ئەم سیاسەتە لەدوای ٢٠٠٣-ەوە بەداخەوە تائێستا جۆرە بەردەوامییەکی هەیە، بەڵام لەوانەیە پاساویشی هەبێت، وەک ئەوەی کە حکومەتی هەرێم بەرپرسە لە دامەزراندن و گەشەپێدانی پیشەسازیی نـەوت لە ناوچەکەدا، بەڵام تائێستا هەوڵنەدراوە ئەو سیاسەتە هەڵانەی لە رابردوودا بەرامبەر بە کورد لە عێراق کراون، راست بکرێنەوە، تائێستا بڕیاری کردنەوەی دوو پاڵاوگەی نەوت دراوە، یەکێکیان لە کەربەلاو ئەوی دیکەیان لە ناسریە، یەکێکیان توانای بەرهەمهێنانی (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوتە لە رۆژێکدا، ئەوی دیکەیان توانای (٣٠٠) هەزار بەرمیل نەوتە لە رۆژێکدا، لە بەرامبەریشدا پلانێک نییە بۆئەوەی لە شارە کوردییەکاندا پاڵاوگەیەکی لەوشێوەیە هەبێت.

**رۆژنامە: خوێندنەوەیەک هەیە کە رەوانەکردنی نەوت لە رێگای تورکیاوە کاردانەوەی خراپی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و حکومەتی هەرێم دەبێت، ئێوە چاوەڕوانی کاردانەوەیەکی لەمشێوەیە دەکەن؟**

* ئەو دەوڵەتانەی لە هەرێمەکەدا هەن، هەریەکەیان کێبڕکێی یەکتر دەکەن و ئەمەش شتێکی رەوایە، بەڵام ئایا ئێران رێگای ئەوە دەدات نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێگای ئێرانەوە رەوانەی دەرەوە بکرێت، جگە لەوەی کە جیاوازیی لەنێوان رەوانەکردنی نەوت بە رێگای تورکیاو ئێراندا هەیە، ئێمە کە نەوت لە رێگای تورکیاوە رەوانە دەکەین، لە بازاڕەکانی ئەوروپای نزیک دەکەینەوە، نرخی نەوت لەسەر دەریای ناوەڕاست هەمیشە بەرزترە لە نرخی نـەوت لە کەنداو، کەواتە ئەگەر نەوتەکە لە رێگای ئێرانەوە رەوانە بکرێت، هەرێمی کوردستان زیان بەخۆی دەگەیەنێت، ئێران خۆی دەوڵەتێکی نەوتییەو یەکێکە لە دەوڵەتە گەورەکانی جیهانیش لەڕووی گازی سروشتییەوە، ئێران دەوڵەتێک نییە پێویستی بە نەوت هەبێت، کەواتە تورکیا دەوڵەتێکە پێویستی بە نەوتەو ئێران ئەو پێویستییەی نییە، دەتوانرێت تورکیا بکرێت بە بازاڕی نەوتی کوردستان، بەڵام ناتوانرێت ئێران بکرێتە ئەو بازاڕە.

**رۆژنامە: زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە**

> **حکومەتی هەرێم بەرپرسە لە دامەزراندن و گەشەپێ**
> **هەوڵنەدراوە ئەو سیاسەتە هەڵانەی لە رابردوودا بەرا**
> **بڕیاری کردنەوەی دوو پاڵاوگەی نەوت دراوە، یەکێکیان**
> **بەرهەمهێنانی (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوتە لە رۆژێکدا،**
> **رۆژێکدا، لە بەرامبەریشدا پلانێک نییە بۆئەوەی لە**

## (٩٠٪)ی پەرلەمانتارانی عێراق مووچەی پاسەوانی وەهمی بۆخۆیان وەردەگرن

## کەرتی تایبەت ٤٠ پرۆژەی جێبەجێکردووە

# «تائێستا حکومەت گرنگیی بە کەرتی گەشتوگوزاریی نەداوە»


سەیرانگای دوکان یەکێک لە شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان

ستارە عارف

حکومەتی هەرێم تائێستا خاوەن پلان‌و سیاسەتی تایبەت بە کەرتی گەشتوگوزار نییە، نەتوانراوە وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات سوود لەم کەرتە وەربگرێت.

هەرچەندە تائێستا ئامارێکی وردنییە سەبارەت بە ژمارەی ئەو گەشتیارانەی دێنە هەرێمەوە، بەڵام زۆربەی ئەو گەشتیارانە لەخوارووی عێراقەوە دێن، بەڕێوەبەری گشتوگوزاری سلێمانی باس لەوەدەکات کە «کەرتی تایبەت (٤٠) پرۆژەیان جێبەجێکردووەو حکومەت گرنگیی نەداوە بەم کەرتە».

بەڕای شارەزایانی ئابووری، کەرتی گەشتوگوزار نەوتێکی هەمیشەییە بۆ وڵاتو هێشتا کوردستان لەم رووەوە بەدەرەوە نەناسێنراوە، لەوبارەیەوە موسا محەمەد، مامۆستا لە کۆلێژی بەڕێوەبردن‌و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین، وتی: «کەرتی گەشتوگوزار نەوتێکی هەمیشەییە بۆ وڵات، هێشتا کوردستان لەم رووەوە بەدەرەوە نەناسێنراوە، وەزارەتی گەشتوگوزار لێی بەرپرسیارە کە پێویست بوو لیژنەیەکی لەم بارەیەوە هەبوایە».

ئەو پسپۆڕی ئابوورییە ئاماژەی بەوەکرد کە پرۆژەی گەشتوگوزاریی لە هەرێمدا کەمەو لە زۆر بوارەوە ماویەتی، هەرێمی کوردستان ساڵانە دەتوانێت (٥- ٦) ملیۆن داهاتی لەم کەرتەدا هەبێت، هەروەها وتیشی: «ئەگەر گرنگیی بە شوێنەوارەکانمان بدرێت، بۆ نموونە ئەشکەوتی شانەدەر کە نزیکەی (١٠٠) هەزار ساڵ پێش ئێستا هەبووەو مرۆڤی نیاندەرتاڵی تێدا ژیاوە، زۆر شوێنی دیکەی کۆنمان هێشتا نۆژەن نەکراوەتەوەو ئامادەنەکراون، دەبێت شوێنی خۆشگوزەرانیی بۆ راکێشانی گەشتیاری بیانی دروستبکرێت».

موسا محەمەد ئەوەی روونکردەوە کە گەشتیار دەبێت بێت‌و ئازادبێت لە گەڕان، دەکرێت کەناری سەیرانگاکانی وەک دوکان‌و دەربەندیخان‌و ئەوانی دیکە بکرێت بە شوێنی گەشتوگوزاریی، وەک ئەو وتی: «نەک لە جێگای ئەوە بکرێت بەشوێنی حکومی‌و حیزبی».

ئەگەرچی تائێستا ئامارێکی ورد نییە لەسەر ئەو کەسانەی کە دێنە کوردستانەوە، بەڵام ئەو مامۆستایەی کۆلێژی بەڕێوەبردن‌و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین، ئەوەی روونکردەوە کە کەرتی گەشتوگوزار نەکراونەتە داهاتێک بۆ کوردستان، وەک وتی: «ئەگەر ساڵانە نزیکەی یەک ملیۆن گەشتیار بێتە کوردستانەوە، نزیکەی (٥٠٠) ملیۆن دینار دەهێننە کوردستانەوە، ئەگەر بۆ ماوەی یەک رۆژ بمێننەوە، ئەگەر (١٠) رۆژ بمێننەوە (٥) ملیار دینار دەهێننە ناوەوە، ئەوکاتە جوڵەی ئابووری زیاتر دەبێت‌و داهاتەکەشی بۆ خەڵکەو ناچێتە بودجەی حکومەتەوە، حکومەتیش دەتوانێت بە باج مامەڵە بکات‌و باج بهێنێتە ناو بودجەی کوردستانەوە».

لە تورکیاو میسرو وڵاتانی دیکە داهاتی گەشتوگوزار بۆ خەڵک دەگەڕێتەوەو هەلی کار دروستدەکات، ئەگەر باجیش نەبێت، حکومەت باج لە کۆمپانیاو تاکەکان وەردەگرێت، لە بنەڕەتدا داهاتی گەشتوگوزار بۆ خەڵکەو ناساندنی کوردستانە بەدەرەوە.

بەڕای موسا محەمەد، حکومەت بەرپرسیارە لە دارشتنی پلانی گەشتوگوزاریی‌و شوێنەوارەکان، لە قەڵای هەولێرەوە تا دەگاتە کڵێسەی مەسیحییەکانی ئامێدی‌و لالش، دەتوانرێت بکرێتە سەرچاوەیەکی گەورەی داهات بۆ خەڵکی کوردستان، ناوبراو وتی: «وەزارەتی گەشتوگوزار بەرپرسیاری دارشتنی سیاسەت‌و پلانی ئەم کەرتەیەو گەڕان بەدوای چارەسەرکردنی کێشەکانداو ناساندنی کوردستان بەدەرەوە، ئەرکی وەزارەتە، ئارامی‌و ئاسایشی کوردستانیش دەتوانێت بنەمایەکی باش بێت بۆ گەشتوگوزار».

مەولەوی جەبار، بەڕێوەبەری گشتی لە بەڕێوەبەرێتی گەشتوگوزاری هەولێر، بۆ رۆژنامە وتی: «تارادەیەک گەشتوگوزار گرنگی پێدراوەو ئوتێل‌و چێشتخانەی زۆر لە هەولێر دروستکراوە، لەڕووی ئاسایشەوە زۆر زەحمەتە گەشتیاری بیانی بێتە ناو هەرێمەوە، چونکە ئەوان بەناوی عێراقەوە دێن، بۆیە ناتوانین ئامارێک بۆ ژمارەی گەشتیارەکان دیاری بکەین».

لەبارەی بوونی فڕۆکەخانە بۆ سەردانی هەرێم، ئاماژەی بەوەکرد کە راستە فڕۆکەخانە هەیە، بەڵام ئەو کەسانەی کە دێنە هەرێمەوە مۆڵەتی عێراقیان بۆ سەردان پێدەدەن‌و هێشتا کوردستان نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی کە کەرتی گەشتوگوزاریی بچێتە پێشەوە، ئەم کەرتە ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتەکان.

دەربارەی بەرپرسیارێتیان لە گرنگینەدان بەکەرتی گەشتوگوزاریی، مهاباد شێخ لەتیف حەفید، بەڕێوەبەری گشتیی گەشتوگوزاری سلێمانی، ئەوەی روونکردەوە کە گەشتوگوزار گرنگەو سەرچاوەی داهاتی وڵاتە، زۆربەی وڵاتانی دەوروپشت‌و جیهان بەشێوەیەکی گشتی پشتیان بە داهاتی گەشتوگوزار بەستووە، لەپێناو بەرزبوونەوەی باری ئابووریاندا، بەڵام وتی: «لە وڵاتی ئێمەدا هەرچەندە لە سەدا سەد هەموو بنەمایەکی گەشتوگوزاریی لە کوردستاندا هەیەو کوردستان شوێنێکی گەشتیاری سروشتییە، پێویستی بە جوانکاریی زیاتر هەیە، وەک پێویست سوودی لێوەرنەگیراوە بۆئەوەی داهاتەکەی بەکاربهێنینەوە».

بەڕێوەبەری گشتوگوزاری سلێمانی باسی لەوەکرد کە کاری زۆریان لەم بوارەدا کردووەو ئەو شوێنانەی بۆ گەشتوگوزار دەشێت، رووپێویان بۆ کردووە، چ بەهۆی ئەندازیارەکانی خۆیانەوە بێت، یان بەهۆی کۆمپانیا بیانییەکانەوە بێت.

بەڵام ئەوەشی وت کە «ژێرخانی ئابووری پێویستی بەوەیە حکومەت ئاوڕێکی لێبداتەوەو هەندێک لە بودجەکەی تەرخان بکات بۆ کەرتی گەشتوگوزار، بەڵام حکومەت زیاتر گرنگی بە کەرتەکانی دیکەی خزمەتگوزاریی وەک ئاوو کارەباو رێگاوبان دەدات‌و گرنگی بە بواری گەشتوگوزار نەداوە، پێویستە ئاوڕ لەم بوارەش بدرێتەوەو گرنگی بە دروستکردنی ژێرخانێک بۆ ئەم بوارەش بدرێت». ناوبراو وتیشی: «هەر لە دروستکردنی شەقام‌و رێگاوبان بۆشوێنەگەشتیارییەکان‌و دابینکردنی ئاوو کارەبا بۆی، بۆئەوەی وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی‌و بیانی بتوانن بێن‌و لە کەرتی گەشتوگوزاریدا وەبەرهێنان بکەن»، ئەگەر گرنگی پێبدرێت لە رێگای فڕۆکەخانەکانەوە ئاسانکاریی بۆ هاتنی وەبەرهێنەرانی بیانی‌و گەشتیاران دەکرێت.

دەربارەی تا چەند وەبەرهێنان لەبواری کەرتی گەشتوگوزاریدا کاریان کردووە، مهاباد شێخ لەتیف وتی: «وەبەرهێنە خۆماڵییەکان کاریانکردووەو نزیکەی (٤٠) پرۆژەی گەشتیاریان لە سنووری سلێمانیدا ئەنجامداوە، کە هەندێکیان تەواوبوون‌و هەندێکیان لەبواری جێبەجێکردندان، لەوانە پرۆژەی ئوتێلی پێنج ئەستێرەیی‌و کۆمەڵگای گەشتیاریی، ئەوەی لەسەر ئێمەیە لە پلان هەموو شتێکمان تەواوکردووە».

لەکۆتایی قسەکانیدا بەڕێوەبەری گەشتوگوزار لە سلێمانی، کەرتی تایبەت‌و کەرتی حکومەتی بە بەرپرسیار زانی لە گرنگینەدان بەم کەرتە.

موسا محەمەد هێمای بۆ ئەوەکرد کەگرنگینەدان بەکەرتی گەشتوگوزار، هەمووومان لێی بەرپرسیارین لە پێشنەکەوتنی کەرتی گەشتوگوزاریی، کاری سەرەکیش دەکەوێتە سەر وەزارەتی گەشتوگوزارو کەرتی تایبەت‌و راگەیاندنەکان.

## بەهۆی بۆردوومانەکانی تورکیاوە زیاتر لە (٥٠٠) دۆنم دارستان لەهەرێمی کوردستان سووتاوە

## سێیەمینجاریانە دێنە کوردستان

# کۆمپانیا ئیتاڵییەکان چۆن باسیان لە پێشانگاکە دەکرد؟

ئارام شێخ وەسانی
هێمن محمد

لە هەولێر بۆ ماوەی چوار رۆژ بە بەشداری (١٣٠) کۆمپانیای ئیتالی، پێشانگایەکی تایبەت کرایەوە لەبواری پیشەسازیی ئۆتۆمبێل‌و بیناسازیی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر، ئەوە سێیەمجارە کۆمپانیاکانی ئیتاڵیا لە هەرێمی کوردستان پێشانگا بۆ کەلوپەلەکانیان دەکەنەوە، بەڵام هاوڵاتییان بەشدارییەکی بەرچاویان نەبووە.

پاولۆ سیمبۆڵینی کۆمپانیاکەی لە بواری دیزانی گشتی کاردەکات، بڕوای وایە خەڵک وەک پێوست نەهاتوون بۆ پێشانگاکە، وتی: «یەکەمجارە بەشداری لە پێشانگایەکی لەوجۆرەدا دەکەم لە هەولێر، پێموایە شتێکی باشە، کۆمپانیاکەی ئێمە لەساڵی ١٩٣٦ەوە دامەزراوە لەبواری دیزانی کۆمپانیاکان‌و دیزاینی گشتیدا کاردەکەین، بەتایبەت ئیشکردن لەگەڵ چیمەنتۆو ئاو، ئەوەی چەندین ساڵە کۆمپانیاکەی ئێمە کاری لەسەر دەکات، جێگای سەرنجە، چونکە ئێمە پێویستمان بە وزە نییە».

هەروەها هیوای خواست کە لە داهاتوودا لقێکی کۆمپانیاکەیان لە کوردستان بکەنەوە، وتی: «هەستدەکەم رێژەی بەشداری خەڵک کەمە».

رۆبن مەگالیان وەک بەشداربوویەکی دیکەی پێشانگاکە، بۆ رۆژنامە باسی لە گرنگیی پێشانگاکە کردو وتی: «گرنگیی گەورەی هەیە، لەو رێگایەوە ئاشنایەتی پەیدا دەبێت، چونکە زۆرینەی خەڵکی خۆرئاوا هیچ زانیارییەکیان نییە سەبارەت بە کوردستان، کە هیچ مەترسییەک نییەو لەڕووی ئەمنییەوە ئارامە، ئەوە ئەزمونێکی زۆر گرنگە بۆ ئێمە، بۆ جارێکی دیکە کارەکان ئاسانتر دەبن».

رۆبن رەخنەی ئەوە دەگرێت کە پێشانگاکە تایبەتمەند نییەو دەڵێت: «کێشەی ئەو پێشانگایە لەوەدایە کە کۆمپانیاکان‌و کەلوپەلەکان زۆر تایبەت جیانەکراونەتەوە، بەوهۆیەشەوەیە رەنگە وەک پێویست خەڵک بەشداری نەکات‌و شتەکان تێکەڵن».

سەبارەت بە بەشداریکردنی کۆمپانیاکەی لە پێشانگاکانی داهاتوو لە کوردستاندا، وتی: «باوەڕناکەم ساڵێکی دیکە کۆمپانیاکەمان بەشداری بکات، ئەگەرچی ئەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی تا چەند کۆمپانیاکەمان سوود لەو پەیوەندی‌و گرێبەستانە دەبینێت لە داهاتوودا»، هەروەها باسی لەوەشکرد کە «هاتن بۆ کوردستان کارێکی ئاسان نییەو تێچوویەکی زۆری دەوێت».

یوسف شەریف، بەرپرسی نووسینگەی سەرەکی ژووری بازرگانی‌و پیشەسازیی سلێمانی، بۆ رۆژنامە وتی: «ئەم پێشانگایە وەک سێیەمین پێشانگای کۆمپانیا ئیتاڵییەکان بەشداریمان تێداکردووە، ئەو کۆمپانیا ئیتاڵیانەی کە هاتوون لە ئاستێکی بەرزدان‌و کۆمپانیای گەورەن».

هەروەها ئەوەی روونکردەوە کە بە بەراورد بەو پێشانگایانەی کە لە سلێمانی کراونەتەوە، ئەو گەرموگوڕی‌و بەشداریکردنە کەمترە، هەروەها وتی: «وەک پێویست ریکلام بۆ ئەو پێشانگایە نەکراوە، ئێمە کە هاتینە ناو هەولێر هیچ ریکلامێکمان لە دەروازەکانەوە نەبینیوە، بەڵام لەلایەنی تەکنیکی تاڕادەیەک باشە، بەشەکان رێکخراون، راستە پێشانگای کۆمپانیا ئیتاڵییەکانە، بەڵام چەند کۆمپانیایەکی ناوخۆییش بەشداربوون».



# ئێران نرخی کارەبای ناحیەی حاجی ئۆمەران زیاد دەکات

بورهان نەوزاد

حکومەتی ئێران نرخی کارەبای ناحیەی حاجی ئۆمەران زیاد دەکات، ئەوەش لەکاتێکدایە بەپێی ئەو گرێبەستەی لەنێوان هەرێم‌و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کراوە، بۆ ماوەی (١٥) ساڵ کارەبا بدرێتە ئەو ناحیەیە کە لەسەری رێککەوتن، بەوهۆیەشەوە هاوڵاتییانی ناحیەکە ناڕەزایی‌و نیگەرانیی خۆیان دەردەبڕن‌و داوا لە حکومەتیش دەکەن کارەبای نیشتمانیان بۆ دابین بکات.

لەوبارەیەوە فەرهاد ئەحمەد، بەرپرسی فەرمانگەی کارەبای ناحیەی حاجی ئۆمەران، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەڕێوەبەرێتی گشتیی دابەشکردنی کارەبای قەزای پیرانشار ئاگاداری یەکەی کارگێڕیی ناحیەی حاجی ئۆمەران دەکات، کە لەمەودوا بۆ هەر یەک کیلۆ وایت لە (٥٣) تمەنەوە بۆ (٧٣) تمەن لە هاوڵاتییان وەربگرن.

وتیشی: «زیادبوونی پارەی کارەبا بە گشتی لە هەموو ئێراندا نرخەکەی زیادکراوە نەک تەنیا لە ناحیەی حاجی ئۆمەران، بەڵام ئێمە لە رێگای قونسولگەری ئێران لە هەولێر لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەداین».

کارەبای ئێران لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦-ەوە راکێشراوە لە قەزای پیرانشارەوە بۆ ناحیەی حاجی ئۆمەران، بە رۆژو شەو کارەبا بە بەردەوامی هەیەو زیاتر لە (٣٠٠) ماڵ سوود لەو کارەبایە وەردەگرن.




## ئێران چەندین بەربەستی گلدانەوەی ئاوی لەخاکی ئێراندا لەسەر سەرچاوەکانی ئاوی ئەڵوەن دروستکردووەو زیانی بە زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکە گەیاندووە

## كۆمپانیا ناوخۆیی‌و بیانییەكان دەیانەوێت لە كەركوك وەبەرهێنان بكەن

# یاسای وەبەرهێنانی عێراقی رێگرە لەبەردەم كاری وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی‌و بیانی

ئارام جەمال
كەركوك

وەبەرهێنەرانی بیانی‌و ناوخۆیی ترسیان هەیە لەوەی سەرمایەكانیان بخەنە پرۆژەوە، گرفتی گەورەی ئیدارەی كەركوكو خاوەن كۆمپانیاكانیشی نەبوونی یاسایاكە كە مافی وەبەرهێنەران دەستەبەر بكات.

هەرچەندە دەیان كۆمپانیای ناوخۆیی‌و بیانی بەنیازی وەبەرهێنانن لەشاری كەركوك، بەڵام ئەو یاسایەی ئێستا گەورەترین رێگرە لەبەردەم كاری وەبەرهێناندا، پارێزگاری كەركوك ئاماژە بەوە دەكات كە حكومەتی عێراق یاسایەكی مۆدێرنی پەسەند كردووەو رەوانــەی ئەنجومەنی نوێنەرانی كــردووە، ئەندامێكی ئەنجومەنی نوێنەرانیش ئەوە روونەدەكاتەوە، كە تائێستا دیارنییە كەی گفتوگۆی لەسەر دەكرێت.

### ئیدارەی شارەكە لەهەوڵی راكێشانی وەبەرهێنەراندایە

پارێزگاری كەركوك ئاماژە بۆ ئەوە دەكات شاری كەركوك لەچاوئەوكرانەوەو پێشكەوتنە بــەرچــاوەی جیهان‌و ناوچەكە لەبواری وەبەرهێناندا بەخۆیەوە بینیوە كەركوك لێی بێبەشە، لەوبارەیەوە عەبدولرەحمان مستەفا پارێزگاری كەركوك بەرۆژنامەی وت: «ئێمە وەك ئیدارەی كەركوك لەهەوڵی بەردەوامداین بۆ هێنانی وەبەرهێنی ناوخۆیی‌و بیانی تا لەبوارە جیاجیاكاندا كاری وەبەرهێنان لەشاری كەركوك ئەنجام بــدەن، چونكە زەمینەی كەركوك لەسەرجەم بوارەكاندا بۆ وەبەرهێنان لەبارەو وەبەرهێنەرانیش ئامادەیی وەبەرهێنانیان تێدایە لەكەركوك».

هەروەها ناوبراو وتیشی: «ئەو یاسایەی ئێستا لەبواری وەبەرهێناندا لەهەرێمی كوردستان كـــاری پێدەكرێت یاسایەكی ســەركــەوتــووەو هــانــدەرە بۆ كۆمپانیاو خاوەنكارەكان تاكو بەوشێوە بەرچاوەی ئێستا لەكوردستاندا وەبەرهێنان لەبوارە جیاجیاكاندا دەكەن».

### یاسا رێگرە لەبەردەم وەبەرهێناندا

ئەو یاسایەی ئێستا لەبواری وەبەرهێناندا كــاری پێدەكرێت یاسایەكی داخـــراوەو هانی وەبەرهێنانی نـــادات، لەوبارەیەوە فـەلاح عەبدولرەحمان سەرۆكی دەستەی وەبەرهێنەرانی كــەركــوك وتــی: «ئێستا لەكەركوكو پارێزگاكانی دیكەی سەربە ئیدارەی مەركەزی عێراق كار بەیاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ دەكرێت، كە یاساكە گەورەترین رێگرە لەبەردەم وەبەرهێنەراندا، بۆ نموونە بەپێی یاساكە حكومەت زەوی نادات بەكۆمپانیای وەبەرهێن، یاخود زەویشی بداتێ لەسەری تاپۆ ناكات».

سەرۆكی دەستەی وەبەرهێنانی كەركوك ئاماژەی بەوەكرد كە ســەرەرای نەبوونی یاسایەك كە هانی وەبەرهێنان بدات، دەیان گرفتی دیكە رووبــەرووی وەبەرهێنەران بــووەتــەوە، وەك وتــی: «وەكــو كێشەی موڵكداری كە زەوییەكانی كەركوك زۆربەیان كێشەی موڵكداریان لــەســەرەو یەكلایی نەكراونەتەوە، ژێرخانی كەركوك زۆر لاوازە وەكو پرۆژەكانی كارەباو ئاوو...هتد، بانكی وەبەرهێنانی بەهێز نییە تاكو وەبەرهێنەران پشتی پێببەستن».

وتیشی: «ناكرێت وەبەرهێنێك بۆنموونە لەئەمریكاوە هاتبێت پشت بەبانكێك لەوڵاتەكەی خۆی ببەستێت، هەروەها كۆمپانیاكانی دڵنیایی زۆر لاوازن‌و وەبەرهێنەران ناتوانن پشتی پێ ببەستن بۆ نموونە وەبەرهێنێك بەملیۆنان دۆلار دەكاتە كارەوە پێویستی بەتەئمیناتە كە بۆی بكرێت».

فەلاح عەبدرەحمان ئەوەشی روونكردەوە، كە فەرمانگەكانی حكومەتیش وەك پێویست كارەیاساییەكانی وەبەرهێنەران رایی ناكەن‌و رۆتینات هەیە، هــەروەهــا وتــی: «كاتێك وەبەرهێنێك داوای مۆڵەتی وەبەرهێنان دەكات پێویستە لەماوەی (٤٥) رۆژدا كارەیاساییەكانی تەواو بكرێت، بەڵام دواكەوتنی كارەیاساییەكان لەفەرمانگەكانی دیكەی حكومەتدا كاری وەبەرهێنەران دوادەخات».

### وەبەرهێنەران لەبەگەڕخستنی سەرمایەكانیان دەترسن

فەرهاد محەمەد ئەندامی ژووری بازرگانی كــەركــوكو خــاوەن كـــار، لــەبــارەی كاری وەبەرهێنەران لەكەركوك بەرۆژنامەی وت: «بەهۆی ئەو یاسایەی ئێستا هەیە وەبەرهێنەران لەدامەزراندنی پرۆژەی وەبەرهێندا ترسیان لە لەناوچوونی سەرمایەكانیان هەیە، چونكە هیچ زەماناتێكو دەستگیرۆیی لەلایەن حكومەتەوە نییە، سەرەرای ئەوەی یاسای وەبەرهێنان لەعێراقدا زۆر دواكەوتووەو لەگەڵ سەردەمدا ناگونجێت».

فەرهاد محەمەد باسی لەوەكرد، كە ئەو كارانەی ئێستا لەكەركوك وەبەرهێنەران ئەنجامی دەدەن پـــرۆژەی بچووكن‌و ئــەو زەویــانــەشــی كە وەبــەرهــێــنــەران بۆ پرۆژەكانیان بەكاریانهێناوە موڵكی خۆیانە، وەك وتی: «چونكە رێــژەی زیاتر (٨٠٪)ی زەوییەكانی كەركوك موڵكی وەزارەتــی دارایی عێراقەو وەبەرهێن ناتوانێت بەكاری بهێنێت، جگەلەوەش خــاوەن كۆمپانیاكان تەنیا لەچوارچێوەی پرۆژەكانی پەرەپێدانی هەرێمەكان ئەركی جێبەجێكاری ئەو پرۆژانە لەئەستۆ دەگرن، لەكاتێكدا كە ئەو پرۆژانە ناچنە بواری وەبەرهێنانەوە».

### یاسایەكی نوێ لەلایەن حكومەتەوە پەسەندكراوە پێویستی بەدەنگی پەرلەمانە

پارێزگاری كەركوك دەڵێت: «بەهۆی كــەمــوكــورِی ئــەو یــاســایــەی ئێستاو داواكـــاری زۆری ئــیــدارەی پارێزگاكان‌و هاتنی وەبەرهێنەرە ناوخۆیی‌و بیانییەكان بەمەبەستی داواكردنی كاری وەبەرهێنان، ئێستا ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق یاسایەكی مۆدێرنی پەسەندكردووە، كە هەموو ئەو مافانە دەدات بەوەبەرهێن كە پێویستیانەو یاساكە رەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق كراوە تاكو دەنگی لەسەر بدرێت بۆ كارپێكردن».

پارێزگاری كەركوك لــەورِووەوە برِوای خۆی نیشاندا بەوەی، «ئەگەر ئەو یاسایە پەسەند بكرێت بەسەدان كۆمپانیای ناوخۆیی‌و بیانی روو لەكەركوكو شارەكانی دیكەی عێراق دەكەن، بەمەبەستی وەبەرهێنان لەسەرجەم بوارەكاندا، ئەمەش رۆڵی بەرچاوی دەبێت لەئاوەدانكردنەوەی شارەكەدا».

### نادیاری گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەیاساكە لەئەنجومەنی نوێنەران

حاكم ئەحمەد ئەنوەر ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی، ئاماژەی بەوەكرد كە تائێستا دیارنییە كەی گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆژەیاسایە دەكرێت، لەوبارەیەوە وتی: «هەر یاساكەی پێشووترەو دەستكاری كراوەتەوە، تائێستا دیارنییە كەی گفتوگۆی لەسەر دەكرێت، چونكە تائێستا خوێندنەوەی یەكەمی بۆ نەكراوە».

ئــەو ئــەنــدامــەی لیستی هاوپەیمانی لەئەنجومەنی نوێنەران وتیشی: «یاساكە دوو خوێندنەوەی بۆ دەكرێت، هەركاتێك لــەلای ســەرۆكــی كوتلەكانی ئەنجومەن كۆتاییهات دواتر گفتوگۆی لەسەر دەكرێت، چاوەروانكرێت لەم خولەی ئەنجومەندا پەسەند بكرێت، لەبەرئەوەی لەبەرژەوەندی هەموو گەلانی عێراقدایە».



سەرپەرشتیار
محەمەد شێخ فاتح
٠٧٧٠ ١٤١ ٦٠٠٦
ئارا ئیبراهیم
٠٧٧٠ ١٤٥٠ ٩٠٢٢